


# ئیرادەی گەل بڕیاری گەیشتن بە ئازادی




ناسر قازی زادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی( ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ٧

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپیشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پیزاین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی نامیلکەکە ١٥٠ لاپەڕووە ٣٧ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

وێنە لاپەڕی سەرەکی لە کارە جوانەکانی هۆنەرمەندی نیگارکیشی گەورەی کورد کاک ناسری قازی زادە دەستی خۆش هەر بژی بۆ گەل و نیشتمان.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- د. ئاسۆ حەسەنزادە: دەرفەتێکی دەگمەن دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای خەباتی خۆمان ڕابکێشین ............ هەڤپەیڤین: ئارمان حوسێنی ........ ٥

٢- وانیار ئەهوورایی: خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی بە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە هیوادارن ............ هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی ........ ٩

٣- مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردەوە ............ ئاسۆ مێنبەری ............ ١٣

٤- ژن، فەلسەفەی ئازادیی وڵات ............ ئاکام ڕۆژهەڵات ............ ١٦

٥- سیامەند موعینی لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی: دەسەڵاتی ئێران مەجبورە تەسلیم بەئیرادەی گەل بێت ........ ١٩

٦- "کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا" ............ تاهیر قاسمی ............ ٢٩

٧- کوردستان ترپەی دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران ............ د. کامران ئەمینئاوە ........ ٣٥

٨- کورد، بوونە نەک فۆرم ............ کەیوان درووودی ............ ٤٠

٩- ئاوڕدانەوەیک لەسەر شۆڕشی ئێستەی نەتەوەکانی ئێران ............ سۆران شەمسی ............ ٤٤

١٠- ئاماری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی کوردستانی ئێران ............ کوردستان میدیا ............ ٤٩

١١- بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ............ دیبەیت: کاروان مێراوی ........ ٥١

١٢- ئیرادەی جەماوەر لە ئایندەی شۆڕشی ئێراندا ............ عوسمانی حاجی مارف ........ ٥٧

١٣- ڕوانگە جیاوازەکانی ئەمریکا بەرامبەر کورد: ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نموونە ...... زوبێر ڕەسووڵ ............ ٦٠

١٤- زانکۆ و شۆڕش ............ ئەلبورز ڕۆئینتەن ............ ٦٦

١٥- بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران، سەقامگیریی ئەمنییەتیی ئێران دەچێتە قوناغێکی ترەوە؟ ..... ئارمان حوسێنی ...... ٦٩

١٦- لاپەڕەیەک لە هاوخەباتیی شۆڕشگێڕانی بەلووچ و کوردستان ............ قادر وریا ........ ٧٢

١٧- ژیانو مەرگی خۆپیشاندەرە پاڵەوانەکان ............ هاوڵاتی ........ ٧٦

١٨- شۆڕشی پاش ئایدیۆلۆژیا ............ ڕێبوار سیوەیلی ..... ٧٨

١٩- ئەو موعجیزەیەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی دەکەن چییە؟ ............ بەشدار فەرەج .... ٨١

٢٠- ژینا"ی کوردستان و "مەهسا"ی ئێران ............ جەماڵ ڕەسووڵ دنخە ........ ٨٣




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢١- سۆنامی نارەزایەتییەکانی ئێران دانامرکێتەوە ................................. عیماد عەلی ................ ٨٧
٢٢- ڕازی مانەوەمان ............................................................ تیموور مستەفایی .......... ٨٩
٢٣- خومەینی و پەهلەوی؛ تاکتیکی بێ لایەنی ................................ زاهید حەنبەلی ............ ٩١
٢٤- بۆچی ژینا: سڕینەوەی ژنانی کورد و سیاسەتەکانی ئەوان لە ڕاپەڕینەکانی ئێراندا ................................
................................................................................ فەرەنگیس قادری - ئۆزلەم گۆنەر ....... ١٠٤
٢٥- لیستی شەهیدانی ٤ پارێزگەی کوردستان لەم پۆستە زیاد کراوە ............................... قادر وریا ........ ١١٤
٢٦- خەڵکی باشور و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵات ................................ هاوڕێ جەمال .......... ١٢٠
٢٧- ئێران لە ژێر دارشەقی ئەمریکادا! ................................................ ئاسۆ عەبدولەتیف ....... ٢١
٢٨- یەکگرتووییەک کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتەوتر دەبێت ................................ سایتی پەیام ........ ١٢٥
٢٩- دروشمەکان و پرسی نەتەویی لەو ڕاپەڕینەدا ................................ خالید حەسەن پوور ...... ١٢٧
٣٠- ژن ژیان ئازادیی ............................................................ خەلیل غەزەڵی .......... ١٢٩
٣١- ئەمریکا لەبارەی هێرشەکانی ئێران بۆسەر هەرێمی کوردستان: بە تووندی سەرکۆنەی دەکەین ......................
................................................................................ ڕۆژ عەلی زاڵە ........... ١٣١
٣٢- ئاوڕدانەوەیەک لە دوو مانگ شۆڕشی ژینا ................................ عەبدوڵڵا عەبدالی ........ ١٣٥
٣٣- با جاشەکان زیاتر ریسوا بکەین. ((جاشی چەکدار، جاش قەڵەمەکانی سەر بە رژێم، جاش مەلاکانی) ...............
................................................................................ حەمەڕەسووڵ کەریمی ...... ١٣٧
٣٤- سیاست هونەری مومکین و ................................................ برایم جەهانگیری ......... ١٤١
٣٥- ڕوخانی کۆماری ئیسلامی هەم مومکینە و هەم خوازراو و مەتلۆب! ...................... سایتی پەیام ............ ١٤٣
٣٦- سەردەمی بێغیرەتی! ........................................................ د.هەژار عوسمان مەعروف ..... ١٤٥
٣٧- لە گوگوش تا تۆماج یەک ڕووداو دووئامانج ................................ ریبوار عارف .......... ١٤٨





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# د. ئاسۆ حەسەنزادە: دەرفەتێکی دەگمەن دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای خەباتی خۆمان ڕابکێشین



**هەڤپەیڤین: ئارمان حوسێنی**

**ئاماژە:**

جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر، لە پێنجەمین ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە کارەساتبار ناو برد. ئەو لەبارەی یاساکانی پەرەڵاوەردنی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان و هەروەها بێبەشکردنی کورد و نەتەوەکانی تر لە مافەکانیان ڕاپۆرتێکی پێشکێش کرد. جاوید ڕەحمان گوتی مردنی ژینا ئەمینی نیشانەی پێشێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤە لە ئێران و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتوندی لەهەمبەر ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر بە ژنان هەڵوێستی هەبێت.

ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بە ئاماژەدان بەوەی کە ناوی ژینا لە ناسنامەکەیدا بە "مەهسا" تۆمار کراوە، گوتی: حکوومەتی ئێران کوردەکانی لە شوناس و ناسنامەی خۆیان بێبەش کردووە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەر بەهۆی ئەو بێبەشکردنانەوەیە کە نارەزایەتییەکان لە کوردستان بەرفراوانترن.

"کوردستان" بۆ روونبوونەوەی زیاتری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو راپۆریەی جاوید رەحمان وتووێژێکی "کورد کانال" لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادەی بۆ خوێنەرانی بڵاو کردۆتەوە.

**ئارمان حوسێنی:** دوکتور ئەگەر بۆمان روون بکەیەوە گرینگیی ئەم راپۆرتەی جاوید رەحمان رێپۆرتێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا لە چیدایە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** ئەو راپۆرتە کە دیارە راپۆرتێکی زارەکی بوو و پێش زەمینە و کورتەی راپۆرتە نووسراوەکەیەتی کە لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا تەکمیلتر دەکرێ و پێشکەش بە کۆبوونەوەی داهاتووی شوورای مافی مرۆڤ دەکرێ، لە دوو روانگەوە گرینگە: یەکەم، لەباری زەمەنییەوە کە هەروەک دەزانن هاوکاتە لەگەڵ ئەو رووداوانەی لە یەک مانگ و نیوی رابردوودا لە ئێران روویان داوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە وڵامی نارەزایەتی و سەرهەڵدانی رەوای خەڵکی بەشە جۆربەجۆرەکانی ئێران کۆمەڵێک جینایەتی نوێیان ئەنجام داوە. وەدەنگهاتنی راپۆرتۆری نەتەوە یەکگرتووەکان لەو جینایەتانە و پێشنیارەکانی لەبواری جۆری دژکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەو جینایەتانە دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی گرینگی ئەو کارزارە نێونەتەوەییانەی بۆ فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و سزادانی ئەو رێژیمە لەمەودوا وەرێ دەخرێن. دووەم، گرینگیی راپۆرتەکە لە تۆن و ناوەرۆکەکەیدایە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ئەنجامدەری ئەو تاوانانەیە بێگومان لەگەڵ نیهادە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان هاوکاری ناکا و رێکارەکانی ئێستای شوورای مافی مرۆڤیش لەباری کردەییەوە سنووردارن، جاوید رەحمان پێشنیاری کردوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەرکی دادخوازی بۆ ئێرانییەکان وە ئەستۆ بگرێ و بە رێکارگەلێکی تازە و کاریگەرتر ئەو کارە بکا.

لێرەدا ئامانجەکە دوو شتە: یەکەم ئەوە کە لەبەر ئەوەی کاتی دانیشتنی ئاسایی شورای مافی مرۆڤ لە ئێستاوە زۆر دوورە (کۆتایی زستان)، پێویستە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی شورا بەزوویی بەرێوە بچێ. دووەم ئەوە کە لەبەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ریوایەتێکی هەڵەی لەبارەی کوشتنی ژینا ئەمینییەوە تەحویلی خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوە و دواتریش دەیان و سەدان جینایەتی هاوشێوەی دەرهەق بە خەڵکی ئێران ئەنجام داوە، پێویستە مێکانیزمێکی نێونەتەوەیی بەدواداچوون و لێپێچینەوە پێک بێ و ئەمەش کە رێکارێکی حقووقییە دەتوانێ ببێتە بنەمای هەنگاوی سیاسیی نێونەتەوەیی. دیارە دەزانین کە نەک هەر شورای مافی مرۆڤ بەڵکوو ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خودی کۆڕی گشتییش بەرووی دەوڵەتاندا تەنیا دەتوانن تەوسیە بکەن و ئەوە تەنیا ئەنجومەنی ئاسایشە کە دەتوانێ بریارێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیجباری دەر بکا. شورای ئەمنیەتیش لەحاڵەتێکدا کە بەهۆکاری سیاسی فەلەج نەبێ لەسەر بنەمای فەسڵی حەوتەم لە دوو حاڵەتدا دەکرێ بڕیاری وا بدا: یەکیان ئەوە کە ئاشتیی جیهانی پێشێل بکرێ یان هەڕەشەی لەسەر بێ، ئەوی دیکە ئەو شتەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش لە دەرەوەی دەقی مەنشوور و لە پراکتیکی خۆیدا پەرەی پێداوە، واتە حاڵەتێک کە ئاکامە دەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتێک و سەرکوتی خەڵکەکەی لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بە مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی نێونەتەوەیی لێک بدرێتەوە. ئەوەش لەمێژە لەسەر ئێران سیدق دەکا. بەڵام ئەگەر بەهۆکاری سیاسییش (بەتایبەتی ڤێتۆی ڕووسیە و چین) ئەنجومەنی ئاسایش نەتوانێ بڕیار بدا، ئەوەی پێشتر باسمان کرد هەم بۆ باسەکانی نێو ئەنجومەنی ئاسایش و هەم وەک بنەمایەک بۆ هەنگاوی کردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری دانانی مێکانیزمێکی تایبەتیی دادخوازی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت هەنگاوی سیاسیی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کاریگەریی دەبێ. ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی نێوخۆی ئێران دەتوانێ بچێتە فازێکی دیکە و ئەو کارانە بکا کە ئێمە پێشنیاری دەکەین واتە ئەستاندنەوەی شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنی نێودەوڵەتیی ئێران لە کۆماری ئیسلامی و بڕینی هەر جۆرە پێوەندی و هاوکارییەک کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی و سەرکوتی خەڵک کەڵکی لێ وەربگرێ و تەنانەت گرتنەبەری هێندێک هەنگاوی کەموێنە بۆ جێبەجێکردنی چەمکی بەرپرسایەتیی پاراستن و پێشگرتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی زیاتر و بەلێشاوی خەڵک.

**ئارمان حوسێنی**: ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحمان و هەڵوێستە نێونەتەوەییەکانی دیکە چ پەیامێکیان بۆ خۆپێشاندەرانی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران تێدایە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: مانا و پەیامی ئەو ڕاپۆرتە بۆ خەڵکی ئێمە لە کوردستان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران بەتایبەتی بەلوچستان ڕوونە. ئەگەر تا دە ساڵ یا تەنانەت پێنج ساڵ پێش ئێستا کاتێک ڕاپۆرتی ڕاپۆرتۆری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران دەردەچوو دەبوو لە دەقەکەیدا بۆ ناوهێنانی کورد یان ئەو پەڕەکەی یەک دوو دێڕدا بگەڕێین کە لەودا ئاماژە بە کوردستان و سەرکوت و دۆخی خراپی گەلەکەمان لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامیدا کرابوو. ئێستا ئیدی هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحماندا دیتمان نەک هەر بەتایبەتی و بەجیا ئیشارە بە دۆخی کوردستان دەکرێ، بەڵکوو ئەو بابەتە تەوەرێکی سەرەکیی ڕاپۆرتەکەیە کە دەتوانم بڵێم باشترین دەربڕینی تا ئێستای مەقامێکی نێودەوڵەتی بوو لەبارەی کورد لە ئێرانەوە. ئەوەش بەرهەمی کاری بەردەوام و شێلگیریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی وڵاتە کە وەک خۆم سوپاس و دەسخۆشییان پێ دەڵێم. ئەم سەرنجە تایبەتییە بۆ دۆخی کوردستان لە هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکانی دیکەشدا بە ڕوونی دیارە و ئەمە شتێکی تازەیە. لە یەک قسەدا دەتوانم بڵێم پەیامی هەموو ئەو کاردانەوانە بۆ لاوان و ژنان و پیاوانی کورد کە هەر ئێستا لە شەقامەکاندا لە بەرامبەر هێزە سەرکوتکارەکانی ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاوەستاون ئەوەیە بزانن کە ئەوان تەنیا نین و دەنگی وان لە دنیادا دەبیستریٚ و پێویستە بەردەوام بن.

**ئارمان حوسێنی:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چۆن دەتوانیٚ لەو دەرفەتە بۆ گەیاندنی پەیام و ویستی گەلی کورد و گەلانی ژێردەستەی دیکەی ئێران  بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کەڵک وەربگریٚ؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستا باشترین و مەشرووعترین چوارچێوەی کاری هاوبەش بۆ لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆر زەرفییەتی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا هەیە، بەڵام هێشتا لە زۆر بواردا و یەک لەوان لەبواری دیپلۆماسیدا خاوەنی سازوکار و مێکانیزمێکی تۆکمە و کارا نیە. ئەمن هەمیشە گوتوومە و لێرەش دووبارەی دەکەمەوە کە پێویستە کەرەستە و ڕێکاری ئەو ناوەندە زیاتر قووڵ و فراوان بکرێنەوە. بواری دیپلۆماسی و مێدیایی ڕوو بە دنیای دەرەوەی خۆشمان  یەکێک لە گرینگترین بوارەکان بۆ کاری هاوبەشی ئێمەیە بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەی ئەمڕۆدا. لەو نێوەشدا بەکاربردنی هاوبەش و بەبەرنامەی کاناڵە بەردەستە نێونەتەوەییەکان لەبواری مافی مرۆڤدا دەبیٚ بەشێکی ئەم کار و بەرنامانە بیٚ. دەبیٚ بزانین ئەگەر هەتا دوێنیٚ بە هۆکاری سیاسەتی نێودەولەتی زۆر لە دەرگاکانی دنیا بەسەرماندا داخرابوون، لەدوای ئەو دۆخەوە کە لە ئێراندا دروست بووە نەک هەر بۆ کۆی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، بەڵکوو بۆ ئێمە وەک کوردیش دەرفەتێکی بێوێنە دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ پرسی خەباتی خۆمان ڕابکێشین. سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ئەگەرچی زۆر تاڵ بوو و زۆر گیانی بەنرخی لیٚ ئەستاندین، بەڵام بەو کاردانەوە جەماوەری و نێودەوڵەتییانەی کە لێی کەوتۆتەوە، لەڕاستیدا ئێستا لە زۆر گۆشەنیگای سیاسی و ئەمنیەتی و مافی مرۆڤەوە جۆرێک لە شەرعیەت و ئەولەویەت بۆ وەرگرتن و گوێگرتن لە ئازادیخوازانی ئێران و تێکۆشەرانی گەلانی ژێردەستەی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست بووە.

**ئارمان حوسێنی:** زۆر سپاس دوکتور بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** سپاس بۆ ئێوەش

ئەم وتووێژە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وانیار ئەهوورایی: خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی بە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە هیوادارن



**هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی**

**ئاماژە:** لە سەرەتای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی ئەم جارەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە بە شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینا ناوبانگی دەرکردووە، خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاو و جیاوازیان گێڕاوە و وەک ناوبانگی هەمیشەیی خۆی، جارێکی کوردستان وەک سەنگەری خۆڕاگری لە ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە و چاو و قەڵەمی میدیا جیهانییەکان لەسەر کوردستانە.

لەسەر ئەم ڕاپەڕینە ماڵپەڕی کوردستان میدیا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز وانیار ئەهوورایی (ناو خوازراو) چالاکی مەدەنی و یەکێک لە چالاکانی ئەم ڕاپەڕینە پێکهێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشین:

**کاروان مێراوی:** کاک وانیار سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، یەکەم پرسیارمان ئەوەیە؛ لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە کە لەنێو جەرگەی شۆڕشی شارن، ئەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە چەندە ئەگەری سەرکەوتنی یەکجارەکیی هەیە؟ یان بە واتایەکی تر سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینە لە گرەوی چیدایە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**وانیـــار ئەهـــووراِیی**: خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران بەگشـتی، چ ئەوانەی کە لە دەرەوەن و چە ئەوانەی کە لە نێوخۆن، نیسبەت بە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە هیوادار و دڵخۆشن و دڵخوشکەرن. بەڵام ئاکامی ئەم ڕاپەڕینە بە ئیرادە و تێکوشانی خەڵک گرێ دراوەتەوە. ئێستە کە خەڵک لە دوخێکی ئـابووریی نالەبـارن، خەڵک دەبێت هیـوادار بـن و بـۆ ئامانجەکەیان کە ڕزگاریی نیشتمان و ئازادییە، هەست بە ماندووبوون نەکەن و تاکوو سەرکەوتن کۆڵ نەدەن. خوێنـدکاران و بازارییان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەم شورِشەدا بەشدارن، دەبێت هەر دەم بیر لە ئـازادی و ژیـانێکی خۆش بکەنەوە و بۆ داهـاتوویەکی بـاش و گەش لە مانـدووبوونی خۆیـان تێپەڕن. خەڵـک و بەتـایبەت لاوان زۆر پێویسـتیان بە پاڵپشـتی و دڵگەرمی هەیە. کۆبـوونەوە، ڕێپێـوان و ئاکسیۆنەکان لە تـاراوگە و دەرەوەی وڵات وەکوو ئاکسیۆنە پرجەمـاوەری و هەزاران کەسییەکەی شاری بێرلین لە وڵاتی ئاڵمان، کاریگەرییەکی زۆر  باشی هەبـوو بـۆ دڵگەرمی و بەردەوامبـوونی خەڵکی نـاوخۆ لەم ڕاپەڕینە. گرینگتر لەوەیش پاڵپشتیی دەوڵەتەکانە لە خەڵکی کوردستان و ئێران و ئەنجامدانی هەر شتێک کە بتوانن و بۆیـان بکرێت، ئەمەش لەم قۆنـاغەدا ئەرکـی حیزبەکـانە سـەرنجی کۆمەڵگەی جیهـانی بـۆ لای ئەو ڕاپەڕیـنە و خەڵـک و شەقامەکان ڕابکێشن.

بەگشـتی بەردەوامبـوونی خەڵـک لە نارِەزایەتییەکـان و سـەرهەڵدان و چـوڵنەکردنی شـەقامەکان دەتوانێـت سـەرکەوتوویی و ڕزگاریی بەدواوە بێت و خەڵک دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و وڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیک پێک بهێنن.

**کاروان مێراوی**: بە بۆچـوونی بەڕێزتـان هاوئـاهەنگییەکی ئۆرگانیـک لەنێـوان سـەرهەڵدانی شـارەکان لەگەڵ یەکتـردا هەیە؟ ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایە؟

**وانیـار ئەهـووراِیی**: تـا ڕادەیەکـی زۆر ئەم هاوئـاهەنگییە لەنێـوان شـارە جۆراوجۆرەکانـدا دەبینرێـت. ئەم هـاوئـاهەنگییە لە شـارەکانی کوردسـتان و هەروەهـا لە زانکۆکانـدا زۆرتـر لە بەرچـاوە و ئەویـش پـاڵپشـتی و یەکـدەنگی و هـاودڵبوونی یەکتـر دەسەلمێنێت. بەڵام بە جۆرێک گشت شارەکانی ئێران هاوئاهەنگ بوونە و ئەم ڕاپەڕینە هەر ڕۆژێـک لە شـارێکەوە دەبینرێـت. میدیاکان دەبێت هەوڵ بدەن هاوئاهەنگییەکی باش ڕێک بخەن تـاکوو لە هەموو جێگەیەکەوە خەڵـک زۆرتـر لە جاران بێنە سەرشەقام و ڕێژیمیش لە هەموو لایەکەوە سەرقاڵ بێت و نەتوانێت کـونترۆڵی دۆخەکە بکـات و بە سـانایی خەڵـک سـەرکوت بکات.

**کاروان مێراوی**: مانگرتنەکان چ کاریگەرییەکان لەسەر خرۆشانی شەقامەکان هەبوو و ئەم کاریگەرییە چەندە بوو؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**وانیار ئەهووڕایی**: بەشێکی زۆر لە خرۆشانی شارەکان ئاکامی لە مانگرتنەکاندا بوو. بەڵام بەداخەوە شارە فارسنشینەکان لە ناوەندی ئێران کەمتر پێشوازییان لە مانگرتنەکان دەکرد و بە ڕوونی دەرکەوت کە هەر کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مانگرتن هەبووە، دواترەکەی خەڵک بە حەشیمەتێکی زۆرترەوە هاتوونەتە سەرشەقام و بە دوو شێوە زەربەی قورسی لە ڕێژیم داوە و ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی باش و شوێندانەری لەسەر بەردەوامبوونی ئەم ڕاپەڕینە هەبووە و هەیە. هیوادارم ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت.

**کاروان مێراوی**: توندوتیژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان یەکجار زۆرن. بۆچی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و بەلووچستاندا تاوان و جینایەتی زیاتر دەخوڵقێنێت؟

**وانیار ئەهووڕایی**: نەتەوەکانی کورد و بەلووچ لە ئێراندا دوو نەتەوەی ستەملێکراون و بۆ مافی خۆیان زۆرتر خەبات و تێکۆشان دەکەن. خەڵکانی ئەو دوو هەرێمەش باوەڕ و غیرەت و هەستی ئازادیخوازییان زۆرترە و بە یەکجاری و هاوکات بە یەکبوون حەماسە دەخولقێن. لایەنە سیاسی و ئایینییەکان لە کوردستان و بەلووچستاندا بوونەتە هۆی ترسی ڕێژیمی داگیرکەری ئەو دوو هەرێمە و خەڵکیش بە جۆرێک پێبەندی بیروباوەڕی لایەنە سیاسی و ئایینییەکانی کوردستان و بەلووچستانن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی داگیرکەر لە کوردستان و بەلووچستاندا زۆرتر جینایەت و تاوان بخوڵقێنێت تاکوو لاوان لەو بیروباوەڕەی کە لەسەر نیشتمان، لەسەر لایەنە سیاسی و ئایینییەکان و بەگشتی هەستی شۆڕشگێڕییان بە دوور بخاتەوە.

**کاروان مێراوی**: ئەم ڕاپەڕینە دەتوانین بڵێین سەرانسەرییە. چ وێکچوونییەک و جیاوازییەک لەنێوان ڕاپەڕینی خەڵکی کورستان و ناوچەکانی تری ئێراندا دەبینین؟

**وانیار ئەهووڕایی**: بۆ هەموو جیهان سەلمێندراوە کە کورد و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە پێکەوەن و بە چە یەکبوونێکەوە خەریکی ڕاپەڕینن. یەکەم هەنگاویش هەر لە کوردستانەوە دەستی پێ کردووە و دواتر هەمووی ئێرانی گرتەوە. لە کوردستان بە هۆی شەهیدکردنی شەهید ژینا و دواتریش ئەشکەنجە و شەهیدکردنی خەڵکی مافخواز، خەڵک تووڕەتر بوون و هەموو شارەکان پێکەوە بەشداریی ئەم ڕاپەڕینەیان کردووە. باشیش دەرکەوتووە کە توندوتیژی لە کوردستان زۆرتر و بەرچاوتر لە ناوچەکانی تری ئێران بووە.

بەڵام جیاوازییەکان. جیاوازی لە بەشداری خەڵکدایە. لە کوردستان هەموو شارەکان چ شارە گەورەکان و چ شارە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بچووکەکان بەشدارییان کردووە کە چی هێشتا زۆربەی شارەکانی تری دەرەوەی کوردستان تاکوو ئێستە یان بێدەنگن یان زۆر بە کەمی دێنە سەرشەقام و ماوەیەکی زۆر کەم لە شەقام دەمێننەوە، بەڵام لە کوردستاندا لە کاتی سەرهەڵدانی ئەم نارەزایەتییانەوە تاکوو ئێستە بەردەوام لە شەقام، بۆ نموونەش دەتوانین ئاماژە بە شاری سنە بکەین کە یەک رۆژیش شەقامیان چۆڵ نەکردووە. راپەرینی خەڵکی کوردستان کاریگەریەکی زۆری لەسەر ناوچەکانی تری ئێران هەبووە و بێگومان ئەم کاریگەرییەش بەردەوامیش دەبێت. لە کوردستاندا زۆربەی خەڵک بەبێ هیچ جیاوازییەکی رەگەزی،تەمەن و ...، هاوبیر، هاوڕێ و بەشدار بوونە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییە کە لە شارەکانی ناوچەکانی تری ئێران هەیە هێشتە سەری نەگرتووە و ئەنجام نەدراوە.

**کاروان مێراوی**: حیزبە کوردستانییەکان دەورێکی سەرەکییان لەو مانگرتن و راپەرینەکەدا هەیە. لە روانگەی ئێوەوە چاوەڕوانی و داخوازیی خەڵکی راپەریوی رۆژهەڵات لەم قۆناغەی ئێستەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**وانیار نەهوورایی**: ئێستە ئەوان نە ئەبێت بێدەنگ بن و نە بە بەرنامەی زۆریشەوە بێنە مەیدان. ئەوەی کە ئەوان دەبێت لە ئێستەدا بیکەن، پاڵپشتی لە خەڵکی راپەریو و دڵگەرمیدانە بەو خەڵکە. دەبێت شارەزا رێنوێنی خەڵک بکەن و بە باشترین شێوە ئامۆژگارییان بکەن تاکوو کەمتر خوێن برژێت و باشترین دەسکەوتیشمان بێت. داواکاری ئێمە ئەوەیە کە سەرجەم حیزب و لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە هاوبیری بکەن بۆ دارشتنی بەرنامە و پلان توکمە و ئەم ئەرکرش لە ئەستۆی ئەوانە. دەبێت هەموو بۆ یەک ئامانج تێ بکۆشن و پێکەوە هاوئاهەنگ بین.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز نەهوورایی، زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم هەڤپەیڤینەدا، لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە بۆ باسکردن یان هەر پەیامێکتان هەیە بفەرموون!

**وانیار نەهوورایی**: پەیامی من ئەوەیە: ئێستا کاتێکی بە نرخە و هیچ کات ئەم دەرفەتە نەرەخساوە تاکوو خەڵک بەو شێوەیە بە یەکجاری و بەگشتی هاودەنگ بن. بۆیە دەبێت ئەوپەری هەوڵ و تێکۆشان و خەبات بکەین و هەوڵی خۆمان بدەین تاکوو بگەین بە ئاوات و ئامانج. لە هەموو خەڵک و لایەنێک داواکارم کە ئەم جارە بە هیچ شێوەیەک بێدەنگ نەبن و تاکوو سەرکەوتن و ئازادیی هەمیشەییمان کۆتا نەیەن. ئەگەر وا نەبێت دەبێت ئەم رێژیمە داگیرکەرە مرۆڤ و بەتایبەت مناڵکوژە بە کارەسات دەروخێت!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردەوە



ئاسۆ مێنبەری

مەرگ، هەمیشە یەکێک لە وێستگەکانی ژیان بووە کە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان لێوڕێژە لە پرسیار، پرسیارگەلی سەرسووڕهێنەر کە ڕەنگە زۆر جاریش ئاوێتەیەک لە ترس و نیگەرانی بن؛ چونکە لەو ڕووداوانەی ژیانە کە ڕەنگە کەمترین بایەخی پێ بدرێت و کەمترین زانیاریی ڕاستەقینەی لە سەر هەبێت، ڕووداوێک کە وەکوو ئەزموونێکی نەناسراو بۆ هەموو کەسێک ڕوو دەدات و تەنیا شێوازەکەی جیاوازە.

لە هەر باوەڕ و ئایین و کۆمەڵگەیەکیشدا بێگومان پێناسەکردنی مەرگ، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی پارامێترە جیاوازەکانی خۆی پێناسەی بۆ دەکات. لە کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە وەکوو ڕووداوێکی سروشتیی ژیان چاوی لێ بکرێت و بە کۆتاییهاتنی ژیان ناوی لێ ببردرێت، لە کۆمەڵگەیەکیشدا ڕەنگە وەکوو حەق و سەرەتای ژیانێکی دیکە ببیندرێت، بەڵام لە هەر هەموویاندا نەمانی فیزیکیی مرۆڤەکان و بەجێهێشتنی جیهانی ماددی خاڵی سەرەکییە. زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بە مردن پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ جیهان دەپچڕێت و ئەو بوونە لە جیهاندا بۆ هەمیشە دەسڕدرێتەوە.

بەڵام زۆرجار پێناسە و باوەڕ و بایەخەکانی کۆمەڵگە وا دەکەن کە هەندێک مەرگ جا بە هەر هۆکارێک بێت ببنە سەرەتا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ژیانێکی دیکە، نەک ژیانێکی نوێ بۆ خودی ئەو تاکە، بەڵکوو ژیانێکی مەزن کە دەتوانێ مانای زۆر شت بگۆڕێ یان مانا و پێناسەی نوێ بۆ هەندێ شتی تر بێنێتە ئاراوە!

لەم گۆشەنیگایەوە ئەگەر لە مەرگی ژینا بڕوانین دەتوانین ڕێک ئەو پێناسەیەی بۆ بکەین کە توانیی گۆڕانێکی ئێجگار گەورە درووست بکات، مەرگێکی جیاواز بوو کە ڕەنگە ئەزموونەکەی بۆ ژینا قورس و پڕئازار بووبێ و لە هەمان کاتیشدا نەمانی ئازارێکی زۆر گەورەی بە بنەماڵە و دەوروبەرییەکانی گەیاندبێت، بەڵام توانیی ببێتە خاڵێکی دەسپێک، خاڵێک بۆ سەرەتایەکی نوێ، خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویەکی پڕ لە ترس و سڵکردنەوە لە داگیرکەردا کە ڕەنگە ڕووداوێکی تر نەیتوانیبا بەو ڕادەیە بزوێنەر بێ و کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست.

لە فەلسەفەی ژیاندا، مانەوە و هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەم مانەوەیە، پارامێتری سەرەکین، هەموو کردەوەیەک لەو پێناوەدا دێتە ئاراوە کە بتوانێ مانەوە و ژیان مسۆگەر بکات، بۆیە لە چوارچێوەی ژیانی شۆڕشگێرانەشدا هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە مردن لە پێناو ژیانی باشتر جێگای شانازییە، بۆیە زۆر بوون و هەن ئەو کەسانەی کە ئامادەن لەپێناو ژیانی باش و ئازادانەدا، گیان بسپێرن و هەموو گیانفیداییەک بکەن.

ژینا وەکوو هەموو کچەکانی ئەم نیشتمانە حەزی لە ژیان بوو و بە خواستی خۆی باوەشی بە مەرگدا نەکرد، بەڵام مەرگی ژینا توانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا، بە جۆرێک کە سەرەتا کوردستان و دواتر هەموو ئێران و دوای ئەوەش هەموو جیهانی بەنیسبەت دۆخی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو جوگرافیایەدا هەستیار کردەوە.

خاڵی گرینگ لە مەرگی تراژیکی ژینادا، هەستیارکردنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگە بوو، نەوەیەکی نوێ کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ساڵانێکی زۆر پارەی بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی تەرخان بوو، بە دژی خودی ئەو ڕێژیمە هاتە مەیدان و ئەمە کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە مەرگی ژینا، ژینایەک کە نموونەیەک لە هەزاران کەس لەو نەوەیە بوو، ژینایەک کە نوێنەری هەموو خواست و ویستەکانی نەوەیەکی ستەملێکراو بوو کە زۆر بێ‌پەنا و درِندانە و بێ هیچ هۆکارێک بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم شەهید کرا.

پیرۆزبوونی ژیان و ئامادەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دانی گرانترین نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، لەم قۆناغەی دواییدا تەنیا یەک سەرەتای هەبوو، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵگە کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی فیزیکیی ژینا!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێ لە سەر کێلی مەزاری ژینا نووسیان: ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز، پەیامێکیان بە گوێی جیهان گەیاند، ئەویش ئەو پەیامە گرینگە کە مردن کۆتایی نییە و هەندێ جار مەرگ جوانترین سەرەتا و دەسپێکە؛ مەرگی ژینا دەسپێکی شۆڕشێک بوو کە کۆماری تەمەن ١٦ ساڵی هێنایە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر و وای کرد کە کۆمار وا لە ژیان بڕوانێ کە لە هەر شتێک زیاتر ئازادیی خۆش بوێ! کەوایە ئەمە بەو مانایەیە کە ژیان مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە، چیدیکە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران نایانەوێ بە بێ ئازادی بژین هەر بۆیە ئامادەن لەم پێناوەدا، واتە لە پێناوی ژیاندا، بمرن!

مەرگی ژینا، لەو ڕووداوە گرینگانە بوو کە پاش تێپەڕبوونی ٥٠ ڕۆژ، دیسان برینەکەی تازەیە، بۆ سارێژکردنی ئەم برینەش هەر ڕۆژ لە شوێنێکی ئەم کوردستانە گیانفیداییەکی تر ئەکرێت و هەرجار و لە هەر سووچێکی ئەم نیشتمانە چیرۆکێکی تازە لە قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی تۆمار دەکرێت؛ ئێستا چیرۆکی ژیان ئەو چیرۆکە مێژووییەیە کە پێشەکییەکەی بە مەرگی ژینا تۆمار کرا و نێوەڕۆکەکەی پڕ بووە لە وێنەی لەبیرنەکراوی تێکۆشانی بوێرانەی گەل و بێگومان کۆتاییەکەشی بەدەستی ئازادیخوازانی ئەم نیشتمانە بە براوەیی دەنووسرێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن، فەلسەفەی ئازادیی وڵات




**ئاکام ڕۆژهەڵات**

مادام ڕەهەندی سەرەکیی تێکۆشان بۆ ئازادی بە ژن و پرسی ژنەوە دەستی پێ کردووە، دەتوانین لە هەموو بوارێکەوە بە چاوی ئەرێنی و خۆشبینانە سەیری بکەین. ئەگەر بەردەوام ژن ناوەند و چەقی پرۆسەکە بێت، ئیتر لە ڕەوتی چالاکییەکاندا بێجگە لەوەی ویسمان و ڕاوەستان ڕوو نادات بەڵکوو دووپاتەکاری و هەڵە و خەسارەکان کەم و کەمتر دەبێتەوە.

هۆکارەکانی تەندروستیی ئەو ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی ئێستە ئەوەیە کە ڕەگەزێک لە گۆڕەپاندا نییە و ڕەگەزێکی دیکە سەیری بکات، بەڵکوو ژنان و پیاوان وەکوو یەک بەشدارن و هەروەها هەتا کۆتایی و پاشان بەردەوامکردنی ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان، ژنان شەریک و هاوبەشی پیاوان دەبن.

ئەگەر بزاڤ و بیرۆکە و فەلسەفەیەکی سیاسی لە قۆناغەکانی دووهەم و سێهەمدا ژنان بهێننە ناو پرۆسەی کار و تێکۆشانەوە، ئەوە لەوێدا پیاو ئەسڵ و ژن فەرعە و هەروەها بۆشاییی ڕەگەزایەتی بە هەموو شێوازێک بۆ هەمیشە لە ئارادا دەبێت. شکۆدان بە ژن و گەورە و بەڕێزکردنی، چەندە پێوەندی بە پیاوانەوە هەیە، ئەوەندەش ژنان بۆ خۆیان ڕۆڵیان هەیە؛ واتە ژنانی خۆبەکەمزان و تەمبەڵ، نەک ئاستی شکۆ و هەیمەنەیان لە بەرانبەر ڕەگەزی نێرینەدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دادەبەزێت، بەڵکوو دەبنە داردەست و هۆکاری ڕابواردنی پیاوان.

ئەگەر بۆ یەکجار ژنان پلە و شکۆی ڕاستەقینەی خۆیان بە دەست بێنن ئەوە بۆ هەمیشە لە دەستی نادەن، چونکە بەردەوام و نەوە بۆ نەوە پەروەردە و ڕاهێنانەکان درێژە دەکێشێت و سەقامگیری و ئاشتەوایی ڕەگەزی دابین دەبێت. بیرۆکەی ئازاد و لیبراڵی فمێنیستی وەک بەربڵاوترین و ڕێکخراوترین ڕەوتی ژنانە لە جیهاندا بەدوور لە هەر چەترێکی ئایدۆلۆژیکی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە و نەشەدایە، ئەو ڕەوتە لە کوردستان و ئێراندا بەپێی هەلومەرج و واقیعی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هتد، بە شێوەی خۆڕسک و تەندروست لە کوردستانەوە دایک بوو. پشتیوانیی پیاوان لەو بیرۆکە و بزاڤە، هەم بوو بە مایەی دڵگەرمیی ژنان و هەم ئاستی وشیاری و پاڵپشتیی پیاوانی نیشان دا.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی هیواداربوون بەو ڕاپەڕینە ئەوەیە کە ژنان بەشێکن لە بزاڤ و ڕێکخستنەکان و چەندە پیاوان قورساییان لەسەر شانە ژنانیش ڕاستەوخۆ، بگرە زیاتر زەخت و ئەرکیان لەسەر ئەستۆیە و بە کردەوە لە گۆڕەپاندان. ئەو تایبەتمەندییە پۆزەتیڤە هۆکارێکە بۆ بەلارێدانەچوون و چەواشەنەبوونی ڕاپەڕینی سەرانسەری. دەرەتان و گۆڕەپاندان بە ژن لە مێژووی ئێراندا ئەوەندەی ڕاپەڕینی ئەم جارە ڕاستەقینە و بێخەوش نەبووە، چونکە لەلایەن پیاوان و ئایدئۆلۆژیایەکی تایبەتەوە شرۆڤە و نەخشەڕێگە بۆ ژن دیاری نەکراوە، بەڵکوو چەخماخەکە سەرەتا لە هەناوی ژنەوە دەست پێ کرد و بێگومانیش بۆ هەتاهەتایە پاشگەزبوونەوە و گەڕانەوەی نییە. دەیان ساڵ مێژووی چالاکی سیاسی و فەرهەنگی چەپ و لائیک لە سەردەمی شا و حیزبی توودەدا نەیتوانی چین و بەرەیەکی ژنانە پەروەردە بکەن کە لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا بۆ ماوەیەکی کورت لە شەقامەکاندا لە دژی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا مانۆڕ و خۆپیشاندان بکەن.

گرینگی و بایەخی پرسی ژن دەکرێت لەنێو پرسە ستراتیژیک و هەرە بەربڵاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا خوێندنەوە و حەسابی بۆ بکرێت.

ئەوەی پێوەندی بە پرسی ژن و ڕاپەڕینی نێوخۆی ئەم جارەی کوردستان و ئێرانەوە بێت، ئەوەندە جێگە تێڕامان و سەرنجە کە بێجگە لەوەی کە بووەتە ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات، سەرسوڕمانی جیهانی لێ کەوتووەتەوە. بێ هیچ دەمارگرژییەکی سیاسی دەبێ بوترێت کە ئەگەر ڕووداوی کوشتنی ژینا لەنێو شارێکی دیکەی دەرەوەی کوردستاندا بوایە، بێگومان ئەو دەنگدانەوە و هەرایەی لێ نەدەکەوتەوە. کوردستان بە هۆی پێشینەی سیاسیی ڕەسەن و دیموکراتیکەوە، هەلومەرجی بۆ هەموو سەرهەڵدان و بزاڤ و ڕێکخستنێک ئامادەیە. سروشتی کوردستان سروشتێکە کە خۆی یارمەتییدەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ڕەوتێکی دیموکراتیکە. لەمێژە کوردستان بە هۆی جوگرافیا سروشتییەکەیەوە بەبێ جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، ژنانی لەنێو پرۆسەی ژیاندا وەکوو پیاوان بەشدار کردووە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ژن، هەم مایەی ژیان بووە و هەم سیمبۆلی ئازادی. هەرێمی زاگرۆس ئەزموونی دەسەڵاتداریی دەیان ئایین و مەزهەب و شاخەی ڕەسەن و نارەسەنی بە خۆیەوە دیوە و خەڵکەکەی بە ژن و پیاوەوە لەنێو کوانووی مێژوودا برژاوە.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دەبێت بە حورمەتی ژینای کوردەوە بۆ بگۆڕدرێت. وشەی ژینا لە زمانی کوردیدا مانای نوێبوونەوە و نۆژەنبوونەوەی ژیان ئەدات و تۆمارکردنی ئەو دروشمە بۆ ژنی کورد، هەم لە ئاستی جیهاندا و هەم بۆ مێژوو بایەخێکی نەبڕاوەی مەعنەویی دەبێت. قامووسی ژنی کورد دەوڵەمەندە بە سەدان شانازی و ڕووداوی وەک مەرگی ژینا، هەر بۆیە ژنی کورد دەبێت هەوڵ بدات ڕۆژبەڕۆژ شکۆ و مەزنایەتیی خۆی بەردەوام لە لووتکەدا بهێڵێتەوە.

هیچ فەلسەفەیەکی فمێنیستی لەو چەند دەیەی دواییانەدا نەیتوانیوە بەو شێوەیە کۆمەڵگەی ژنان لە ئاستی جیهانیدا بخرۆشێنێت و یەکریزیان بکات. فەلسەفەی فمێنیستیی ژنی کورد لەسەر بنەمایەکی ئازاد و دیموکراتیک پێی گرتووە و هیچ ئایدیۆلۆژی و بیرۆکەیەکی پیاوەڕەهەند و دەرەکی ناتوانێت نە بەلاڕێیدا ببات و نە ژێردەستەی بکات. کۆتا وتە ئەوەیە کە ئاسۆی ڕزگاریی ئازادی وڵات ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕین لە دەستی ژنانی، بوێر، کوردپەروەر و ڕووناکبیردایە.

ژن، ژینا، ئازادی. ...

ئەم بابەتە لە ژمارەی۸۳٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۱۷ی خەزەڵوەری ۲۷۲۲ = ۸ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سیامەند موعینی لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی: دەسەڵاتی ئێران مەجبورە تەسلیم بەئیرادەی گەل بێت
# ئامانجی ستراتیژی ئێمە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو دیموکراتە



**هاوڵاتی**

**سیامەند موعینی هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتی،**

**دەقی چاوپێکەوتنی سیامەندی موعینی:**

**هاوڵاتی**: لەدوای هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم خۆپیشاندانانە، بەدوورودرێژترین خۆپیشاندن و نارەزایی دادەنرێت، بەبڕوای ئێوە خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی ئەمجارە بەرەوکوێ دەڕوات، ئایا وەکو خۆیان بەردەوام دەبن یاخود گۆڕانکاری لەشێوازی نارەزاییەکان روودەدات؟

**سیامەند موعینی**: راستە سەرهەڵدان و خۆپیشاندان لەدەستپێکی هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێرن بەردەوام هەبووە بەتایبەتی گەلی کورد لەسەرتاوە ئەو سیستمەی قبوڵنەکردووە، بەڵام ئێستا دەبینین هەموو گەلان و پێکهاتەکانی ئێران بەگشتی و بەهۆکاری جیاوازو پەنگخواردوویی ئەو ویست و خواستانەی کەهەیانبووەو کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێت بەردەوامن لەخۆپیشاندان، بەڵام ئەمجارە دەتوانین ئەو خۆپیشاندانانە نوێیە وەک ڕێنسانسێکی فیکری و وەک ئاڵوگۆڕییەکی بنچینەیی لەشێوازی خۆپیشاندان پێناسەی بکەین، ئەوەی ژن پێشەنگیەتی بۆخۆی دەتوانێتت ببێتە هۆکارێک کەبنکەیەکی ئەو ڕێنسانسە فیکرییەی باسمکردو بنکەکەی سازبکات و پێکیبهێنێت، ژن پێشەنگە بۆچی؟ چونکە ژن بەدروشمی (ژن، ژیان ئازادی) توانی پێشانگایەتی ئەو شۆڕشە بکات، بەڵام گرنگی هەرەبەرچاوی ئەوەیە ئەو شۆڕشە کەدەستیپێکردووە «وەک شۆڕش پێناسەی دەکەم» پێشەنگەکەی لەکوردستانەوە بووە، بەشەهادەتی ژینا کە لەتاران بەشێوازێکی زۆر وەحشیانە کە شەهیدیان کرد، گەلی ئێمە لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لەشاری قارەمانی سنە خاوەنداریتیان لێیکردو لەسەر گۆڕی ژینا دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) وترایەوەو هێندەی پێنەچوو ئەوە لەپرۆسەی خۆیدا گەیشتە شارەکانی دیکە و لەتاران دەستپێیکردو خۆپیشاندان لەدژی کۆماری ئیسلامی کرا و بەردەوامبوو لەهەموو شارەکانی ئێران، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو خۆپیشاندانانەی ئەم جارە لەبواری کارەکتەری خۆیدا جیاوازە، پێشتر خۆپیشاندان هەبووە بەشێکیان ویست و خواستی جیاوازبووە، بەڵام ئەمجارە خۆپیشاندانەکان ویست و خواستێکی سیاسییان هەیە و تەنانەت خوازیاری لابردنی ئەو سیستمە دیکتاتۆرەن کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە حکوم دەکات، خاڵێکی دیکەی گرنگ لەو شۆڕشەدا ئەوەیە لەئازەربایجانەوە، لەشاری تەورێزەوە پەیام دێت و دەڵێت ئازەربایجان وشیارەو پشتیوانی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە لەئەهاوەزو تارانەوە هەمان پەیام بۆ یەکتر دەنێردرێ، ئەوەش ڕێنسانسێکە و لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕی فکریەدایە کە سەد ساڵە سیستمی داگیرکەری کوردستان لەناوچەکە بەشێوازی دەوڵەت نەتەوە، کۆمەڵگای ئێمە بەتایبەت کوردستان و نەتەوەکانی دیکەش دەچەوسێنێتەوە، هەوڵی ئەوان بۆ کێشە دروستکردن لەناو نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت، ئەو پەیامانە ئاڵوگۆڕ لەگەڵ خۆی دێنێ و ئیتر گەلانی ئێران فریوی دەسەڵات ناوەند ناخۆن و بەبڕوای من ئەو شۆڕشە کە دەستپێیکردووە ئەنجام دەگرێت و تاکۆتایی دەڕوات.

**هاوڵاتی: مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان چۆن دەبینی، ئایا شڵەژان و سەرلێشێواوی پێوە دیارە، پێتوایە دەسەڵات عەقڵا و کۆنترۆڵی خۆی لەدەستداوە؟**

**سیامەند موعینی**: خەسلەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆر هەمیشە لەسەر هێزو سەرکوتی بیری جیاوازە، هەرکەسێک دژی ئەوان بێت بەشێوازی فیزیکی هەوڵی لەناوبردنی دەدەن، بەڵام ئەمجارە شڵەژانێک بەسیستمەوە دیارە، چونکە قەت چاوەڕوانی ئەو هێزەی نەدەکرد لەپەنگخواردووی کۆمەڵگای ئێراندا هەموو بەدژی ئەو رابێتەوە، ئێستا لەنێو سیستمی پووک و پوچەڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە وردە وردە هەڵوەرین دەستپێکردووە لەنێوخۆیاندا، ئەوانەی کە باوەڕییان پێ هەبووە، ئەوانەی کە پایەی سەرەکی و پارێزەری ئەو سیستمە بوون هێدی هێدی دەنگی ناڕەزایی دەردەبڕن، ئەوە بووەتە هۆکارێک کە هێزو توانای ئەو سیستمە ئەوەندە نیە کەبتوانێت هەموو کۆمەڵگا سەرکوت بکات، بۆیە لەکۆتاییدا راستە ئەوان هەوڵی کۆتایی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆیـان دەدەن بەڵام بەقەنـاعەتی من ئەو هێزو توانایەیـان نابێت لەبەرامبەر گەلـدا، چونکە کاتێک گەل راپەڕی هیچ دەسەڵات و هێزو چەکێک ناتوانێت پێشی پێبگرێت و بەتەئکید سەرکەوتن هەر بۆ گەل دەبێت.

**هاوڵاتی**: چاودێران باوەڕیانوایە لەگەڵ شەهیدکردنی هەر خۆپیشاندەرێک و ڕێورەسمی ناشتنیداو دواتر لەڕێوڕەسمی چلەی شەهیدەکەشدا نارەزایییەکان فراوانتر سەرهەڵدەدەنەوە، رای تۆ چیە لەوبارەیەوە؟

**سیامەند موعینی**: ئەوە راستی تێدایە، سەرهەڵدان یان خۆپیشاندانەکان بەقۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕین و دەگـاتە قۆناغێک کە بەربەرەکانێکە دەستەویەخە دەبێت لەبەرامبەر دەسەڵاتدا، رەنگە دەسەڵات بەبـاوەڕی خۆی پێیوابێت بـۆ ماوەیەکی کورت سەرکوتی بکـات، بەڵام ئەوانە تەنهـا فیکرو خەیـاڵن دەسـەڵات پێـوایە بتوانێت سـەرکەوتیان بکـات، بەڵام هەر گەنجێک کەگیانی خۆی بەخت دەکات لەو رێگـایەدا بەدەیـان و سەدان گەنج و ئینسـانی تێکۆشـەری دیکە جێگـای ئەوانە دەگرێتەوە و دەبێتە هۆکار کە بـازنەی ئەو سەرهەڵدانانە بەرفراوانتر بێت.

لەپەیوەست بەشۆڕشی ژینا ئێمە راستەوخۆ دەبینین هەموو گەلان و هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەو شەڕەدا بەشدارن، ٢٠ هەزار کەس دەستگیرکراون، بەسـەدان کەس گیـانی خۆیـان بەختکـردووە و بەهەزارانـی دیکەش برینـدارن، بەڵام ئەمـانە نەبـووەنەتە هـۆی پاشەکشـەکردن، دەبینین گەنجان پێشـەنگی دەکەن، بەتـایبەتی ژنـان پێشـەنگی ئەو شۆڕشە دەکەن، بە قەناعەتی من کلیلی لەناوچوونی ئەو سیستمە لێدراوە و درەنگ یان زوو ئەو دەسەڵاتە مەجبورە تەسلیم بەئیرادەی گەل بێت و ناتوانێت بەو شێوازە سەرکوتکارییە بەردەوام بێت.

**هاوڵاتی**: دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) چەمکێکە عەبدوڵا ئۆجەلان بـۆ یەکەمجـار بەکاریهێنـاوەو ئێستا بـاڵی کێشاوە بەسـەر سەدای خۆپیشـاندانەکاندا، بەڕێزیشـتان لەلێدوانێکدا دەڵێیت: «دەمێکە ئـێمە کـار بـۆ ئەوە دەکەیـن هێـزی پشتیوان بـۆ کوردسـتان دەستەبەر بکەیـن»، پێتـوایە ئێسـتا بەوتـنەوەی دروشمی (ژن، ژیـان، ئـازادی) لەهەمـوو ئێـران، مانـای وایە لەکارکردنتان بۆ کۆکرنەوەی پشتیوانی بۆ کوردستان سەرکەوتوو بوون؟

**سیامەند موعینی**: بەتەئکیـد دروشـمی (ژن، ژیـان، ئـازادی) و دروشـمی (پێکەوەژیـانی گەلان) ئەوە دوو دروشمی سـەرەکین کەئێمە هەوڵمانداوە کاری بۆ بکەین، ئێستاش لەئەنجامی ئەو سەرهەڵدان و شۆڕشەدا دەبینین کە گەلانی ئێران بەگشتی ئەو خواستەیان هەیە، (ژن، ژیان، ئازادی) تەنها دروشمێک نیە بەڵکو فەلسەفەیەکە کە چۆن مرۆڤەکان بەخواست و ویستی خۆیـان ژیـان بـکەن، ئەوەی جەنابت فەرمـووت بـۆ پشـتیوانی شۆڕشـی گەلـی کـورد سـەرهەڵدان و دۆسـتایەتی و پێکەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوخەباتبوونی گەلانی دیکەی ئێرانیش بۆ گەلی کورد گرنگییەکی سەرەکی هەیە، چونکە لەمێژووی سەد ساڵەی ئێراندا داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە کەڵکیان وەرگرتووە لەو پۆتانسیێلانەی کە لەنەتەوەکانی دیکەن بەدژی گەلی ئێمەن، نەتەوەکانی دیکەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دژی ئێمە شەڕبکەن و سەرکوتی گەلی ئێمە بکەن، ئەمڕۆ ئەو چەکە لەدەسەڵات وەرگیراوەتەوەو ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە کە گەلی کورد بتوانێت بەشێوازێکی باشتر و بەهێزتر رووبەرووی دەسەڵاتێک بێتەوە کەوڵاتەکەی و گەلەکەی داگیرکردووە، ئەو دوو دروشمەی کە دراون پێناسەیەکن کە ئێمە هەوڵمانداوە کاری بۆ بکەین، ئەوەی گرنگی هەیە (ژن، ژیان، ئازادی) ئەوەیە کە لەکوردستانەوە ژنی کورد پێشەنگی ئەو دروشمەیان کردووە و لەبەشەکانی دیکەی ئێرانیش بگوترێتەوە، ئەو دروشمانە نەک تەنها لەئێران بەڵکو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ گەیشتن بەئازادی و بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا کەئینسانەکان بتوانن بەئازادی ژیانێکی بەکەرامەت بژین.

**هاوڵاتی: پشتیوانی ئێوە بۆ خۆپیشاندان و نارەزاییەکان لەچی ئاستێکدایە، میتۆدی گونجاوو زانستیانەی پژاک چیە لەو نارەزاییانەی لەئێران سەریهەڵداوە؟**

**سیامەند موعینی:** رەنگە نەتوانم بەئاشکرا بڵێم پژاک رۆڵی ئەساسی چی بووە، بەڵام لە 15 ساڵی رابردوو پژاک بەهەزاران ئینسانی تێکۆشەری پەروەردە کردووەو بەشێکی هەرەزۆری ئەوانە لەناو کۆمەڵگادان و پژاک ناکرێت تەنها وەک هێزێکی نیزامی سەیر بکرێت، هێزێکی سیاسی ئیدۆلۆژیکە و لەسەر ئەو بنەما فەلسەفیە توانیویتی بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگای خۆی ئۆرگانیزە بکات و بەشێوازی جیاواز پەروەردەی بکات و بتوانێت کەرامەتی خۆی بپارێزێت، گرنگ ئەوەنیە حزبێک یان رێکخستنێک چی کردووە یان چی نەکردووە، گرنگ ئەوەیە کەگەلی ئێمە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوە ناوە بۆ ژیانێکی ئازاد، پژاک لەوبوارەدا بۆ ئازادی گەلەکەشی هەر هەنگاوێکی پێویست بێت دەینێت تا گەیشت بەسەرکەوتنی کۆتایی گەلەکەمان و پژاک پشتیوانی شۆڕشی ئازادییە، بەتایبەت ئەو شۆڕشە کەشۆڕشی ژنە، شۆڕشی کوردستان لەئێران، ئەوە بەتەئکید هەم لەئێستاو هەم لەداهاتووشدا پشتیوانی سەرەکی و بزوێنەری سەرەکی لەو شۆڕشەدا هەر پژاک دەمێنێ.

**هاوڵاتی: ئێوە لەبارەی خۆپیشاندان و نارەزاییەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە راگەیەنراوێکدا بەناوی «رێگەچارەی شۆڕشی نوێی گەلانی ئێران» دەڵێن: ئاڵای کۆماری کوردستان لەمهاباد وەکو ئاڵایەکی هاوبەش لەگەڵ حزبە کوردییەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان قبوڵ دەکەن، لەسەر چیی بنەمایەک ئەم بڕیارەتان دا، لەکاتێکدا حزبی دیموکرات ئەو ئاڵایەی لەهەرێمی کوردستان هەڵدەکرێت بەگونجاو دەزانێت، رای تۆ چیە لەوبارەیەوە؟**

**سیامەند موعینی:** ئێمە باوەڕمان بەپلورالیزم و ئازادی کەسایەتی هەیە، هەر ئینسان و هەر رێکخستنێک ئازادە چۆن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بیردەکاتەوەو چی شتێک دەستنیشان دەکات بۆ سونبولێک بۆ خۆی، ئێمە دوای ماوەیەکی زۆر لە گفتوگۆو راگۆڕینەوە لەناو خۆماندا لەکۆتاییدا بڕیارماندا کە ئاڵای سەردەمی کۆمار وەک ئاڵای سەردەمی تێکۆشان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکەین، ئەوەش سروشتیەو مافی خۆمانە ئاڵایەک بۆ گەلی خۆمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکەین، هەر حزبێکی ترش ئاڵایەکی تر بۆخۆیان دەستنیشان دەکەن ئەوە بابەتێکی سروشتییە.

ئەوەی بیروباوەڕی کۆمار درێژەپێدەدات لەبواری ئازادی کوردستان، لەبواری ناسنامەی نەتەوەیی و دیموکراتیک ئێمە خۆمان بەخاوەنی دەزانین، ئەوەی کە ئاڵای باشور بەئاڵای کۆمار پێناسەبکرێتەوە ئەوە نەوعێکە لەچەواشەکاری و ئاڵای کۆمار لەگەڵ ئاڵای باشور تێکەڵبکەنەوە غەدرێکی مێژوویی دەبێت لەگەلی ئێمە بەگشتی.

ئێمە کە ئەو بڕیارەمانداوە وتوومانە تا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی رێکدەخرێت کورد بەگشتی لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەئازادی دەتوانێت بۆخۆی دەنگبدات و بڕیاربدات کە ئەو ئاڵایە قبوڵ دەکات یان قبوڵی ناکات، هەرکاتێک میللەتی ئێمە رەتیکردەوەو ئاڵایەکی نوێیان دانا ئەوە مافی گەلەو دەتوانن بیگۆڕن، بەڵام تا ئەوکاتە ئێمە بۆ یەکگرتوویی هێزەکانی رۆژهەڵات ئەو ئاڵایە بەڕەسمی دەناسێنین و لەئێستا بەدوا ئێمە ئەو ئاڵایە هەڵدەکەین.

**هاوڵاتی**: لەگەڵ کۆمەڵە (سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران) لێککەیشتن و کاری هاوبەشتان پێکەوە هەیە، لەگەڵ ناوەندی هاوکاری حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆچی ئەم لێکگەیشتن و هەماهەنگیەتان نیە، بەگشتی هاوکاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران چۆنە؟

**سیامەند موعینی**: ئێمە لەگەڵ هەموو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان چی ئێرانی چی کوردی، پەیوەنیدمان هەیە، بەڵام ئەوەی هاوکاری بێت زۆرتر لەگەڵ کۆمەڵە هاکارییمان هەیەو گەیشتووەتە قۆناغی پراکتیکی و ئەنجامی باشی هەبووە، بەڵام ناوەندی هاوکاری ئێمە نە ئاگاداری ناوەڕۆکەکەیان و نە دەزانین لەسەر چی بنەمایەک ئەو ناوەندە کاردەکات، سەرەتا باوەڕم وایە شەش حزب بوون ئێستا تەقریبەن سێ حزبیان ماوەتەوە، ئەوان پێویستە پلاتفۆرمێکی دروستیان هەبێت بۆ شێوازی تێکۆشان و شێوازی کارکردن لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەرکەسەو هەستا چوارچێوەیەکی دانا ئەوە نابێت، پێویستە بۆ قۆناغی یەکەم لێکتێگەیشتن هەبێت، بۆقۆناغی دووەم پێویستە دانیشتن و سمینار هەبێت لەچوارچێوەی پرۆژەو بەرنامەیەکی دیاریکراوو کۆنکرێتی بەیەکەوە، ئەگەر تەنیا یەک خاڵیش بێت پێویستە ئەو حزبانە بەلێککەیشتن بگەن، تۆ ناتوانی گروپێک سازبکرێت و بڵێت تۆش وەرە ناوی، ئێمە بەهیچ شێوەیەک هیچ ئیعتیبارێک بۆ رێککەوتنێکی ئاوا دانانێین، ئێمە پێمانخۆشە ئەگەر لەداهاتوودا شێوازێکی هاوکاری بێتە پێشەوە پێویستە ئەو شێوازە هاوکارییە بەشێوازێکی کۆلەکتیف



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێت، هەموو ئەو هێزانەی لەگۆڕەپانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەکتیڤن بێن بەشدار بن، ئێستا پێویستە گەلی کورد لەهەموو ساتێک زیاتر هەماهەنگ بێت، چونکە قۆناغێکی مێژوویی و هەستیارە ئەگەر ئەو سیستمە تۆتالیتارەی ئێرانیش نەمێنێ مەترسی شۆڤێنیزمی ناوەندگەرا هەر دەمێنێ و پێویستە کورد ئامادەکاری بۆ ئەو کاتەش بکات و لەداهاتووی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان رۆڵی سەرەکی هەبێت، رێگە نەدات ئیتر داگیرکاری بەرەو کوردستان بێتەوە، رێگە نەدات سیستمی دیکتاتۆرو تۆتالیتار دیسان لەئێران سەرهەڵبداتەوە ئەوە بۆچوونی ئێمەیە، لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە دیموکراتیکە هەوڵ و خەباتمان دەبێت و ئامادەی هاوکاری هەموو هێزێکین بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی ئازاد لەرۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێت.

**هاوڵاتی**: ئێوە لەو راگەیەنراوەتاندا بەناوی «رێگەچارەی شۆڕشی نوێی گەلانی ئێران» داوا دەکەن هێزەکان خۆیان لەچەمکی (نەتەوەپەرستی و ئەتنیگەرایی) بەدووربگرن، مەبەستان لەم داواکارییە چیە؟

**سیامەند موعینی**: هەڵە لەوە تێنەگەین کە باسی نەتەوەپەرستی یان نیشتمانپەروەریی دەکرێت، ئێمە کوردین و بۆ ئازادی کوردستان تێکۆشان دەکەین، بەڵام ئەو رەگەزپەرستیەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەد ساڵی کۆتایی سەریهەڵداوەو دوای دامەزراندنی سیستمی دەوڵەت نەتەوە کەپرۆژەیەکی کۆلۆنیالیستی ئەورووپا بوو بەسەر کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپێنرا، ئەو جۆرە بیکردنەوەیە کە رەگەزی خۆت پێگەورەتر بێت لەرەگەزی ترو ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە بەدژی نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکە هەوڵبدەی، بەڵام لەبنەمادا پێناسەی سیستمی دەوڵەت نەتەوە کەرەگەزپەرستیە، ئەو سیستمە سیستمێکی عەربی یان فارسی یان تورکی یان کوردی بێت هیچ جیاوازییان نیە، لەکارەکتەرو شێوازی قڕکردن و ئەوەش هەمیشە کێشەو بەربەرەکانی لەو کۆمەڵگایەدا دروستدەکات، کەهەڵگری ئەو پێناسەیەیە، ئێمە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەمان وەک کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک داناوەو خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک کە هەر پێکهاتەو ئیتنیکێک کخوازیاری ئەو ئازادییە بێت بتوانێت لەچوارچێوەی دیاریکراوی خۆیدا بەئازادی بژی، لەسیستمی کۆنفیدراڵدا هاوبەش بێت لەئیدارەکردنی وڵات و سیستمدا، لەرێگاچارەی شۆڕشی ئێراندا کە لە ١١ خاڵدا پێشکەشمان کرد رێگاچارەیەک بۆ داهاتووی بارودۆخی ئێران بێت، هەر حزبێک ئەگەر لێکدانەوەیەکی دروستی نەبێت بۆ سیستمک کە تێکۆشانی لەبەرامبەردا دەکات، پرۆژەو پلانێکی بۆ داهاتوو نەبێت مێژووی بەسەردا دووپاتدەکرێتەوە، ئەو سەرهەڵدانانەی کورد کە تائێستا نەیانتوانیوە دەستکەوتی بنەڕەتی بەدەستبهێنن بۆ گەلەکەیان هۆکاری ئەوەبووە کە پرۆژەیەکی دروستیان نەبووە بۆ ئەوەی بتوانن لەداهاتووی کۆمەڵگاکەیاندا ئیدارەی خۆیان بکەن، ئەوە بەو واتایە نیە کە دووژمن سەرسەخت نیەو بەهەموو هێزی خۆی سەرکوت ناکات، بەڵام لەبەرامبەر ئەو سەرکوت و دوژمنکاریەی زیهنیەتی نەتەوەپەستی پێویستە ئەو زیهنەتە بگۆردرێ، ئێمە لەوچوارچێوەیەدا دژایەتی ئەوە دەکەین، لەگەڵ ئەوە نین بەزیهنیەتی نەژادپەرستیەوە بکەوینە ناو ململانێیەک کەداهاتووی گەلەکەمان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بخاتە مەترسییەوە.

**هاوڵاتی:** ئایا هێزی چەکداری کوردی (گەریلاو پێشمەرگە) ئامادەن بۆ هەر رووداو و پێشهاتێکی لەناکاو، بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەت بڕیاری بەکارهێنانی هێزی چەکداری بدات لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان و دەستنەپارێزێت، لەو حاڵەتەدا ئێوە هەوڵدەدەن هێزی چەکدار بەکاربهێنن بۆ بەرگری لەخەڵک؟

**سیامەند موعینی:** من دەتوانم وەک پژاک وەڵام بدەمەوە، هێزی گەریلا هێزی پاراستنەو پاراستنی گەل بەبنەما دەگرێت و بۆ پاراستنی گەلەکەی دورستکراوە، لەپێشووتریش پێشمەرگە ئەو رۆڵەی هەبووە و گەلەکەی پاراستوە لەبەرامبەر هەر هێزێکی دوژمنکارانەدا گەلی خۆی پاراستووە، دوژمن ئێستا کەوتووەتە شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ گەل، شەڕی گەل و دەسەڵات دەستپێکردووە، گەل میکانیزم و شێوازی جیاواز بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بەچۆکدا بدات و تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بووە، چونکە دەوڵەت بەهەموو هێزی داپڵۆسێنەری خۆی نەیتوانیوە ئەو شۆڕشە سەرکووت بکات، بەو واتایە کەهێزی گەل ئامادەترە کە دەسەڵات بتوانێت بەهێز سەرکوتی بکات، راستە ئێستا کۆماری ئیسلامی هەموو هێزەکەی نەخۆستووەتە مەیدانەوە، بەڵام ئەوەش بەو واتایە نیە کەگەلی ئێمە هەموو هێزی خۆی خستبێتە مەیدانی شەڕەوە، وەختێک پێویست بێت بەباوەری من هەموو هێزێک هەموو مرۆڤێکی بەویژدان تواناکانی خۆی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی پێش لەکۆمەڵکوژی گەلی خۆی بگرێت و پێش لەوە بگرێت کە جینۆسایدێکی دیکە بەسەر گەلی ئێمە بسەپێ، بۆیە ئەوە پرسێکە داهاتوو بۆخۆی وەڵامی دەداتەوە هیوادارم بەشێوازێکی هێمنانەتر چارەسەری ئەو دۆخە بکرێت، بەڵام ئەگەر نەشکرێت بەقەناعەتی من گەلی ئێمە لانی کەم ئامادەی ئەوەیە دەستکەوتەکان و گەلی خۆی بپارێزێت.

**هاوڵاتی:** ئامانجی ستارتیژی پژاک لەبەرامبەر رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران چیە، ئایا ئێوە کار بۆ رووخانی رژێم دەکەن؟

**سیامەند موعینی:** ئامانجی ستراتیژی ئێمە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو دیموکراتیکە، کۆمەڵگایەک کەمرۆڤەکان بەپێناسەی خۆیانەوە ژیانێکی بە کەرامەت بکەن، ئێمە فۆرمۆلێکمان هەیە، پێیدەڵێین (دەوڵەت و دیموکراسی) لەچوارچێوەی دەوڵەت و دیموکراسیدا دەکرێ بەهەبوونی دەوڵەتێک «ئێستا پێناسەی ئەو دەوڵەتە ناکەم» بەڵام تاگەیشتن بەکۆمەڵگایەکی دیموکراتیک پێویستە ئەو فۆرمۆڵە کاری خۆی بکات، بنەمای رێکخستنی کۆمەڵگایەک کە دەیەوێت ژیانێکی ئازادی هەبێت، تێگەیشتنێکی زیهنیەتی ئەوەی هەبێت ئازادی بنەمای کۆمەڵگایەکی تەندروستە، ئێستا ئامانجی ستراتیژی ئێمە دامەزراندنی کۆنفیدراڵیزمی دیمکراتیکە، ئەوەش بەمانای ئەوە نیە دوای نەمانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەکوردستان یان لەئێران بەو مانایە بێت کە کۆنفیدرالیزم دامەزراوە، ئەوە پرۆژەیەکە پێویستە کاری لەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکرێت، پێویستە گەلان بەگشتی بەشێک بن لەو پرۆسەیە، چونکە لەپرۆسەدا یەکخستنی خۆی پەیدادەکات، بەئیرادەگەراییانە ناتوانی کاری سیاسی بەریتە پێشەوە، لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانەدا ئێمە هەوڵ و تێکۆشان دەکەین، ئەو سەرهەڵدان و شۆڕشە کەئێستا لەئێران دەستپێکردووەو دەگاتە ئەنجام ئەوە بەو واتایەیە کە ئەو پرۆسەیە دەستپێکردووە، هیوادارین کە بەخەسارێکی زۆر کەم و مەودایەکی زۆر کورتتر بگاتە ئەنجام و خەڵک بەئاسودەیی و کەرامەتەوە بژین.

**هاوڵاتی: باس لەوەدەکرێت گەورەترین گرفت لەبەردەم نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران بریتیە لەنەبوونی پرۆژەی بەدیل بۆ سیستمی حوکم و دەسەڵات لەئێران، لەئەگەری رووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئایا پرۆژەیەک بۆ سیستمی جێگرەوە هەیە؟**

**سیامەند موعینی:** ئەوە حەقیقەتێکە کەئێستا لەئێران ئۆپۆزسیۆنێکی هاوەدەنگ و کارا نیە، ئۆپۆزسیۆن هەیە بەڵام بەشێوازی جیاجیا و ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێت هەماهەنگی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن دروستبکرێت، ئێمە لەبەشی خۆمان کارمان بۆ کردووە، هەم لەگەڵ حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەم لەگەڵ حزبەکانی تری ئێران لەچوارچێوەی هەندێک پرۆژەدا کاربکەین، لە ٢٠١٦ دا پرۆژەیەکمان پێشکەشکرد بەهەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و تیایدا لە ١٠ خاڵدا داوامانکرد وەکو پرۆژەی پژاک بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، هەم لەبواری سیاسی، هەم لەبواری دیبلۆماسی، هەم لە بواری جیاوازدا چی کۆمەڵایەتی و چالاکی سیاسی و لەکۆتاییدا هەماهەنگی بەشی رێکخستن، کەئێمە لەشکرێکی نیزامی و هێزێکی لەشکری بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کەپێکهاتووە لەهێزی شەرڤان و هێزی پێشمەرگە و هێزی گەریلا کەبتوانن ئازادییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بپارێزن، ئەوە پێناسەیەکی کوردیەو لەچوارچێوەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەو پرۆژەیە پێشکەش بەهەموو حزبەکانی رۆژهەڵات کرا، هاوکات لەچوارچێوەی ئێرانیشدا پرۆژەیەکی بە دیموکراتیزەکردن پێشکەشکراو درایە هەموو حزبەکان لەسەر بنەمای ئەوەی هەوڵی ئەوەماندا کە بتوانین لەژێر چەترێکدا بەشێکی زۆر لەگەلانی ئێران هاوخەبات بکەین، پلاتفۆرمی گەلانی ئێرانمان پێشکەشکردو یەکەم کۆنفرانسی خۆی لە پەرلەمانی ئەوروپا رێکخست و توانی تارادەیەک لەگەڵ هێزو گەلانی دیکە هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێن، بەتایبەت ئێمە پرۆژەیەکی تایبەتمان هەیە لەگەڵ گەلی بەلوچ و لەگەڵ گەلی عەرەب و ئازەری و هەوڵدەدەین لەو چوارچێوەیەدا خەبات بکەین، ئەوەی کە هەموو ئێران دەگرێتەوە پرۆژەی بەدیموکراتیزەکردن تەنها چارەسەری کێشەکان و نەمانی ئەو کێشانەی ئێستا لەئێران هەیە، پێویستە سیستمی ناوەندگەرا نەمێنێت، سیستمی ناوەندگەرا بووەتە هۆکاری دوژمنی و رقەبەرایەتی لەنێوان گەلاندا، بەڵام ئەگەر ئەو سیستمە نەمێنێ تێگەیشتن زۆرتر دەبێت و لەپرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنیشدا ئەو مرۆڤ و رێکخستنانەی باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە ئەوکاتە دەتوانن بەپرۆژەی جیاوازەوە بەرەوپێشەوە برۆن و کۆمەڵگای خۆیان دیموکراتیزە بکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**هاوڵاتی**: ئایا پژاک لەناو لیستی تیرۆردایە، مەبەستم لەم پرسیارە ئەوەیە ئایا لەقۆناغی داهاتوودا دەتوانن بەشداری لەو کۆنگرە نێودەوڵەتیانە بکەن کە بۆجێگرتنەوەی حکوم لە ئێران رێکبخرێت؟

**سیامەند موعینی**: پژاک هیچ کاتێک لەلیستی تیرۆردا نەبووە، ئەوە شەڕێکی تایبەتە کە بەدژی پژاک دەکرێت، مێژێکی تایبەت، هاوکارییەکی تایبەت لە نێوان ئیتلاعاتی ئێران و میتی تورکیاو پاراستنی ماڵی بارزانیدا هەیە، هەموو هەوڵێک دەدەن پژاک لەڕوانگەی سیاسی و دیبلۆماسی تەنانەت لەناو خودی گەلی کوردیشدا وای نیشانبدەن کە پژاک لەگەڵ ئەو گەلە نیەو ئەو بەشێک نیە لەو گەلە، ئەوەش لەچوارچێوەی شەڕی تایبەتە، ئێمە ساڵانە بەدەیان کۆنفرانس و سمینارو خۆپیشاندان بەناوی پژاک لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا دەکەین، هیچ کاتێک بەربەستمان لەلایەن هیچ وڵاتێکی ئەوروپاو ئەمریکاوە تەنانەت هیچ وڵاتێکی دنیاوە نەبووە.

باسکردنی ئەوەی کە پژاک لەلیستی تیرۆردایە لەچوارچێوەی ئەو شەڕە تایبەتەدایە، پژاک لەلستی تیرۆردا نیە، بۆیە لەگەڵ هەر دانیشتن و لەگەڵ هەر حزورێکی گشتیدا بۆ رێکخستنی ئۆپۆزسیۆن لەئێران پژاک لەگەڵی دەبێت بەناسنامەی خۆیەوە، دەتوانم زۆر بە راشکاوی بڵێم نەبوونی پژاک لەنێو رێکخستنێکی وادا دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە نەتوانێت سەرکەوتوو بێت، چونکە پژاک هێزێکی مەیدانیە و ئەو شۆڕشەی لە ئێران دەستیپێکردووە ئەوە نیشاندەری ئەوەیەو بۆ دۆست و دوژمن ئاشکرابوو کەهێزی ئەو فەلسەفەیە چەند بەهێزەو چەند دەتوانێت بەخێرایی بچێتە ناو جەماوەر و دەتوانێت ئاڵوگۆڕ دروست بکات.

پژاک ئەو هێزەیە کە دەتوانێت لەداهاتوودا ببێتە بەشێک لەهێزێک کە بۆ ئازادی لەئێران و بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشان دەکات، هیچ سازشێک لەگەڵ هیچ هێزێک ناکات و ئەگەر بیەوێت رۆژهەڵاتی کوردستان و کوردستان بەگشتی بەکۆیلەتی بهێڵێتەوە، بەداگیرکراوی بهێڵێتەوە، بۆیە ئێمە شەڕو تێکۆشان بەدژی ئەو زیهنیەتەش دەکەین.

**هاوڵاتی**: ئێران بەردەوام هەڕەشە لەحزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، بەشێک لەحزبەکانی رۆژهەڵاتیش دەڵێن: لەسەر داخوازی حکومەتی هەرێم هێزەکانیان لەسنوری ئێران گواستووەتەوە، ئایا ئێوە وەکو پژاک داواتان لێکراوە ئاڵوگۆڕ بەشوێنی هێزەکانتان بکەن؟

**سیامەند موعینی**: حزبەکانی تر چۆن هەڵسوکەوت دەکەن خۆیان بەرژەوەندی خۆیان دەزانن، ئێمە بە رووخسەتی هیچ کەس نەهاتووین لەچیاکانی کوردستان جێگیر بین و بەهەڕەشەی هیچ هێزێکیش پێگەو چیاکانی کوردستان بەجێناهێڵین، چونکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چیاکانی کوردستان بەشێکن لەناسنامەی ئازادیخوازی گەلی ئێمە، بۆیە ئێمە ئیزن بەهیچ هێزێک نادەین کە بیەوێت بەهەر شێوازێک فیکری تەسلیمبوون و لاوازبوون بەسەر هێزی ئێمەدا بسەپێنێت، هیچ هێزێکیش داوای لەئێمە نەکردووە بۆ فۆرمۆلێکی جیاوازتر لەوەی ئێستا کەهەیە، ئامانجی ئێمە لەبنەمادا جگە لەوەی ئەو چیایانە وەک بنکەیەکی بنەڕەتی ئێمەیە، بەڵام ئێمە لەنێو دڵی گەلەکەشماندا لەرۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە بواری زیهنیەتی فیکریەوە لە هەر چوار بەشی کوردستان لەبواری رووحییەوە لەگەڵ جوڵانەوەی شۆڕشگێری ئێمە هاوفیکرن و هاوسۆزن، گەلی شۆڕشگێری ئێمە لەبەشەکانی دیکەی کوردستانە، ئێمە هەمیشە بەهاو ئەرزشێکی زۆر زۆر گەورەمان داوە بەوەی گەلی ئێمە لەبەشەکانی دیکە پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی ئێمەبوون، ئەوەش سەرچاوەی فیکری ئێمە فیکرێکی نەتەوەیە لەئەساسدا، لەهەر خاڵێکی کوردستان کە پێویستبووە، کۆبانی پێویستی بووە ئامادەیی هەبووە، باکوری کوردستان پێویستی بەهێزی پژاک هەبووبێ ئامادەیی هەبووە، لەباشوری کوردستانیش بەهەمان شێوە، ئەمرۆ رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بەخەبات و تێکۆشانێک هەیە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین لەجیاتی ئەوەی بەشەکانی دیکە پشتگیری ئەو رەوتە پێشکەوتنخوازە بن، بەپێچەوانەوە ئەوانە ببن بەهێزو پشتیوانییەک بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلی ئێمە لەرۆژهەڵاتی کوردستان، یانی ئێمە چاوەڕوانی لەگەلی خۆمان لەباشور، لەباکورو لەرۆژئاوا دەکەین کەوەک خەباتێکی سەرانسەری گەلی خۆیان ببینن، هەموومان وەک گەلی کورد پێناسەمان یەکەو رووحمان لەیەک لەشدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - رێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا"



**تاهیر قاسمی**

لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی دوای مەرگی ژینا، بابەتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو لاوە بەشدارانەی کە دایناموی سەرەکیی ئەو خۆپێشاندانانەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەستی دەکرد. بابەتەکە ناوی کەسی بە سەرەوە نەبوو بەڵام خۆی وەک باوکی لاوێکی هاوتەمەنی ئەو لاوانە ناساندبوو. بەڕواڵەت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو. لە نێوەرۆکدا ئەو لاوانەی وەک وەچەی ئینترنێت و گەیم و یاریی کۆمپیوتێری پێناسە کردبوو.

بەپێی بابەتەکە ئەوان کەمتر وەک مرۆڤی ئاسایی و زیاتر وەک مرۆڤێکی بێڕۆح و وەک ڕۆبۆت بەشداریی لە سەرهەڵدانەکاندا دەکەن و شەهیدبوونیشیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەروەک کوژرانی کاراکتەرێکی ناو گەیم و یاری وایە. ڕەنگە هەر ئەو بابەتە و ئەو ڕوانینە بوو کە دواتر وەک ڕوانگەی حکوومەتی لەسەر کۆی شۆڕشەکە و ئەو توێژە پێشڕەوەی خۆپێشاندانەکان لە زمان کاربەدەستانی ڕێژیمەوە خۆی نواند. یان ڕەنگە بابەتەکە هەر لە بنەڕەتدا لەلایەن دەزگای پڕوپاگاندای کۆماری ئیسلامییەوە نووسرابوو بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران لە مرۆڤی ئاسایی و لە خەڵک هەڵاوێرێ و لە ئاکامدا سەرهەڵدان و شۆڕشەکە بە کارێکی منداڵانە، "ماجەراجوویانە" و بێئامانج لە قەڵەم بدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سروشتی سەرهەڵدان و شۆڕشەکان وایە کە لاوان دینامۆی سەرەکیی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونن. لە ئاکامیشدا زیاترین خوێن و قوربانی پێشکەش دەکەن. ئەوەش لە سروشتی لاوان خۆیاندایە. تایبەتمەندیی مرۆڤ وایە کە تا تەمەنی زیاتر هەڵدەکشێ، خۆپارێزتر دەبێ و هاوکات هێز و وزەی لاوانەش، بە هەڵکشانی تەمەن کز و کزتر دەبێتەوە. ئەوەش پێوەندی بە سەردەمی ئینترنێت یان گەیم و یاریی کۆمپیۆتێرەوە نییە. پێشتریش وا بووە و دواتریش هەر وا دەبێ و شۆڕشی ژیناش لەوە بەدەر نییە.

ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشەنگایەتیی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان دەکا وەچەی لە دایکبووی دەیەکانی حەفتا و هەشتای هەتاوییە کە تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ بیست و پێنج ساڵدایە و لە باری کۆمەڵناسییەوە بە وەچەین Z یش بە ناوبانگە. حاشاهەڵنەگرە کە ئەوان وەچەی سەردەمی پەرەگرتنی کۆمپیوتێر و گەیم و ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، لێ ئەو ئامرازانە نەک هەر ئەو لاوانەیان نەکردووە بە مرۆڤی بێڕۆح و ڕۆبۆت بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی و لە دووریشەوە ئەوە دەردەخا کە بەپێچەوانە ئەوانیان کردووە بە وەچەیەکی زۆر تێگەیشتوو و لە وادەی خۆیان پێگەیشتووتریش. بە داخەوە بارە ئەمنیەتییەکە ئەوەندە قورسە کە مرۆڤ لە دوورەوە نازانێ کێ لەو خۆپێشاندانانەدا بەشدارە و پێکهاتەکەیان چۆناوچۆنە بەڵام هەر ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئیمکانەیان پێکهێناوە کە دوای شەهیدبوونی هەر خۆپێشاندەرێک، سەرەتایەک لە بیرکردنەوەی، ئاستی زانیاری و چۆنیەتیی ژیانی بزانین. بۆ وێنە شەهید پەیمان منبەری تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەردا لەدایک بووە و لە کاتی پشتیوانی لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستانیشدا جارێک دەستبەسەر کرا، پێش ئەوەی کە ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر لە خۆپێشاندانەکانی سنەدا شەهید بێ، لە ژێر تیتری "ئەوە دەبێ بە باشترین شەممەی مێژوو" لە ستۆری ئینستاگرامەکەیدا ئاوای نووسی:

نارەزایەتی دەردەبڕین
مان دەگرین
تەنانەت وەک خۆیان دەڵێن
تێکدەدەین
ئاژاوە دەگێڕین
کەسێ کە بێتە سەر ڕێمان
بەرەنگاری دەبینەوە
با بریندار بین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

با شەهید بین
شەقامەکانی شاریان لێ دەکەین بە دۆزەخ
تا گەیشتن بە سەربەستیی یەکجارەکیی خەڵکەکەم
بنەماڵەکەم و شارەکەم
بەردەوام دەبم.

هێندێکیان پێش ئەوەی شەهید بن، هەستی خۆیانمان بە شێعری شاعیرێک لە ئەکاونتەکانیاندا بۆ بە جێ دەهێڵن. کۆپلەیەک لە شێعری "تا نیوەی ڕێگە هاتووین"ی عەبدوڵلا پەشێو، دوا ستۆریی شەهید زەکەریا سولەیمانی تەمەن ١٦ساڵ پێش شەهید بوونی بوو:

تا نیوەی ڕێگە هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

شەهید شاهۆ خزری بە بەیتێک شێعری "لە بەندیخانە"ی قانعەوە بەرەو پێشوازی مەرگ چوو:

"گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەر دانواندن کاری نامەردانەیە"

دیارە هەموو ئەوانەی کە بەشدارن یان شەهید دەبن ئۆگری شێعر و ئەدەبیات نین بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بە جۆرێک هەستی پاکیان لە ئەکاونتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. شەهید سمکۆ مەولوودی دوا جار سروودی "بە تەنیا جێم مەهێڵن"ی هونەرمەند "عەلی عابدی" گوتەوە کە سروودی کاتی ناشتن و یادی چلەی ژینا بوو. شەهید فەرجاد دەروێشی بە جامانە و جلی پێشمەرگانەوە وێنەی بەجێ هێشت.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شایەتیدانی بنەماڵەی شەهید لەنێو ئەم دۆخە ئەمنیەتییەدا کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە، ڕێگایەکە کە دوای شەهیدبوونیان، بتوانین سەرەتایەک لە ڕوانین و بیرکردنەوەی شەهیدەکان بزانین. باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا لە چلەی مەرگی کوڕەکەیدا گێڕایەوە؛ ئەو هەم زۆرانباز بوو و هەم حافزی قورئان. پێم گوت؛ مەچووە نێو ئەم ئاڵۆزییە. خۆ من کەسم نییە، تۆ لە جێگای باوک و برامی. پێی گوتم؛ باوکە! ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیژی؟ مەهساش هەر یەک دانە بوو. ئەگەر خوێنێک نەڕژێ، شۆڕشێکیش ڕێک ناخرێ!

بنەماڵە زۆر جار سەرچاوەی هزر و بیری ڕۆڵەکانیانن. ئەوە تەنیا باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا نەبوو کە لە چلەی مەرگی ئازیزترین کەسیدا شۆڕشگێڕانە هاتە سەر گۆڕی ڕۆڵە شەهیدەکەی. تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە سەقز بنەماڵەی شەهید فەرەیدوون مەحموودی، لە دیواندەرە بنەماڵەی شەهید فوئادی قەدیمی، لە قەسری شیرین بنەماڵەی شەهید ئەفشینی ئاشام، لە سنە بنەماڵەی شەهید سارینا ساعیدی و لە شائاباد بنەماڵەی شەهید سەعید محەممەدی شۆڕشگێڕانەترین بۆنەیان لە کاتی ناشتن یان لە چلەی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشەدا پێکهێنا و بۆنەکەیان کرد بە مەیدانێکی دیکەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی. بنەماڵەی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە بە سرووودی ئەی ڕەقیب تەرمی ئازیزی ڕۆڵەکەیان ناشت. لە مەهاباد سەرجەم شەهیدەکان بە سرووودی ئەی ڕەقیب نێژران و بە سرووودی ئەی شەهیدان ماڵاواییان لێ کرا. لە سەر داوای بنەماڵەی شەهید کوبرا شێخە، سرووودی "شەهید" لە بڵیندگۆی مزگەوتی سەعدیی مەهابادەوە بڵاو کرایەوە. هاوسەری شەهید فریشتە ئەحمەدی بە شانازییەکی گەورەی زانی کە ئیدی ناویان چووە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدانەوە و ماڵی باوکی شەهید فریشتەش لافیتەیەکی گەورەیان بە هەیوانی ماڵەکەیانەوە هەڵواسی و شەهیدبوونی کچەکەیان لە خەڵکی سەردەشت و سەرجەم گەلەکەی پیرۆز کرد.

بەڵام لە نێو ئەو شەهیدانەدا، ناو، ژیان و شەهیدبوونی لاوێکی مێرمنداڵ زۆر سەرنجی ڕاکێشا؛ شەهید کۆمار دەرئۆفتادە. ناوی کۆمار بە تەنیاش جێگای سەرنج و تێفکرین بوو کە باوکی کۆمار لە کاتی ناشتنەکەیدا زۆر زوو وەڵامی پرسیاری نەکراوی خەڵکی دایەوە؛ "کوڕەکەم لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لە دایک بوو، بۆیە ناوم لێنا کۆمار". کاک حەسەن دەرئۆفتادە لە خۆشەویستیی کۆماری کوردستاندا ناوی لە کوڕەکەی نا. کۆماریش وەک کۆماری کوردستان تەمەنی کەم و زۆر زوو شەهید بوو. بەڵام ئەویش لە دوای خۆی کۆمەڵێک یادگاریی وردیلە و شیرینی بۆ بە جێ هێشتین. لە ئاڵبۆمی وێنەکانیدا، کوڕێکی جوانی کورد و پڕ لە هەستی کوردانە دەبیندرێ. وێنەیەکی پێمان دەڵێ کۆمار هێشتا دە ساڵانیە کە لە گوندی قاسملوو، لە نیزیک ماڵی باوکی قاسملووی ڕێبەر، بە جلی کوردییەوە ڕاوەستاوە. وێنەکانی دیکەشی بە جلی کوردییەوە دەربڕی شوێنەواری ئەو ناوەن کە بنەماڵەکەی بۆیان هەڵبژاردووە و ئەو هەستەن کە مام و ئامۆزاکانی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییەوە پێیان داوە و دایکی کە دواجار لە ڤیدیۆیەکیدا ئاڵا و جامانە بە سەر گۆڕی نەمامە شەهیدەکەیدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکێشێ.

کۆمار لەو تەمەنە کەمەدا خۆی فێری نووسینی کوردییەکی پاراو بە بنزاراوەیەکی دوورتریش کردووە. ستۆریەکانیشی هەڵگری ئەو هەستە پاکەن. وەرگێڕاوی شیعرێکی "نەزار قەببانی" کە ڕەنگە لە فارسییەوە وەریگێڕابێ لە یەکێک لە ستۆرییەکانیدا سەرنج ڕادەکێشێ:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هاوشێوەی
چاوەکانی سەرنجڕاکێشی تۆ
دروست کردووە
بە پەرۆش
خەمبار
ماندوو
و جوان

لە ستۆرییەکی دیکەیدا ڕەنگە بە ئیلهام لەو شێعرەی نزار، ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤێکی کورد کە بەردەوام لە گەڵ مەرگ بەرەورووبە ڕەنگی داوەتەوە. لەوێدا مەرگی بە پێشمەرگایەتی، بە دیلی، لە خۆپێشاندان، لە کاتی کۆچ و لە کۆڵبەریدا وێکرا وێنا کراون و هەستی شۆڕشگێڕانە، ئازادیخوازانە و کوردانەی خۆی تێدا دەربڕیوە:

ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین
هێندێکمان لە جەنگ(دا) ئەکوژرێین
هێندێکمان لە بەندیخانە
هێندێکمان لە شەقام ئەمرین
هێندێکمان لە دەریا(دا) نوقم ئەبین
تەنانەت کەژە بەرزەکانیش
تۆڵەی تەنیاییان لە ئێمە ئەکەنەوە
چون ئێمە کارمان مردنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو نموونانەی کە لەم بابەتەدا باسیان کرا تەنیا مشتێ لە خەرمانی دەوڵەمەندی ئەو لاوە کەم تەمەنانەن کە بە ئازایی و زانایییەوە پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشە دەکەن و لە پێناویدا خوێن دەدەن و قوربانی دەبن. ئەوان نەک هەر لە ناو کۆمپیوتێر و گەیم و یاریی کۆمپیوتێریدا نوقم نەبوون و نەک هەر شۆڕشەکەیان بە گەیم و یاری نازانن بەڵکو ڕێگای خەباتی خۆیان زۆر بە زانایی هەڵبژاردووە و زۆر بە ئازایییەوە بەرەو شەقام و ئەگەری بە هێزی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ مەرگ دەچن. بۆیەشە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، ئەوە نیزیک بە پەنجا شەو و پەنجا ڕۆژە کە بەگژ یەکێک لە فێڵبازترین، بێ بەزەییترین و بێ حەیاترین دیکتاتۆرەکانی سەردەمدا چوونەتەوە و کۆڵیان نەداوە و شەقامیان چۆڵ نەکردووە. ئەو یادگارانەی ئەوان بۆمانیان بە جێ هێشتووە پێمان دەڵێن کە بۆ لاوانی ئێران ئازادی و بۆ لاوانی کورد ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە سەرەوەی هەموو ئەو خواستانەن کە بۆی تێدەکۆشن. هەر بەو جۆرەی کۆماری مێرمنداڵ لە یەکێک لە دوا ستۆرییەکانیدا وەک مامۆستایەکی ئەم شۆڕشە بۆمانی نووسی :

"لە هەموو شت زیاتر، ئازادیتان خۆش بوێ."

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان ترپەی دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران




**(پرسی مافی نەتەوەیی و شارومەندیی لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا)**

**د. کامران ئەمینئاوە**

پرسی نەتەوەیی پرسێکی گرینگ لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی لە چەشنی ئێرانە. لە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی ئێران بەپێی باوەڕیان بە یەک نەتەوە یان ئومەتی ئیسلامی، نکۆڵییان لە فرەنەتەوەیی بوونی ئەم وڵاتە کردووە. ئەم ڕێژیمانە بە چەواشەکاری و بیانووی ناڕاستی وەکوو مەترسیی تێکچوونی یەکپارچەیی ئەرزیی وڵاتی ئێران، هەر لەجێدا ڕیگای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ئەم کێشەیان بەربەست کردووە و، بە کەڵکوەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرکوتکردن، بزووتنەوەی نەتەوایەتییان بە تایبەتیی لە کوردستان، ئازەربایجان، خوزستان و بەلوچستان قەڵتوبڕ کردووە.

ئێستا ٤٣ ساڵ پاش دامەزرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەستپێکی کۆتایی حکوومەتی ئیسلامی هەر لەو کوردستانەیەوە سەرهەڵدەدات کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرکوتکردنی خوێناویی خەڵکەکەی، ژیانی سیاسی خۆی دەست پێ کرد. خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە بایکۆتی گشتپرسیی "کۆماری ئیسلامی ئەرێ یان نا؟" یەکپارچە "نا"یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامیگوت. دوو ڕێکخراوی سەرەکیی سیاسیی کورد - حیزبی دیموکراتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- هەر لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، خوازیاری دابەشینی دەسەڵات و دابینکردنی ماڤی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی"خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران" بوون. ئەگەر ئەم ویستە وەدی هاتبایە، بێگومان ئەم ڕەوتە نەک کوردستان بەڵکوو تەواوی ناوچە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێرانیشی دەگرتەوە. قەبووڵی ئەم خاڵە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، بیویستبایە یان نا، بە مانای قەبووڵی دەسەڵاتی ناکۆجێیی بۆ گشت ئێران دەبوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وێرای سەرکوتی بەردەوامی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لە قارنێ، قەلاتان و ئینددرقاش، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد لە دادگای سەرپێی و بەندیخانەکانی ئێران، تێرۆری ڕێبەر، کادر و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان لە ئێران و دەرەوەی وڵات و هتد، هاوکات پاڵپشت بە سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوە و ئاغا بمێنەوە" و بە بەکاربردنی فێڵوتەڵەکە و تاوانبارکردنی ناڕاستی هێزە سیاسییەکانی کورد، هەوڵی دووبەرەکی‌نانەوە و جیایی‌خستنی لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، بە تایبەتی تورکە ئازەربایجانییەکانی دەدا. هەرچەند حکوومەتی ئێران لەم پێوەندییەدا بۆ ماوەیەکیش دەستکەوتی هەبوو، بەڵام بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ئێران کە بە ڕاپەڕینی قارەمانانەی خەڵکی سەقز لە خەرمانانی ئەمساڵ و، لە ڕێوڕەسمی ناشتنی نەمر ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد و، لەگەڵ پشتیوانیی تەواوی نەتەوە و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بەرەوڕوو بۆوە، لە یەک ڕۆژدا ڕیسەکەی کۆماری ئیسلامیی کردە خوری. یەکیەتی و هاودەنگی بێهاوتای نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران پیشاندەری ئاستی بەرزی ئاگایی و تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک و هەرەسهێنانی سیاسەتە دووبەرەکی نانەوەی ڕێژیمی سیاسیی ئێرانە. ئەگەر بە هەر هۆیەکیش، ڕەوتی ڕووخاندنی ئەم ڕێژمە درێژە بکێشێ، ئیتر کۆماری ئیسلامی قەت ناتوانێ لەوە زۆرتر درز بخاتە نێو ڕیزی خەڵک. حوکمی مێژوو بەرەو پێش دەڕوا و خەڵکی یەکگرتووی ئێران درەنگ یان زوو کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرەستە دەهێنێ و لە گۆڕستانی مێژووی دەپەستێون.
بێگومان، پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێران و دەوڵەتی نوێ کاتیی بەرەوڕووی کێشەی دامەزراندنی سیستمێکی ناکۆجێیی دێموکراتیک دەبێتەوە کە دەبێ وەڵامدەری نەک تەنیا مافی شارومەندی، بەڵکوو پرسی نەتەوەییش بێ. گەلالەکردنی دروست و چارەسەرکردنی دێموکراتیکی ئەم پرسە، چارەنووسی کۆمەڵگەی داهاتووی ئێران و بە میلیۆن کەس دیاری دەکات کە هەر لە ئێستاوە ڕەنگدانەوەی ئاواتە دێرین، ڕەوا و ئینسانییەکانی خۆیانی تێدا دەبینن .بەڵام، پێداگریی دەسەڵات و نوێنەرانی سیاسیی ئێران لە داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی تەواوی پرسە هەڵپەسێرا و حاشالێکراوەکان و یەک لەوان پرسی نەتەوەیی بە دابینکردنی مافی شارومەندیی، ناتوانێ وەڵامدەری داخوازییە مێژووییەکانی کورد و نەتەوەکانی ستەملێکراوی ئێران بێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چارەسەرکردنی هەر پرسێک لە سەرەتادا پێویستیی بە دانانی بە بوونی پرسەکە هەیە. بەگشتی، نەتەوە نافارسەکانی ئێران وەکو هەر ئێرانییەکی دیکە، وێڕای پێشێلکرانی مافە شارومەندییەکانیان لەلای حکوومەتی ناوەندییەوە، بە دەست ستەمێکی دووهێندەیی و چەندقاتی دی، واتە نەتەوەیی دەچەوسێنەوە

خەڵکی ئێران، بێ لەبەرچاوگرتنی میلیەتیان ڕیزە داخوازییەکی هاوبەشیان هەیە، وەکوو ئازادیی چاپەمەنی و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان، یەکسانیی ژن و پیاو، مافی دەرسخوێندنی بە بەلاش، مافی بەربژێر بوون و هەڵبژاردن، کێشەی بێکاریی، خۆشبژێویی و هەبوونی ماڵ و هتد. بەڵام ستەمی نەتەوەیی، ستەمێکی دووقاتە و کەسێک تووشی ئەم هەڵاواردن و دووچاوەکییە نەبووبێ، ئەستەمە تێی بگات یان هەستی پێ بکات. هۆیەکەشی سادەیە، ستەمی نەتەوەیی و کاردانەوەی نەرێنیی ئەم چەوسانەوەیە قەت کێشەی و مەسەلەی ئەو نەبووە و نابێت. یەکێک لەم نموونە بەرچاوەکانی ستەمی دووقات، فێرکاری و خوێندنی منداڵان بە زمانی زگماکیی وەکوو پێکهێنەری شوناسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی ئەوان لە داهاتوودایە. بۆ وێنە، ئەو منداڵە فارس‌زمانەی کە یەکەم هەنگاوی ئەزموونی فێرکاریی لە قوتابخانە بە زمانی زگماکی خۆیەتی، ناتوانێ لەو کێشەیە و، زەبر و ئازار ڕووحییە تێ بگات کە لە ڕەوانی منداڵی کورد، تورکی ئازەربایجانی، بەلووچ و هتد لە کاتی هەنگاونانی لە قوتابخانە دەدرێ. ئەو قەت بە هۆی جلوبەرگ و هەبوونی زاراوە لە کاتی قسەکردن بە فارسی، سووکایەتی پێ ناکرێ و، هەر لە کاتی منداڵییەوە وەکوو شارومەندی پلە ۲ لە ئێران هەڵسووکەوتی لەگەڵ ناکرێ. ئەو لەبەر زاراوە و هەڵە لە دەربڕینی وشەگەلی فارسی لەلایەن مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسییەوە سزا نادرێ و لەلایەن کەسانی دیکەوە گاڵتەی پێ ناکرێ. بێ‌گومان پانتایی ستەمی نەتەوەیی زۆر بەرفراوانتر لە مەسەلەی فێرکارییە و، ڕیشەی لە سیستمی حاکم بەسەر ئەو وڵاتە فرەنەتەوەییەوە هەیە کە نەتەوەی دەسەڵاتدار بۆ پاراستنی نیزام و زاڵبوونی بەسەر تەواوی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نێو کۆمەڵ، وێڕای دووچاوەکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە، بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوتیان دەکات.

مێژووی ئێران بەتایبەتی لە سەردەمی قاجارەوە هەتا ئێستا شایەتی سەرکوتکرانی هێزە ئازادیخوازە نافارسەکانی بەرهەڵستکار بە ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی و، لە کوردستان بە تایبەتییە. حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران هەمیشە بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی تەواویەتی ئەرزی ئێران و، هەڵبەستنی تاوانی ناڕاستی سەر بە بێگانەبوونی نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و نافارسەکانی دیکە، هەر چەشنە داخوازی و بانگی ئازادیخوازی ئەوانیان بە زەبری زۆر سەرکوت کردووە. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەم سەرکوتکردنانەش، خەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئێران نەک کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکوو بەهێزتر بووە و پەرەشی سەندوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەزموونی دوو سەدەی ڕابردوو پێشانی داوە نکۆڵیکردن لە ڕاستییەکی بڕاوە و، لەبەرچاونەگرتنی پرسی نەتەوەیی نەک یارمەتی بە چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە کۆمەڵگە نادات، بەڵکوو دەبێتە هۆی توندتر و ئاڵۆزتربوونی گیروگرفتەکە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر دابینکردنی مافی شارومەندیی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی تاکی ئێرانی بێ، ناتوانێ ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی واتە داخوازی کۆی نەتەوەیەکی چەوساوە بێ کە دەیەوێ وەکوو بەشێک لە وڵاتی پان و بەرینی ئێران مافی یەکسانی لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆی لە ئاستی میللی بە تایبەتی و، ئاستی ئێران بهگشتی بێ. نەتەوە و گەلانی پێکهێنەری ئێران وێڕای هەبوونی مێژوویەکی هاوبەش، هاوکات تایبەتمەندیی نەتەوەیی وەکوو وڵات، زمان، فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەییان هەیە و دەیانەوێ لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندا بەشدار لە کاروباری ناوچەی خۆیان بن و، بە هەبوونی مافی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سروشتی، لە وڵاتێکدا بژین کە بە دوور لە دەسەڵاتی تەنیا ناوەندێک و نکۆڵیکردن لە مافی پەراوێزییەکان بێ.

ئەو دەسەڵاتە تەسکەی نێو یاسای بنەڕەتیی ئێران کە لە سەردەمی مەشروتە بە ناوی "بنەمای ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان" بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان پەسەند کرا، لە ترسی تێکچوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەند قەت بە ئەیالەت و ویلایەتەکانی ئێران و قۆناخی بەڕێوەبردن نەگەیشت، بەڵام ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوو و فرەنەتەوەییەکانی جیهان کە سیستمی فیدرالیزم یاخود کۆنفیدرالیزم زاڵە، بێئەوەی یەکپارچەیی ئەرزیی ئەوان خەوشدار بێ و تێکبچێ، نەتەوەکانیان لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی سیاسیی هاوبەشدا، بە چەشنێکی چالاک بەشدارن لە ژیان و کاروباری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆیان.

نابێ لەبیر بچێتەوە کە یاسای بنەڕەتیی ئێران و یەکەم یاسای هەڵبژاردنی پەسەندکراو لە ساڵانی ١٢٨٦-١٢٨٥ هیجری (١٩٠٧-١٩٠٦ زایینی) کە جاروبار هێزە مەشروتە و سەڵتەنەت خوازەکانی ئێرانی وەکوو سەرچاوەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی "قەومی"ی ئاماژەی پێ دەکەن، بۆخۆی نیشانەی بەرچاوی ستەمی نەتەوەیی و هەبوونی سەرپشکی تایبەتی بەبۆنەی فارس و شیعەبوونە. بۆ وێنە لە نێوان ١٥٦ کورسی بۆ تەواوی نوێنەرانی ئێران لە مەجلیسی ئێران، ٦٠ کورسی بە تارانێک درابوو کە زۆرینەی دانیشتووانی فارس بوون. ئەمە لە حاڵێکدابوو، بە ئازەربایجان کە دانیشتووانی گەلێک زۆرتر لە تاران بوون تەنیا مافی ١٢ کورسی درابوو. بۆ کوردستان و هەمەدان ٦ کورسی و، خوزستان، لوڕستان و بروجێردیش لەسەریەک ٦ کورسی درابوو.

مافی بەربژێربوونیش تەنیا بە کەسێک دەدرا کە شارەزای زمانی فارسی بایە. هەروەها لەو یاسا بنەڕەتییە و، یاساکانی دوایی ئێران ئایینی شیعە، هەمیشە وەکوو ئایینی فەرمی ئێران پێناسە کراوە و، تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەنیا کەسێک مافی سەرۆک کۆماربوونی هەیە کە شیعە بێت.

نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە تەواوی بوارەکانی ژیان وەکوو وەبەرهێنان و گەشەکردنی دامەزراوە و پیشەسازییە ئابوورییەکان تا دامەزرانی قوتابخانە و زانکۆ، هەروەها گرنگیدان بە زمانی زگماکی و هتد بەر تیغی دووچاوەکی کەوتوون. ستەمی نەتەوەیی و هەڵاوارنی سیستماتیکی ڕژێمەکانی قاجار، پەهلەوی و ئیسلامیی ئێران هەمیشە لەگەڵ خۆڕاگری و خەباتی نەتەوەکانی ستەملێکراو بەرەوڕوو بوونەتەوە و نوێنەرە سیاسییەکانی ئەوان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، ئازادی و مافی بەشداری لە چارەنووسی خۆیان و ئێرانێکی بەدوور لە ستەمی نەتەوایەتی خەباتیان کردووە و، قوربانیی زۆریان داوە. بێگومان قەبووڵی ڕەنگالەیی کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران و تەیارکردنی بارودۆخی شیاو بۆ ژیانی خۆویستانەی نەتەوەکان پێکهێنەری بەستێنی شیاو بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تەواوی ناوچەکانی ئێران و بەشداریی خەڵکی ئەو ناوچانە بە هەر میللیەت و ئایینێکەوە لەم ڕەوتە بێ. ئەم دیاردەیە تەنیا لە وڵاتێک دەرفەتی سەرهەڵدانی هەیە کە ناکۆجێی و دێموکراتیک بێ.

ئەمر پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوەڵین سەرۆککۆماری کوردستان نزیک بە ٨ دەیە لەوەپێش، لە یەکێک لە نوتقەکانی خۆی لە جۆزەردانی ١٣٢٥دا وێڕای باسکردن لە ژیانی نەتەوەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سوئیس، دەبێژێ "ئەگەر بیتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ، چ مانعێک هەیە ئەوی لە ئێرانیدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری."

ئەم وتانەی پێشەوا قازی محەممەد هەڵگری پەیامێکی تایبەت و ڕوونە. هەر کاتێک دەوڵەتی ناوەندی پابەند بە دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران بێت، ئەوان دەتوانن لە چوارچێوەی یەکێک لە سیستمە ناناوەندییەکان وەک فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزم بە هەبوونی مافی یەکسان بژین، بەڵام بێگومان پێداگریی دەوڵەتی ناوەندی بۆ درێژپێدان بە سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی گەلان، جیایی و دووربوونەوەی ئەوانی لە ناوەند لێ دەکەوێتەوە. نەبوونی بەستێنی پێویست بۆ ژیانێکی خۆویستانە و بەشداریی نەتەوەکانی ئێران بە مافی بەرامبەر لە دەسەڵات و، دابەشنەکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی وڵاتی پان و بەرینی ئێران، هەروەها نەبوونی سازوکاری دێموکراتیک بۆ کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەند لەلایەن نوێنەری نەتەوە و چین و توێژەکانی خەڵک، ڕێ بۆ جووڵانەوە سەربەخۆییخوازیەکانی گەلانی ژێر ستەم وەکوو مافێکی ڕەوای ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکاتەوە. ئەوانەی بە درێژەدان بە سیاسەتی ستەمی نەتەوەیی دەیانەوێ وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران بەڕێوە بەرن، لە ڕاستیدا ڕێگا بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتە ئامادە دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم پێوەندییەدا پێویستە لە ئەزموونی ڕابردوو بۆ سازکردنی ئێرانێکی نوێ کەڵک وەربگیرێ کە تەواوی نەتەوە ستەملێکراوەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وەدیهاتنی ئاواتە نەتەوەیی، چینایەتی و جنسیەتی خۆیان تێدا ببینن. نکۆڵیکردن لە کێشەی نەتەوەیی و چارەسەرنەکردنی دێموکراتیکی، ڕێگا بۆ درێژەپێدان بە گیروگرفتە نەتەوایەتییەکان لە داهاتوودا دەکاتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ۸۳٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۱۸ی خەزەڵوەری ۲۷۲۲ = ۹ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲

---

## کورد، بوونە نەک فۆرم




**کەیوان درووەدی**

هۆی خستنەڕووی ئەم بابەتە، سەرلێشێواویی ئەوانی تر بۆ لەقاڵبدانی کورد و ناپوختەیی بەشێک لە کوردە کە لە دەلاقەی بەدەر لە خۆی، سەیری بوونی دەکات. لای نووسەری ئەم دێڕانە، کورد تەنیا هەقیقەتێکی زاتییە؛ واتە نە نکۆڵی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەڵدەگرێت و نە ئەوەندە بەردەستە کە بیخەیتە چوارچێوەی ئایدئۆلۆژییەکەوە. ئەوەی زۆرتر حاشا لە کورد بکات، زیاتر گیرۆدەی هێزی هەقیقەتی کوردە و ئەوەی دەیخاتە نێو ئایدئۆلۆژی و ڕێکخراوەوە، تەنیا پەرژین بەدەور خۆیدا ئەکێشێت.

وەک لەو ڕۆژانە دەیبینین، هەموو پێکهاتەکانی نێو ئێران، هەر یەکە و بە جۆرێک ئەم وزە و گڕوتینەی کورد لێک ئەداتەوە. بەشێک لەوانەی سەرسامن، ئەم مەیلە بۆ ئازادی وەکوو هەوڵێکی هەڕەشەئامێز بۆ سەر خۆیان دەبینن، بەشێکی تر، دەرفەتێک بۆ "ئێرانی یەکپارچە"! کەچی کورد نە هەڕەشەی کردووە و نە هیچ کاتێک پێی ناوەتەماڵی ئەوی تر، لە هەمان کاتدا پێملی ڕێسای هێزی پەتی (زۆرداری)ی دەوڵەت نەبووە تا بە بیانووی پاراستنی یەکپارچە پێداگری لەسەر بوونی خۆی و فرەیی بەگشتی نەکات. نە خۆی بەرانبەر بە کەسێک دەناسێنێت و ڕێگە ئەدات کەسێک بەو جۆرە پێی خۆشە یان پێی باشە بیناسێنێت، نە بەشداریی دەسەڵاتە و نە پشکی لە داهات دەوێت. هاوکات نە ڕووی دەسەڵاتخوازیی پێوە دیارە و نە داوای ئاوێتەبوونی بە سیستەمی ئابووری دەکات. ئەم دینامیزمە، تەنیا لە خۆبوونی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت. جۆرێک لە ڕوحی گشتی کە مەیلی سەردەستبوون (زاڵیەتی) پێ نییە و ژێردەستبوون (کۆیلەیی) بە شوورەیی دەزانێت.

هەر ئەمەش کوردی کردووە بە چەقی ڕووداوەکان، لە کاتێکدا، بە هیچ شێوازێک ناکرێت ئەم دیاردە بە داڕێژراو بزانین. کورد بە هیچ جۆرێک پلانێکی بۆ ئەوە نەبووە هەمووان لە پەراوێزی خۆی کۆ بکاتەوە، کەچی بێ کورد، ئەوانی تر مەیلی پەرتەوازەییان زاڵترە تاکوو خواستی پێکەوەبوونیان.

ئەوە ئەویترە کە پێی ناوەتە خاکی کورد، کەچی دەرکەوتنی بوونی هەقیقەتی کورد وای لێ دەکات، بکەوێتە پەلەقاژەی دوورخستنەوەی کورد لە خۆی. ئەمە بە ڕێسا باوەکانی دیاردەناسی لێک نادرێتەوە، کە چۆنە کورد لە خۆیدا تەبایی دەوێت، هەمووانیش بە ناوی تەبایی دەدوێن، بەڵام تێگەیشتنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فۆرماڵیان بۆ ئەو تەباییە پێیە. با هەر باسی ئورمیە بکەین، تا لەم هێزی هەقیقەتە بگەین.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا شەهید و بریندار و گیراوانی کورد لەو شارە ئەو ڕاستییەی درخست کە لەوێ بوونی کورد خۆی دەنوێنێت و بەوەشەوە کە دەزانین ئەوانەی دەستیان لە گرتن، کوشتن و ئەشکەنجەی کورد لەو شارە هەیە، بە زۆری هەر لە تۆرەمەی ئەوانەن کە دژی کورد هەڵوێست دەگرن، کەچی ئەم شوورەیییە لە خۆیان دوور ئەکەنەوە. بەڵام سەیر دەکەین کە کورد ناپەرژێتە سەر ئەوەی تاوانباران کێن، چونکە لە بنەڕەتەوە بەلایەوە گرینگ نییە کێن! ئەو تەنیا خۆی دەردەخات و ئەوانی تر بە شاراوە چەکی بەرانبەر ڕادەکێشن و بەئاشکرا چاوی لێ سوور دەکەنەوە! ئەی چی وا دەکات بە پشتیوانیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێـزی نێوخـۆی ئەو وڵاتە و پشـتگیریی دو وڵاتـی تـر، هێشـتا ئەوان کـورد بە مەترسـی بـزانن؟! سـەیر نییە کە کـوردی بێدەوڵەت، ئەوی تر بە هەڕەشە نازانێت، کەچی ئەوان لە دەستی بەتاڵی کورد تووشی هیستریا ئەبن! و تەنانەت بەشێک لە کوردەکـان بـێ ئەوەی بیـر بـکەنەوە و لە قـاڵبی فـۆرمە بـاوە ئایـدئۆلۆژیک و ڕێکخراوەییەکانـدا، بـاوەش بـۆ مەیلـی هێرشبەرانەی ئەوی تر ئەکەنەوە!

لێرەوە پێویستە ئەمانەی بەناوی پێکەوەژیان، خەریکن دەست بە ڕووی کوردەوە دەنێن، بپـرسین؛ کـامە کـورد گوتـوویە تـورک دەسڕمەوە؟ بۆچی ناوهێنانی ئورمیە بە ئازەربایجان بەئاسایی وەردەگرن، کەچی لەلایەکی تـرەوە ناوهێنـانی بە کوردستان، گـرێ دەدەن بە ڕێکخـراو و ئایـدئۆلۆژیی "سـەرەڕۆیانە"وە! ئـاخۆ بـاوەڕیـان بە سـنووردانانی تـاران هەیە کە کوردسـتانی خستووەتە نێو چوارچێوەی پارێزگای سنەوە؟! جا ئەگەر وایە خۆ دەبێت دەست لە کرماشانیش هەڵگرن، ئەی بۆ دەستی لـێ هەڵنـاگرن؟ بەدڵنیـاییەوە کـورد بـێ ئەوەی مەیلی گرژی و بەریەککەوتنـی تێدا بێت، لە بـوونی کـورد لە ئـورمیە پاشەکشە ناکات، چونکە هەقیقەت پێڕەوی لە یاسای هێز ناکات. وەکوو خۆر چۆن هەر دەبێت هەڵبـێ و گرینگ نییە، ئاسمان وەشت بێت یان ساماڵ، سەرما بێت یان گەرما، هەر تیشکی ڕۆشنایی خۆی دەرئەخـات، کوردیش بـێ ئەوە بـۆ بەزانـدنی ئەوی تـر هەنگاو هەڵبگرێت، ڕووگەی خۆی کە دەرکەوتنی بوونییە بەر نادات.

کێـیە نەزانێـت، دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانـی و تـورکی و سـووریەی و عێراقـی، بە زێـڕی ڕەش (نەوت) خـۆی لەسـەر پـێ ڕاگرتووە؟! ئەگەر ئەو داهاتە لە خەزێنەداریی وڵاتـانەوە نەڕژێتە گیرفانیـان و بەوەش هێـزی سەرکوت دروست نەکەن، کوا پێیـان دەکرێت درێـژە بەم فـۆرمە هەنووکەییە بـدەن؟ هێزی ئەوان لە زۆرداری و هێـزی کـورد لە هەقیقەتدایە. وەک چۆن کەسی بێتـاوان بێبـاکە لەوەی بەهۆی یاسای نادروستەوە تووشی تـۆمەت بێت، کـوردیش هیچ ترسێکی لەوە نییە کە لەبەر پێـداگری لەخـۆی لە بەرانـبەر فراوانخوازیـدا، قسـەی هەڵبەسـتراوی وەپـاڵ بخـرێ. چـونکە بە وردی لە خـۆی دڵنیـاییە و دەزانێت سنووری تۆمەت و تاوان چییە.

جا بۆیە هەرکات مرۆڤی تۆمەتبار لە خۆی دڵنیا نەبوو و لە یاسا (کە هێز دروستی دەکات) ترسا، ئەوە دیارە ملی بـۆ ئەو یاسا ڕاکێشـاوە و تووشـی سزاش دەبێت. بەڵام ئەوەی ململانێی هێـزی ڕەت کـردووەتەوە، یـان تووشـی تـاوان نابێت، یـان ئەگەریش بەتاوانبار ناسێندرا، ئەوە دڵنیایە یاساکە نارەوایە نەک کردەوەی خۆی.

ئەوە کـورد نییە کە دەسـتی داوەتە ناسـاندن و دابەزانـدنی بـوونی ئەوی تـر، بەڵکـوو ئەوە ئەوانـن لە سـەدان دامەزراوەی نیزامی، سیاسـی، ئـابووری و .. بەکـار دێنن تـاکوو بـوونی مێژوویـی کورد لێـژ بـدەنەوە نێو دەفری دەوڵەت-نەتەوەی سەد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵەوە. بە دیویکی تردا ئەوە کێشەی کورد نییە کە دەرکەوتنی بە سادەیی، ڕاستەوخۆ مەترسیی لەسەر فۆرمی ساختەی هێز دروست دەکات، ئەوە زۆرداریيە کە دەبێت مل بۆ هێزی هەقیقەت ڕابکێشێت! هەر بۆیە لێرەدا پێویستە دووپاتی بکەینەوە، کورد بوونێکە کە بەرگەی فرەڕەنگی و فرەلایەنی دەگرێت، بۆیە دەست نابات بۆ ناسنامە و سنووری ئەوی تر و ئەوە ئەوانن دیواری بوونیان لەسەر کورد هەڵچنیوە و بەر لەوەی خۆیان بناسێنن، بەوپەڕی ترس و لەرزەوە چاویان لەسەر کوردە، بەشکم بە ملدان بەهێز و هەڕەشە، ئەو کەلاوە بنلەق و لە ڕواڵەتدا ڕازاوەیە هەڵنەتێکێنێت و لە بوونی خۆی پاشەکشە بکات.

ئەگەر ئەمریکا لەسەر تەرمی سوورپێستەکان بونیاد نرا، وڵاتانی باکووری ئافریقا بە ناسنامەی ساختەوە، حاشا لە بوونی ئامازیغی دەکەن. ئەگەر چین هەمان هەنگاو دژی تەبەتییەکان هەڵدەگرێت و دەنگێکی بەهێز ئەو ڕاستییە نادرکێنێت، ئەوە دەنگی کورد شەپۆلێکی دژەستەمە کە بێ ئەوەی خۆی وشیارانە بڕواتە پێش، سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە و کۆی ئەم نەزمە داسەپاوە لە چوارچێوەی ئەزەلی-ئەبەدی و بێ کەموکورتی بۆ حاڵەتی ڕاستەقینەی خۆی کە فۆرمێکی ساختەی هێزە دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر ئەم هێزی هەقیقەتە ئەوەندە پێشخانی دەوڵەمەند و قووڵی هەیە، کەواتە دەبێت بەدەمیەوە بچین و بەجێی ئەوەی لە دەلاقەیەکی تەسکەوە و لە دوورەوە سەیری بکەین، لە نزیکەوە ڕێگە بدەین ڕەوایەتی خۆی، وەک ئەوەی هەیە، بگێڕێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئاوڕدانەوەیک لەسەر شۆڕشی ئێستەی نەتەوەکانی ئێران




**سۆران شەمسی**

شۆڕش دیاردەیەکی مۆدێرنە. لە بیروباوەڕی سیستەمی تەقلیدیدا، ئەگەر باروودۆخی ژیانی مرۆڤ لەبار نەبێت، دەکرێت پێوەندی بە سروشتی گەردوون و چارەنووسەوە هەبێت، چارەنووسێک کە ناتوانرێت بنووسرێتەوە و بگۆڕدرێت. بەڵام لە دنیای مۆدێرندا ئەگەر بۆشاییەکی قووڵ لەنێوان ئەوەی هەیە و ئەوەی خوازراوە هەبێت، ئەوا دەکرێت "ئیرادە" بکرێت و هەلومەرجەکان بگۆڕدرێت بۆ ئاراستەی خوازراو.

ئەم ئیرادەیە تەواوی چیرۆکەکە نییە. ئەگەر ئیرادەی حکوومەتی دامەزراو سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان بێت و ئەگەر هەلومەرجی ئەم سەرکوتکردنە هەبن، دەکرێت ڕێگری لە ڕوودانی شۆڕشێک بکرێت، بەڵام ئەوەی کە حکوومەتێک هەم دەیهەوێت سەرکوت بکات و هەم توانای سەرکوتکردنی هەیە، شتێک نییە کە بتوانێت پێش سەرکەوتنی شۆڕشێک پشتڕاستکرایەوە. ئەگەر کۆمەڵە فاکتەرەکان بۆ پێکهێنان و سەرکەوتنی شۆڕشێکی سەرکەوتوو بپێوین، دواجار دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەستەمە پێشبینی ڕوودان و کاتی سەرکەوتنی شۆڕشێک بکەین.

بۆیە دەکرێ بڵێین شۆڕشەکان پێشبینی ناکرێن و ئێران لە لێواری شۆڕشدایە یان نە، لەڕاستیدا گریمانەمان کردووە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دڵنیا نییە کار دەکات. تەنانەت ئەگەر پێشبینیی ڕوودانی شۆڕشێک بکەین و شۆڕشەکە ڕوو بدات، هەر دەکرێت بڵێین ئێمە تەنیا شانسی ئەوەمان هەبوو پێشبینییەک بکەین کە ڕاست دەرچوو. ڕزگارکردنی کوردستان و ئێران لە خراپەی دیکتاتۆریەتی مێژوویی و ستەمی ئایینیی ئێستە پەیوەستە بە پێکهێنانی ڕاپەڕینی نارەزایەتی و بە ڕێبەرایەتی بزووتنەوە لایەنگرەکانی دێموکراسی.

بەبێ پشتیوانی و پشتیوانیی چالاکانەی دێموکراسیخوازان بۆ ڕاپەڕینە نارەزایەتییەکانی داهاتوو، ئەگەری ڕەوتی دژە دێموکراسی لە سەرووی ئەو نارەزایەتییانە و دووبارەبوونەوەی سووڕی خراپەی بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییەکی نوێ لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دیکەدا بە کەم سەیر ناکرێت.

### لە کۆتاییدا وەڵامی من بۆ ناونیشانی ئەم بابەتە بەم شێوەیەیە

ئێمە پێمان خۆش بێت یان نا، ئەو پێکهاتە سیاسییەی کە حوکمڕانیی ئێران دەکات، بەبێ گوشاری کاریگەر لە خوارەوە، توانای گۆڕانکاری و چاکسازیی لە سەرەوە بەتەواوی لەدەست داوە. بەبێ ڕاپەڕینێکی نارەزایەتیی گشتی کە داواکاری ئازادیخوازانەی توێژە کولتوورییەکان و چینی ناوەڕاست و کرێکارانی پیشەسازیی کوردستان و ئێران لەگەڵ داواکارییەکانی بژێویی میلیۆنان کەس لەژێر هێڵی هەژاریدا تێکەڵ بکات، حکوومەتی ڕەها و سەرکوتگەری ئایینی یەک تۆز لە خۆی پاشەکشە ناکات بۆ پۆستەکان.

وەک باس کرا، نارەزایەتیی خەڵک بەبێ سەرکردایەتیی بزووتنەوە، لایەنگرانی دێموکراسی دەتوانێت ببێتە هۆی تێکشکان و دۆڕان یان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییەکی نوێ لەبری ئەو ستەمکارییە ئایینییەی ئێستە. ئەوانەی ئەمڕۆ بە جەختکردنەوە لەسەر مەترسی بە سووریەکردنی ئێران، خەڵک لە نارەزایەتی بەربڵاو و نافەرمانی مەدەنی دەترسێنن، جگە لە درێژەدان بە حوکمڕانیی ڕەهای فەقیهـ، هیچ بەدیلێکیان نییە.

کێشەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی داهاتوو، واتە خواستی ئازادی و دادپەروەریی زۆرینەی ڕەهای خەڵک کە لە پاساوە تا ئەمڕۆ جەختیان لەسەر ئەو داواکارییە لەمێژینەیە کردووەتەوە، ناتوانرێت بە هۆشداری و ترساندنی خەڵکی لە مەترسیی وەهمیی ئەوەی وڵاتەکە ببێتە سوریە. دوای ٤٣ ساڵ لە شۆڕشی گەلانی ئێران، ئێران زیاتر ئاگاداری کاریگەریی کۆماری ئیسلامی بووە. درەنگ یان زوو دوو داواکاریی سەرەکی، واتە ئازادی و نان، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە شەپۆلێکدا دەهێنێت کە بەردەوام دەنگ بەرزتر و بەهێزتر دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریی ئایینی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕزگاریی ئێران بە ڕێگەی هاوسۆزی و هاوەڵیەتیی دیموکراسیخوازان و دادخوازانی ئێران لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی داهاتوودا تێ دەپەڕێت. با هەرچی پێمان خۆش بێت ناوی لێ بنێین؛ شۆڕشی مەخمەلی، شۆڕشی ناتوندوتیژ، شۆڕش و...

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لە بنبەستدایە و جەماوەری خەڵک لە نیزام بێهیوا بوون و ترسی حکوومەت بۆ ئەوان بێمانا بووە و زیاتر ئامادەن لە شەقامەکاندا لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکان خەریک بن. کەس دڵنیا نییە کە ڕێژیمی داهاتووی ئێران چی دەبێت، بەڵام خەڵکێکی زۆر بە تامەزرۆییەوە تامەزرۆی بینینی گۆڕانی ڕێژێمن.

مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیم ئەوەندە گران نییە، بەڵام پێویستی بە پلانێکی هەنگاو بە هەنگاو هەیە بۆ یارمەتیدانی شاراوەی ئەو توخمە دژبەرانەی ڕێژیم لە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێراندا. گرنگترینیان سەندیکاکانن، وەک سەندیکاکانی کرێکاران و مامۆستایان کە چەندین جار مانیان گرتووە لە نارەزایەتی بە سیاسەتەکانی حکوومەت. هەروەها گرووپە خوێندکارەکان کە نارەزایەتییان لە کەمپی زانکۆکان ڕێک خستبوو.

بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی ئێستە، بە ئامادەکاریی زیاتری عەقڵی و کردەیی گەلانی ئێران و پاڵپشتیی جیهانی بۆ ڕاپەڕینیان، دەبێتە هۆی شۆڕشێک بۆ ئازادی و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئازادیی ژنانی ئێران کە لەگەڵیاندا بوونەتە شانازیی هەمووان خەباتی هاوبەشیان و دیموکراسی و یەکسانی بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی کاریگەریی هێزە دەرەکییەکان لەسەر دۆخی ناوخۆ، دەبێت بڵێین کۆماری ئیسلامی ئێستە لە خراپترین بارودۆخی نێودەوڵەتیدا دەژی و پێشکەوتنی دۆخی شۆڕشگێڕانەی ئێران بازنەی گەمارۆدانی دەوری سیستەمی ئیسلامی لەسەر توندتر دەکات، قۆناغی جیهانی.

پشتیوانیی خەباتی زۆرێک لە هاووڵاتییانی کوردستانی و ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە لەم چەند حەفتەیەدا لە زیاتر لە ١٥٠ شاری جیهان هاتنە مەیدان، شانبەشانی کچان و کوڕان، ژن و پیاوانی وڵات، بێگومان بە فرێکوێنسیی زیاتر بەردەوام دەبێت لە داهاتوودا. گەلانی قارەمانی ئێران لە چین و توێژە جیاجیاکان و بەتایبەت کچان و ژنان، قوتابییان و خوێندکاران لەم چەند حەفتەیەدا کارێکی مەزن و مێژووییان ئەنجام داوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بابەت و ناساندنی هاوچەرخی ئێرانی بە ئاڵای "من". بیر بکەرەوە، دەمەوێت مامەڵە دەکەم "من" دەیکەم، بۆیە "منم"، بە توندی لە گۆڕەپانی فەرەخی ژیان و سیاسەتدا وەستاوە. بابەتێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە شۆڕشی دەستوری و گۆڕانکارییە یاسایی، ئایدۆلۆژی، زانستی، کولتووری، سیاسی و پێکهاتەیی ئابووریی سەد و بیست ساڵی ڕابردووی ئێراندا هەیە. هەرچەند پچڕانی ناکاتی و دۆڕانی حوکمی چل ساڵەی ویلایەتی فەقیە و کاردانەوەی ئیسلامییەکان زیانێکی زۆری پێی گەیاند، بەڵام نەیتوانی ئەو بناغانەی کە لە سۆژەی ئێرانییەتدا ڕەگیان داکوتیبوو، لەناو ببات. ئەمڕۆ ئەم فینیکسە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و بە هاوکاریی تۆڕی کۆمەڵایەتی و جیهانی دیجیتاڵی، لە خۆڵەمێشی ژیان و کات، سەرکەوتووانە هەڵکشاوە. دروشمێک کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەعبیر لە داواکاریی مۆدێرن و ڕۆشنگەرانە و عەلمانی دەکات کە هیچ جێگەیەک بۆ بونیادگەرایی ئایین لە حکوومەتدا ناهێڵێتەوە و ڕەنگدانەوەی ویستی جیاکردنەوەی یەکلاکەرەوەی ئایین و شەریعەت لە حکوومەت و سیاسەتە. ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی ئێستەی گەلانی ئێران دەتوانێت هەوراز و نشێوی لەگەڵدا بێت، وەک هەموو گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییە ئاشتیخوازەکان یان نائاشتیخوازانە پێویستی بە کاتێکی زیاترە، بەڵام پێ دەچێت ئەم ڕێگەیە دەست پێی کراوە و کۆتاییەکی باش و سەرکەوتووانەی هەبێت.

لەگەڵ تێکۆشانی هاوبەشی سەرانسەری و نەتەوەیی بۆ ئازادی و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئازادی و ئازادیی ڕادەربڕینی ژنان و بۆ دیموکراسیی پەرلەمانیی عەلمانی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ ژیانێکی باشتر و ماف و کەرامەتی مرۆڤە.

هیوای باشترکردنی بارودۆخی سیاسیی وڵات و بەتایبەت دوای هەڵبژاردنە مشتومڕاوییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی تاکوو ئێستەش وەک سەرابێک بۆ چالاکانی سیاسیی چاکسازیخواز ماوەتەوە، سەرابێک کە بە تێپەڕبوونی کات خەریکە دەگۆڕێت بۆ خەون. ئازادکردنی ژمارەیەک بەندکراوی سیاسی لە سەروبەندی جەژنی قورباندا کە هەندێکیان سزاکانیان تەواو بووبوو، بوو بە هۆی وروژاندنی بەشێک لە چاکسازیخوازانی حکوومەت و هیوای کردنەوەی کەشێکی سیاسی لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەماندا زیندوو بووەوە، بەڵام قسەکانی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کاتی نوێژی جەژن و قسەکانی کە نابێت ڕێگە بدرێت هەڵبژاردن ببێتە تەحەدا بۆ ئاسایشی نیشتمانی، ئاماژەیە بۆ ئاسایشی هەڵبژاردن و بەرتەسکبوونەوەی فیلتەری ئەنجومەنی پارێزەران. ئەم ئەمرەمیدە چاکسازیخوازانی کردە نائومێدی. مێژووی مێوار و بەتایبەتی لە هەشت مانگی ڕابردووی بەهاری عەرەبیدا بە ڕوونی ئەم پرسەی نیشان داوە: ئەو حکوومەتانەی کە خۆیان نەداوەتە چاکسازیی سیاسی و ئابووری و هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵی ئابووری و سیاسییان لە بەرزترین ئاستی خۆیاندا نەداوە، مەحکووم دەبن بۆ کەوتنی کارەکە خێراتر دەبێت بە دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە.

کەواتە لەم ڕۆژانەدا کە کۆمەڵگە بە قۆناغی دووگیانیی شۆڕشدا تێ دەپەڕێت، دەبێت فێر بین ئەم جارە چۆن منداڵێکی جیاوازمان هەبێت لەچاو ئەو منداڵە وێرانکەرەی کە ٤١ ساڵ لەمەوبەر لەدایک بووە. ئەم جارە لەبری شۆڕشی ئیسلامی، با ئامانجمان "شۆڕشی مرۆیی" بێت. شۆڕشێک کە لەبری هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگەدا، هەوڵ دەدات کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بەهاکانی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ بنیات بنێت، ئەگەر بمانهەوێت دەکرێت.

ئیسکارفەکان ئاگریان تێ بەر دەدرێت، وێنەی سەرکردەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە دیوارەکانەوە دەدڕێن، ماشینەکان لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەقامدا بۆ هاوسۆزیی لەگەڵ خۆپیشاندەران دەبڵێن و لە حەفتەی سێهەمی نارەزایەتییەکان دژی کوشتنی ژینا ئەمینی، لاوانی نارازی هێشتا هەر وا ماون بەبێ سەرکردە، بەبێ وتەبێژ، بەبێ ڕێکخراو و بەبێ ئایدئۆلۆژی، لە شەقامەکاندا دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێنەوە. بەڵام ئەم "بێفۆرم"ـە، ڕێک هێزی نارازیی ئێرانییە.

منداڵی بنەماڵەی ئایینی یان نائایینی، هەژار لە باشووری شار یان دەوڵەمەند لە باکوری شار.

ڤیدیۆی نارەزایەتیی خوێندکاران کە بڵاو کرایەوە، باشترین هێمای ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی هیچ داهاتوویەکی نییە و منداڵان قووتی شۆڕشی ئیسلامی دەدەن.

تاکوو ئێستا ژمارەی قوربانییەکان گەیشتووەتە سەرەوی ٢٥٠ کەس، بەڵام لەوانەیە ئەم ژمارەیە زیاد بکات. بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێشوو کە بە ئامادەبوونی هێزە سەرکوتکەرەکان پرسەکان بە بێدەنگی ئەنجام دەدرا، هەموو ڕێورەسمێکی پرسە، بلێسەی دادگاییکردنەکان سووتەمەنی دەدات.

دواجار ئەوە کە ئەووەی شۆڕشگێڕان پێویستیان پێیەتی بۆ ئەووەی شۆڕشێک بەدەست بهێنن، تەنیا بوونی نارەزایەتیی گشتی لە حکوومەتی دامەزراوە و بێهیوایی لە چاکسازی لە حکوومەت و هاوشێوەکانیدا نییە، بەڵکوو "هیوا" بۆ ڕووخانی حکوومەت و پەمپکردنی ئەم ئومێدەیە بۆ جەستەی کۆمەڵگەی نارازی، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی شۆڕشێکدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئاماری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی کوردستانی ئێران

**(لە ١٣ی سێپتامبرەوە هەتا ٦ی نوامبری ٢٠٢٢)**




دوای کوژرانی ژینا ئەمینی کیژۆڵەی خەڵکی سەقز کە لە ڕێکەوتی ١٣ی سێپتامبری ٢٠٢٢ لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی گەشتی ئیرشادەوە لە تاران دەسبەسەر کرا و دوای سێ ڕۆژ لە ١٦ی سێپتامبر تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە، لە کوردستان و دواتر سەرانسەری ئێران بە دژی کوشتنی ئەوم کچە کوردە خۆپیشاندان و مانگرتن دەستییان پێکرد بەجۆرێک کە هەتا ئێستا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەک؛ سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، شنۆ، پیرانشار، مەهاباد، محەمەدیار، دێولان، بیجاڕ، بۆکان، بانە، کامیاران، ئیلام، ئاودانان، کرماشان، قوڕوە، نەغەدە، ورمێ، پاوە، ڕەبەت، سەردەشت، جوانڕۆ، سەلاسی باوەجانی، شاباد، سەحنە، میاندواو و... ڕۆژانە و بەشێوەی جۆراوجۆر و بڵاو مانگرتن و خۆپیشاندان بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە.

لە ئاکام ٥٥ ڕۆژیی ئەم خۆپیشاندانانە کە بەشێوەیەکی ئارام و ئاشتیخوازانە بەڕێوەدەچوون و هێزە ئەمنییەتییەکان بەرەو توندوتیژییان بردووە؛ هەتا ڕێکەوتی شەممە ٥ی نوامبر ئەوەندەی بۆ ئێمە وەک ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان ئاشکرا بووە و زانیاری تەواومان لەسەر هەیە، لانیکەم ٥٦ هاوڵاتیمانی کورد لە شارە جۆراوجۆرەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆ و تەنانەت چەکیی شەڕ، ئەشکەنجە و لێدان بە باتووم و کەرەسەی ڕەق گیانییان لەدەست داوە کە؛ ١١ کەسیان تەمەنییان ژێر ١٨ ساڵە و ٥ کەسیشییان ژنن. هەروەها زیاتر لە ٢٥٠٠ هاونیشتمانی دیکەش بریندار بوون کە بەشی هەرەزۆریان لە ترسی دەسبەسەرکرانییان سەردانی نەخۆشخانەکان ناکەن و لە ماڵەکان و لەلایەن خەڵکی ئاسایی دەرمان دەکرێن و ئەو بەشەی کە لە نەخۆشخانەن یان ڕەوشی تەندرووستییان زۆر ناجێگیرە یان لەژێر چاودێری چڕی هێزە سەرکوتکەرەکان دان.

هەر لەو ماوەیەدا مەزندە دەکرێ لە کوردستان نزیک ٤٠٠٠ هاونیشتمانی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکان دەسبەسەر کرابن کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان"چاونیوز" توانیوەتی هەتا ئێستا ناوی زیاتر لە ٩٠٠ هاونیشتمانی ئاشکرا بکا کە لەم نێوەدا ١٢٠ کەسیان ژنن، لانیکەم ٨٠ کەس لەو گیراوانە خوار ١٨ ساڵەن کە بەشی زۆریان منداڵانی قوتابخانەن هەروەها لەو ژمارەیە ٨٠ کەس خوێندکاری زانکۆن، لێنزیک ٢٠ کەسیان مامۆستای قوتابخانەن و ٦٥ کەسیش چالاکانی مەدەنی، ئەدەبی، زمانی و کلتووری و ڕۆژنامەنووسن.

ئاماری گشتی ئەو خۆپێشاندەرانەی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە بە تەقەی ڕاستەوخۆ گیانییان لەدەست داوە و شەهید بوونە:

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران


کوردستان
٥
بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**دیبەیت: کاروان مێراوی**

**ئاماژە:** لە پاش سەرهەڵدانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران کە نیزیک بە دوو مانگی تێپەڕ کردووە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت خەبات و شۆڕشی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ئێرانەوە چووەتە قۆناغێکی نوێترەوە. بێگومان لەم شۆڕشەشدا کە هەنووکە لە کوردستان و ئێراندا ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی وەزاڵە هێناوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نەک تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکوو لە هەموو ئێراندا ڕۆڵ و دەوری سەرەکیی هەبووە و بەرچاوترین بەڵگەش بۆ ئەم وابێژییە ڕاگەیەندراوەکانی ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتن و هاتنە سەرشەقامەکان و پێشوازیی خەڵکی کوردستانن. لەسەر ئەم پرسە و کۆمەڵێک پرسیار و دەنگۆ، لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا دیبەیتێکمان لەگەڵ بەرپرسانی هەیئەتەکانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریدا پێک هێناوە. لەم دیبەیتەدا بەڕێز حەمەنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی و بەرپرسی هەیئەتی حدکا لە ناوەندی هاوکاری، ئەبووبەکر مودەڕسی، جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ناوەندی هاوکاری و هەروەها عەتا ناسری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری میوانی "کوردستان" دەبن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کوردستان**: هاوڕێیـانی بەڕێز سـەرەتا زۆر سپاس لەو دەرفەتەی کە بە ئێمەتـان دا و لەم دیبەیـتەدا بەشدار بـوون. کـاک محەممەدنەزیف، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کـاتی شەهیدبوونی شەهید ژینـا بەدواوە بەردەوام لە ڕاگەیەندراوەکانیدا داوای لە خەڵک کردووە بڕژێنە سەرشەقام و شەقامەکان چۆڵ نەکەن، سیاسەتی ئێوە لە ئێستەدا چییە و بەرنامەی دیاریکراوتان بۆ درێژەدانی ئەم ڕەوتە لە شەقامەکاندا چییە؟

**محەممەدنەزیـف قـادری** : دوای گیرانـی ژیناخـان و بەرخـوردی دژی مرۆڤـانەی گەشـتی ئیرشـاد کە لەڕاسـتیدا جگە لە بیانووگرتن هیچ هۆکارێک بۆ گرتن و ئازاردان و سەرئەنجام بێبەزەییـانە شەهیدکردنی شەهید ژینـا نەبـوو، بڵاوبـوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنەکەی سەرانسەری ئێران، کوردستان و هەموو دنیای هەژاند و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و بەتـایبەت ژنان و کچـانی بـوێر و بەهەڵوێستی یەکدەنگ هێنـایە سەر خەت. ناوەنـدی هاوکـاریی حیزبەکـانی کوردستـانی ئێران هەم وەک باوەڕمەنـدبوونی بە مـافی ژن و بەهـا مرۆییەکـان لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە کچە کوردێکی بێتـاوان کە دەبێتە قوربـانیی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و بە دوور لە هەمـوو یاسـا و ڕێسـایەکی مرۆیـی و نێـودەوڵەتی شەهید دەکرێت، ئەرکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەییە کە ئەم تـاوانە مەحکووم بکـات و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران و ڕای گشتی بکات کە بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن. بـۆیە هەر لەو پێوەنـدییەدا ڕاگەیەنـدراوێکی بڵاو کـردەوە و داوای مانگرتن و خۆپێشاندانی لە ئێران و کوردستان و دەرەوەی وڵات کرد و بەخۆشییەوە بە وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئـازادی" پێشوازییەکی بەرین و بێوێنە لەو ڕاگەیەندراوەی ناوەندی هاوکاری کـرا. ئەم مـانگرتن و خۆپێشـاندانانە کە دەربڕی دەنگی میلیۆنان خەڵکی مافپێشێلکراوی ئێران و شەهیدکرانی هەزاران خەڵکی مافخواز و ئازادیخوازی گەلانی ئێران بوو، وەرزێکی نوێی لە خەبـاتی جەماوەری کردەوە و پەیامێکی یەکگرتوویی و پێکەوەبوون و یەکگوتـاریی بۆ خەبـات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ خۆی هێنا کە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێراندا کەموێنەیە.

لەم خۆپێشـاندانانەدا هەرچەنـد مرۆڤکـوژانی ڕێژیمـی ئیسلامیی ئێـران هەوڵیـان دا بە هەڕەشـە و گوڕەشـە ئـاوی چـاوی خۆپێشاندەران بگرن و بە هێنانی هێزە دژەگەلییەکانیـان ئاستەنگ بـۆ خۆپێشـاندەران دروست بـکەن، بەڵام ئیـرادەی ژنـانی مافخواز و هەڵوێستی کوڕان و کچانی بـوێر و بەگشتی گەلانـی ئێران و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و پێشوازیی سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانـی و کوردەکـانی دەرەوەی وڵات، مێژوویەکـی درەوشاوەی لە ئـاستی ئێـران و دنیـادا تۆمـار کرد. سیاسـەتی ناوەندی هاوکاری و دیاریکردنی دروشمەکان کە سیاسەتێکی ئەورۆپییـانە و ئازادیخوازانە بوو، هـاندەر بـوو بـۆ ئەو یەکیەتـی و یەکگرتـوویە و هەر ئەوەش بـوو زۆربەی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانـی و کوردستـانی و کـۆمەڵە ئێرانـی و کوردستـانییەکان و ڕاگەیـانـدنەکان لە ڕۆشنایی ئەو پەیـامەی ناوەنـدی هاوکاریدا پشـتیوانییان ڕاگەیانـد و هـاتنە ڕیـزی خۆپێشـاندەران. ئەو پەیـامەی ناوەنـدی هاوکـاری لەڕاستیدا پەیـامی پێکەوەژیـان و پێکەوە بوونیادنـانی ئێرانی داهـاتووە. بەگشتی سیاسـەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە خەباتکردنە لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەسەر باوەڕمەندبوون بە ئازادی، دێموکراسی، مافی گەلانی ئێران و بەها مرۆییەکان، ڕۆڵی زیاتر بەخشین بە ژنان لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی، یاسایی و... ئەم ئامانجەش تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا خۆی دەنوێنێت.

**کوردستان**: وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چل ڕۆژی خرۆشانی خەڵک لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی، ئێوە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێتان وایە ئەم خرۆشانەی خەڵک لە چوارچێوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیدا ماوەتەوە یان چووەتەوە چوارچێوەی شۆڕشێکی سەرانسەرییەوە.

**ئەبووبەکر مودەڕسی**: بە بڕوای من بێگومان ئەم ئاخێزە یان بە وتەی جەنابتان خرۆشانە، هەر زۆر زوو پەرەی سەند لە سەرتاسەری ئێران و بوو بە جووڵانەوەیەکی سیاسی - نارەزایەتیی سەرانسەری. ئەوەندەی من ئاگادار بم بە ئێستاشەوە کەس نییە لە ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە حاشا لەو ڕاستییە بکات کە ئێمە لەگەڵ شۆڕشێکی سەرانسەری بەرەوڕووین و گەلی کورد نەتەنیا دەستپێکی ئەو شۆڕشە سەرانسەرییە بووە و وەک جەرەقەیەک بۆشکەی بارووتی نارەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێرانی تەقاندەوە، بەڵکوو لە درێژەی خۆیدا وەک هێزی بزوێنەری ئەو شۆڕشە دەوری نواندووە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ژینا ئەمینی وەک هێما و ڕەمزی ئەو بزووتنەوەیە قەبووڵ کراوە و نەتەنیا لە ئاستی ئێراندا، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەلماوە. ئەسپەردەکردنی ژینا و خۆڕاگریی بنەماڵەکەی و پشتیوانیی بێوێنەی خەڵکی شارەکەی (سەقز) و دواییش کوردستان ئاگرەکەی بەردا و بۆشکە بارووتەکە و چلەکەشی بوو بە سەرهەڵدانەوەیەکی بەتین و گوڕتر بۆ درێژەدانی ئاخێزەکە. هەڵبەت لەو ناوە، بزووتنەوەی کوردیش دەسکەوتی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و لە ئاستێکی سەرانسەری وەک بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز ڕەوایی خۆی سەلماند. کێ دەیتوانی ساڵێک لەوەپێش بیری لەوە کردبایەوە کە کورد بە ئالای خۆیەوە و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران و بە هەر بیروباوەڕێک، لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداری بکات. ئەم ئاخێزە گەورەیە و ئەو دەور و ڕۆڵەی کورد گێڕای، بەشی هەرە زۆری پروپاگەندە و تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدژی کورد پووچەڵ کردەوە. هەڵبەت دەبێت بزانین کە ئەو ڕاستییانە بەو واتایە نییە کە هەموو کەس لە ئێران ئەوەی پێ خۆشە. ئاشکرایە کە دژایەتی لەگەڵ کورد هەیە و هەمیشە کەسانێک هەن دەیانهەوێت باوەشێنی بکەن. بۆیەش پێویستە کە ئەو دەسکەوتە واتە ئەو یەکگرتوویە لە نێوان بزووتنەوەی سەرانسەری و بزووتنەوەی کورد دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکرێت و بپارێزرێت.

**کوردستان**: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تا چ ئاستێک لەسەر خرۆشانی شەقامی شارەکانی دەرەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە شارەکانی تری ئێران، کاریگەریی هەبووە؟**

**عەتا ناسری**: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەنگدانەوە و کاریگەریی باشی لەنێو خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا دروست کرد. ئەوەی کە هاوکاری و پێکەوەیی دوو کۆنسێپتی کۆمەڵە و دێموکرات کە ئەوکات لە قاڵبی چوار حیزبدا بوون و بەخۆشییەوە ئێستە و پاش یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات، وەک دوو هێزی خاوەن جەماوەری لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەنگدانەوەی باشی هەبوو. سەرەڕای کەموکوڕییەکان ناوەند هەم لەناو خەڵکی کوردستان و هەم لەدەرەوەی کوردستان و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانیشدا توانی ببێتە مەرجەعێک.

پاش سەرهەڵدانی ئاخێزەکانی ئەم دواییە و لە یەکەم هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریدا بەرانبەر بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی کە داوای مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو خەڵکی کوردستان کرد، بەخۆشییەوە خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن و وەک بینیمان مانگرتنێکی گشتیی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. دواتریش لە بەیاننامەکانی دیکەی ناوەندی هاوکاریدا ڕوو لە لایەنە ئێرانییەکان و ڕوو لە خەڵکی ناوچەکانی ئێران، زۆربەی شارەکانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان ساز کرد و پشتیوانییان لەکوردستان ڕاگەیاند. لە ئێستەدا کوردستان بووەتە مەکۆی هەموو ئازادیخوازان، لەخۆڕا نییە کە لە باکوور تا باشوور و لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوای ئێران، کوردستان بە سەنگەری ئازادی و خۆڕاگری دەناسرێت. حیزبەکانی ناوەندی هاوکارییش کە هەڵقوڵای هەر ئەو کۆمەڵگەیەن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێوە توانیویەتی چەندین بەرانبەر ببێتە جێگەی متمانە و بڕوای خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران. ئەمە لە دەرەوەی وڵات لە سازکردنی ئاکسیۆن و خۆپیشاندانەکانی تاراوگەش بە ئاشکرا بەرچاوە و کوردستانییانی تاراوگە و ئەندامانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران شوێنپەنجەیان دیار و بەرچاوە. ئەگەرچی هەموو ئەو بوارانە بەبێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەگشتی ناوەندی هاوکاری توانیویەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا متمانەیەکی سەرانسەری بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و ببێتە مەرجەعێک کە لە کاتە هەساس و چارەنووسسازەکاندا جەماوەری خەڵک بجووڵێنێت.

**کوردستان**: دەنگۆی ئەوە هەیە کە ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لەگەڵ چەند کەسایەتی و ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا کۆ بوونەتەوە و ڕێککەوتننامەتان واژۆ کردووە، ئەمە تاکوو چەندە ڕاستە؟

**ئەبووبەکر مودەڕسی**: ئەو دەنگۆیانە پێشتر لە ڕاگەیەندراوێکدا لەلایەن ناوەندی هاوکارییەوە و هەروەها لە وتووێژی کەسایەتییەکانی حیزبەکانی ناوەنددا وەک یەک لەوانە هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی ڕەد کراوەتەوە، بۆیەش من بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێویستی نازانم لێرەدا زۆرتری لەسەر بڕۆم. تەنیا ئەوەی پێ زیاد دەکەم کە بزووتنەوەی کورد و ناوەندی هاوکاری بە مافی خۆی دەزانێت لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورددا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران و هەر کات پێویست بێت دیالۆگ و هاوکاری بێت.

**کوردستان**: لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە و ڕووخانی ڕێژیمدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چ ئامادەکاریگەلێکی کردووە و بەگشتی چ بەرنامەیەکی هەیە؟

**عەتا ناسری**: ناوەندی هاوکاری زیاتر لە دوو ساڵە چەندین بەڵگەنامە و گەڵاڵەی سەبارەت بە تەعامول و پێوەندیی ناوەندی هاوکاری بۆ نموونە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، پێوەندیی نێودەوڵەتی، پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و ... هتد ئامادە کردووە کە هەندێکیان پەسەندکراون و هەندێکیان کاری لەسەر دەکرێت. یەکێک لەو بەڵگەنامانە باس لە پرسی کوردستان و ئێران لە پاش ڕووخانی ڕێژیم دەکات و بۆ پێشگرتنە لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە داهاتوودا. ئەم گەڵاڵەیە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەرپرسیار دەکات و مەترسییەکانی شەڕی ناوخۆیی ناهێڵێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتوو و ئەمرۆییە. هەر لە بزوتنەوەکەی کە بزاڤێکی ئازادیخواز و سێکۆلار و پێشکەوتووە هەتا بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتمانەکەی و ئەو هاوکاری و بەدەم یەکەوەبوونی خەڵک لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا. ئەمە لە کەم کۆمەڵگەدا بەتایبەتی لە دراوسێیەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆیە حیزبەکانیش کە هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگەیەن دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بن، نابێت و بۆ کەس هەزم ناکرێت کە لە پاش ڕووخانی ڕێژیمەوە لە شاری سنە تا مەهاباد ٦ - ٧ بازگەی حیزبەکان، هەر حیزبە و بۆخۆی دابنرێت. هەر لە ئێستەوە دەبێت بیر لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێتەوە و کوردی ڕۆژهەڵاتیش بە دەدری کوردی باشوورەوە نەچێت کە هەر بەرپرس و دەسەڵاتدارێک بۆ خۆی فەوجێک پێشمەرگەی هەبێت. گەڵاڵەکە چەندین ڕەهەندی گرنگی دیکە وەک بواری ئابووری، یاسایی و ... لەخۆ دەگرێت و حیزبەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاری بەجیددی سەرقاڵی پێداچوونەوەیەن و لە داهاتوویەکی نزیکدا پەسەند دەکرێت.

**کوردستان**: چل ڕۆژ لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران تێپەڕی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چەندە توانیویەتی سەرەنج و پاڵپشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەو ڕاپەڕینە ڕابکێشێت؟

**محەممەدنەزیف قادری**: لە کەس شاراوە نییە کە ناوەندی هاوکاری و پشتیوانیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی ڕای گشتیی ئێران، کوردستان، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕۆڵی ڕێبەران و نوێنەرایەتی و ئەندامانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشەری حیزبەکان و کەسایەتییەکان، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان، وەرزشوانان و هەموو چین و توێژەکان بەتایبەت ڕۆڵی مێژوویی و چالاکانەی ژنان، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان ئەوەندەی تر بێزراو کرد. ئەم خۆپێشاندان و چالاکییانە کاریگەریی بە ڕادەیەک بوو کە لەلایەن چەندین وڵاتەوە گەمارۆی خرایە سەر و مەحکووم کرا و ژمارەیەک لە بەرپرسانی سیاسی و ئەمنییەتی خرانە لیستی گەمارۆکانەوە، هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری مافی مرۆڤ و نوێنەری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە بەفەرمی ئەم تاوانەیان مەحکووم کرد.

ئەو ڕووداوە بەگشتی ترسی خەڵکی لە ڕێژیم شکاند و قۆناغێکی نوێی لە خەبات دژی ڕێژیم کردەوە کە هیوابەخشە بۆ گەشەکردن و گشتگیربوونی خۆپێشاندانەکان. گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستان ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستە سمبۆلی بەرگری و بەرخۆدان لە بەرانبەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیدایە، لەم بڕگەیەش لە خەباتدا بوونەوە بە هێمای یەکیەتی و یەکگرتوویی لە سەرانسەری ئێراندا. من لەو باوەڕەدام مێژوو ئەم ڕۆڵگێڕانە بە شانازییەوە باس دەکات و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش وەک ئیرادەی گەلی کورد بە بەرچاو ڕۆشنیی زیاترەوە بە هاوکاریی حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگەیەنێت. خۆپێشاندانەکانی چلەی شەهید ژینا ئەمینی و بەپیرەوەهاتنی خەڵک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری، جارێکی تر دەوری ناوەندی لە دەربڕینی ئیرادەی گەلدا دەرخست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئیرادەی جەماوەر لە ئایندەی شۆرشی ئێراندا



عوسمانی حاجی مارف

بێئیرادەکردنی ئینسانەکان لە پێکهاتەو خەسڵەتەکانی سیستمی سەرمایەداریە، بەو مانایەی ئەم سیستمە ئینسانەکان ناچار دەکات کێشبن بۆ بازاڕی کار تا هێزی کاریان بفرۆشن، کرێکارانیش تا بتوانهێزی کاریان وەک کاڵایەک لە بازاردا ساغ کەنەوە، وەبە ناچاری بژێوی ژیانیان دابین بکەن،لە ناو بازاڕی سەرمایەداریدا،هیچ هەڵبژاردەیەکیان نیە کە ئارەزوو دەکەن یا دەتوانن چ کارێک ئەنجام بدەن.!، بەڵکو کارو مامەڵەی کار کە سەرمایەداران پێویستیانە بریار دەدات کرێکاران دەبێت چ کارێک بکەن، واتە چارەنوسی بژێوی کرێکار لەژێر سایەو رەحمەتیمامەڵەی بازاڕدایە، نەک ئیرادەو خواست و ئارەزوی کرێکار خۆی. ئەمەش ئەو پەڕی بێ ئیرادەکردنی ئینسانەکانە کە دەچێتە ناو قاڵبی چوارچێوەیەکەوە، لە هەر شوێنێکی دنیای پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بێت بێئیرادەیی ئیسانەکان و قەبوڵکردنی کاری نەخوازراو دەکاتە حاڵەتێکی دیفاکتۆ، هەربۆیە "ئازادی" لەناواخنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، تابڵێی ووشەیەکی زۆر پوچ و نابەجێ دەمێنێتەوە، دەستەواژەی "ئازادی" لەبەردەم نەبونی ئیرادەو خواست بۆ هەڵبژاردنی کارو ژیان و گوزەران، لەبەردەم چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسانتەنها مانای ئازادیە بۆ بازارو مامەڵەکردن بە هێزی کار لەلایەن سەرمایەدارانەوە.بەم جۆرەش گەڕانەوەی ئیرادەو شکۆی ئینسان تەنها لە رێگەی هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و بازاڕەکەیەوە دەستەبەر دەبێت و مانا پەیدادەکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر لەم ئاراستەیەوە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لە هەر فۆرمێکدا رەنگ بداتەوە،ئەو ماناو ئامرازەیە کە بێئیرادەکردنی ئینسانەکان عەمەلی وبەرجەستە دەکاتەوە. دەسەڵاتی سیاسی لە هەر شێوازو فۆرمێکدا لەلایەن چینی بۆرجوازیەوە رێکخرابێت و دامەزرابێت تەنها ئەو دەزگایەیە کە دەستورو یاساو بڕیارەکانی باڵادەستی کەمینەیەک بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەدا بە هەند وەردەگرێ و کاری پێدەکرێت.

مەترسیدارترین شێوازیش لە جۆرەکانی دەسەڵاتی بۆرجوازی بۆ زیاتر بەرجەستەکردنەوەی بێئیرادەیی و گۆشەگیرکردنی خەڵک بۆ دووریان لە هەڵسوڕانی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەو جۆرەیە لە دەسەڵات کە ئایدۆلۆژیاژیەک دەکاتە هێمای پیرۆزی بۆ دەوڵەت و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی، جا ئەو ئایدۆلۆژیایە هەرچیەک بێت ئاینی بێت یا نەتەوەیی، تائیفی بێتیان رەگەزی ...جیاوازیان لە ڕادەی بێئیرادەکردن و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا نابێت و چەندین یاساو دەکەنە مایەی رەسمیەتدان بە چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان.

لەم سەرەتایەوە دەمەوێت بچمە ناو جۆرێک لەدەسەڵاتی سیاسی کە ٤٣ ساڵە کۆماری ئیسلامی لە ئێران پەیڕەوی دەکات، دەسەڵاتێک کەبە هیچ جۆرێک ماناو فرسەتی بۆ ئیرادەی ئینسانەکان نەهێشتوەتەوە، دۆزەخێکی وەهای بۆ دانیشتوانی ئێران هێناوەتە گۆڕ، کە هیچ جۆرە مافیکی بۆ ژنان و منداڵان و کرێکارو زەحمەتکێش تیا بە ڕەسمی ناناسرێت، ئاینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەیان کردۆتە ئایدیۆلۆژیەکی پیرۆز بۆ لە قاڵبدانی ژیان و گوزەرانی تەواوی دانیشتوانی ئێران، کە سەرکوتی ئیرادەوهەموو بێمافیەک و بەرخوردی نائینسانی بە حوکمی کوتەک و سێدارە دەسەپێنێرێت.

هێژمۆنی و دەخالەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ژیان و گوزەرانی ئینسانەکاندا چوارچێوەیەکی وەهای فەراهەمهێناوە کە هەموو جومگەکانی ژیانی خەڵکی کۆنترۆڵکردوە، هەرلە پۆشاک تا خواردن و بگرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیشی لەخواست و ئارەزوو ویستی خەڵک داماڵیوە، هەموو ئەمانەو زیاتریش بەمانایەک تەعبیر لە مامەڵەی ئەوپەڕی بێئرادەکردنی ئینسانەکان دەکات، کە تەنها لە پێناو ئەوەدایەکە دەبێت ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، کاری بەکرێی هەرزانی تێدا بەڕیوەببرێت، واتە ئاینی ئیسلام ئایدیۆلۆژیایەکە دەتوانێت بەکاربهێنرێت بۆ رەخساندن و سەپاندنی هێزی کاری هەرزان، بۆ سەپاندنی بێئیرادەکردنی ئینسانەکان، بۆسەپاندنی دەسەڵاتی کەمینە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەدا، واتە دینێکە گونجاوە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی کەدەستکراوەیە بەدڕندانە ترینشێواز تەعبیر لە خۆی بکات، هەربۆیە روخانی کۆماری ئیسلامی و جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە پێداویستیەکی حەیاتی و گرنگ و هەر ئێستایە بۆ دانیشتوانی ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەنها ڕێگا بۆڕزگاربوون لەم بارودۆخە پەردەهەڵماڵینە لەو بارودۆخ و ئایدیایانەی بێئیرادەکردنی ئینسانەکان بەرجەستە دەکەنەوە،هەوڵدان و کارکردن و خەباتە بۆ گەڕانەوەی ئیرادەی ئینسانەکان بۆ بریاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و بریاردان لەسەر چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی خۆیان. ئەمەش تەنها لەڕێی جێگیربونی دەسەڵاتێکەوەیە مانا پەیدا دەکات کە تەعبیر لە زۆرینەی دەنگ و دەوری خەڵک بکات، دەسەڵاتێک کە تەعبیر لە دەوروودەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک بکات، بەمانایەکی بەرجەستەتر واتا دەسەڵاتی شورایی.

دەسەڵاتی شورایی دەتوانێت ئەو دەسکەوتەبێت بۆ بەشەریەت، کە تەواوی زۆرینەی خەڵک لەهەر شوێنکی دنیادا بن، دەبێتتەعبیر بێت لەوەی کە ئینسانەکان بە ئیرادەی خۆیان بریار دەدەن لەسەر ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆیان، دەسەڵاتی شورایی لەڕێگەی ئیرادەیەکی شۆرشگێرانەی جەماوەریەوە بەدەست دێت کە نەفی هەموو جۆرە نمونەیەکی دەسەڵاتی بۆرجوازی و سەرو خەڵکی بکاتەوە.

خرۆشان و ڕاپەڕینی جەماوەری بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا و بۆ روخانی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی کە پارێزەری کاری بەکرێ و خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەمهێنانە، ئەو ساتەوەخت و هەنگاوەیە کە جەماوەری تورەو نارازی دەیانەوێت رۆڵی شکۆی ئیرادەی خۆیان بگەڕیننەوە، هەر بەم مانایە خرۆشان و ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی خەلکی ئێران ئەو هەنگاوە پێشڕەوەیە کە دەیانەویت شۆرشێک بەرپابکەن تاکۆتایی بە بێئیرادەکردنی ٤٣ ساڵەیان بسڕنەوە، ئەم خرۆشانە هەنگاوێکە بەرەو شۆرشێک لە پێناو بەدەستهێنان و جێگیرکردنی ئیرادەی خەڵکی ئێران، بۆیە دەبێت سەربەخۆیی و شکۆی ئەو ئیرادەیە تەواو پارێزراوبێت، پارێزراوبێت بەو مانایەی پێویستە بەر بەوە بگیرێت کە هیچ هێزو لایەنێک نەتوانن لەناو ئەم خرۆشانە جەماوەریەدا کاری پاڵەوانێتی و سەروخەڵکی بەهەر پاساوو بیانویەک ئەنجام بدەن و بسەپێنێن، هەرهێزو لایەنێک گەر دەیانەوێت بینەبەشێک لەمبزوتنەوە شۆرشگێریە جەماوەریە، پێویستە پێشوەخت پابەندبێت بەمەرجی پاراستن و پەیگیربونی ئیرادەی خەڵک بۆ دوورو دەخالەتی راستەوخۆیلەدەسەڵاتی سیاسیدا، پابەند بێت بە جێگیر بونی دەسەڵاتی شوراییەوە.

هەرهێزێک لەم چوارچێوەیە دەربچێت کە لەدەرەوەی ئیرادەی خەڵک و دەسەڵاتی شورایی هێژمۆنی هێزەکەی بکاتە مەبنا، بەمانای ئەوە دێت کە جارێکیتر بە جۆرێکیتر یان بەرێگایەکیتر لەباری عەمەلیەوە ئەو هێزە هەوڵدەدات بۆ بێئیرادەکردنەوەی خەڵکی ئێران و دەبێتە هێزێکی دژ بە شۆرش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕوانگە جیاوازەکانی ئەمریکا بەرامبەر کورد: ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نموونە



زوبێر ڕەسووڵ

د. زوبێر ڕەسووڵ، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان

هێشتا نارەزاییەکانی ئێران لە قۆناغێکی سەرەتادا بوون، هەر زوو سەرکردە ئایینی و سەربازییەکانی ئێران کەوتنە تاوانبارکردنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بنکە و بارەگاکانیان لە هەرێمی کوردستانن؛ ئەمەیشیان بەستەوە بە پلانی ئەمریکا و ئیسرائیل وەک دوژمنی ڕژێمی ئێران کە لە پشتی نارەزاییەکانن. لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان، جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران، **عەباس نیلفرۆشان**، ڕای گەیاند: "دژبەرانی شۆرشی ئیسلامی لەودیوی سنوورەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێمەوە [هەرێمی کوردستانی عێراق] هێرش و دزەیان کردووەتە ناو وڵاتەکەمان بۆ دروستکردنی پشێوی و نائارامی."

نیلفرۆشان گوتی کە بۆردوومانکردنی بارەگاکانی "کۆمەڵە" و "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و "پارتی ئازادیی کوردستان" لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە، لەبەر ئەوە بووە چونکە "لە ئاژاوەکانی ئەم دواییەدا گەورەترین



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆڵیان هەبووە". پاشان نموونەی سووریای هێنایەوە، کە چۆن کوردانی ڕۆژاوای کوردستان دوای قەیرانی سووریا، توانییان ئیدارەیەک دابمەزرێنن، بەڵام دواجار ئەمریکا پشتی تێ کردن و ئێستایش خەریکە بەجێیان دەهێڵێت. مەبەستی لەمە پەیامێک بوو کە کورد هەڵە دەکەن گەر بە دوای پەیامی ئەمریکا بکەون! ئێران، تورکیا، سووریا و عێراقیش، ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەمیشە بۆ هەر جووڵانەوە و نارەزایەتییەکی کورد دژی دەسەڵاتە داپلۆسێنەرەکانیان، هەر زوو پەنا دەبەنە بەر تاوانبارکردنی کورد بە دەستێکەڵکردنی لەگەڵ وڵاتانی بیانی، بەتایبەتیش ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەم چیرۆک و قەوانەیە تا ئێستایش بەشێکی سەرەکیی سیاسەتی ئەم وڵاتانەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد.

هەرچەندە ئەستەمە بزانین کە ئایا سەرکردەکانی ئێران خۆیشیان باوەڕیان بەو قسانە هەیە سەبارەت بە سەرچاوەی نارەزایەتییەکان کە لە دەرەوەی ئێران بن، یان ئەوەی کە ئەمریکا هەوڵ دەدات هاوکاریی کوردانی ڕۆژهەڵات بکات لەو ڕاپەڕینەی ئێستای دژی ڕژێمی ئێران. لە ڕاستیدا گەر وا بیر بکەنەوە، ئەوا بەهەڵەدا چوون، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە کوردانی ڕۆژهەڵات ساڵانێکە لە دژی ڕژێمی ئێران خەبات دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا هەرگیز بیریان لە پشتیوانیکردنی کوردانی ڕۆژهەڵات نەکردۆتەوە.

سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد و بەتایبەت کوردی ئێران، زۆر جار بەهەڵە بە پشتیوانی لێک دەدرێتەوە، لە کاتێکدا بەڕاستی وا نییە. لەوانەیە ئێران خۆیشی هەندێک جار پرسی پاڵپشتیی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ پرسی کورد وەک پاساوێک بۆ دەستوەشاندنی سەربازی لەو بزووتنەوانە بەکار بهێنێ؛ لە لایەکی تریش بۆ ترساندنی غەیرەکوردەکانی ئێران، بۆ ئەوەی پاڵپشتی لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە نەکەن؛ وەک ئەوەی ئەم جارە کە ئێران زۆر هەوڵی دا مۆرێکی کوردانەی لێ بدات، بەڵام لە ڕاستیدا سەرکەوتوو نەبوو.

### سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردانی ڕۆژهەڵات (ئێران)

لە ڕاستیدا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردی ئێران بەردەوام نێگەتیڤ بووە. لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨دا، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەوکات، بابەتێکی گشتگیری لەسەر سیاسەتی ئێرانی ئیدارەی ترامپ بۆ گۆڤاری کاروباری دەرەوە (Foreign affairs) نووسی بە ناوی "بەرەنگاربوونەوەی ئێران: ستراتیژیی ئیدارەی ترامپ" ( **Confronting Iran: The Trump Administration's Strategy**)؛ بابەتەکە بەگشتی وێناکردنی بۆچوونی واشنتۆن بوو. لە وتارەکەیدا کە نزیکەی چوار هەزار وشە دەبێت، سەرەڕای سەرکوتکردنی درێژخایەنی دەزگە ئەمنییەکانی ئێران دژی کورد، بەڵام وەزیری دەرەوەی پێشوو، مایکل پۆمپیۆ، تەنانەت یەک جاریش باسی وشەی "کورد" ناکات. لە یەکێک لە بڕگەکاندا



https://serchawe.com

دەڵێت: "هەروەها ڕژێم بەبەردەوامی کەمینە ئایینییەکان یان نەتەوەییەکان، لەوانە بەهایی، مەسیحی و دەروێشەکانی گۆنابادی، دەستگیر دەکات، کاتێک بۆ پشتیوانی لە مافی خۆیان قسە دەکەن." ئەم دوورخستنەوەیەی کورد، وەک یەکێک لە کەمینە گۆشەگیرکراوەکان، شتێکی بەرچاوە؛ بەتایبەتی کە لە دوای ئازەرییەکان، کورد دووەم گەورەترین گرووپی کەمینەکانی ئێران پێک دەهێنێ.

ڕاستییەکەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکاش، گرنگییەکی کەمی بە کوردی ئێران داوە و ئەمە لە پەیامەکانی ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوە و جاک سولیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیدا بەرچاوە. کوردانی ئێران تەنیا کاتێک خرانە بەردەم سەرنجی ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما، کە لە شوباتی ٢٠٠٩ گرووپێکی شۆڕشگێڕی کوردی ڕۆژهەڵات، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)یان بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ناساند. دوای مانگێک لە خولێکی نوێی ناڕەزایەتییەکانی ١٤ی ئۆکتۆبەری ئێران، باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا، دانی بەوەدا نا کە سیاسەتی بێهەڵوێستیی ئیدارەکەی بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ (کە بە "بزووتنەوەی سەوز" ناسراوە)، سیاسەتێکی هەڵە بوو. هەرچەندە ئەو بۆچوونەی ئۆباما دوای ١٣ ساڵ، کە ئێستا هیچ پۆستێکی سیاسی و بەرپرسیارێتییەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا نییە، ناکرێت ئومێدی لەسەر هەڵچنرێت!

لەوانەیە بەشێک لە توێژەران بڵێن ئەی بۆچی پەیوەندیی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کوردانی ڕۆژاوا بە جۆرێکی ترە؟ لە دۆسیەی ڕۆژاوادا، سوپای ئەمریکا تەنیا بڕیاری دا پشتگیری لە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بکات کە کورد سەرکردایەتیی دەکات؛ ئەمەیش دوای ئەوە هات کە هەموو بژاردەکانی تر شکستیان هێنا. دوای ئەوەی بەرنامەکانی مەشقپێکردن و پڕچەککردنی گرووپە یاخیبووەکانی تری سووریا بە شێوەیەکی خراپ شکستیان هێنا، بە جۆرێک کە ئەمریکا هیچ هاوبەشێکی تری ناوخۆییی جگە لە کورد لە سووریا دەست نەکەوت، بۆیە بەناچاری ئەمریکا بڕیاری دا پشتگیری لە SDF بکات. وەک دەزانین هێزەکانی سووریای دیموکراتیش تەنیا کورد نین، بەڵکوو عەرەب و کریستیانیشی تێدایە؛ ئەمە جگە لەوەی هەرچەندە سوپای ئەمریکا پشتگیریی لەو هێزانە کرد کە بە سەرکردایەتیی کوردن، بەڵام ئەم پشتگیرییە هەرگیز نەگواسترایەوە بۆ پشتگیریی سیاسی و ئیداری لە کوردانی سووریا. ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا (AANES) هەرگیز بانگهێشت نەکرابوو بۆ هیچ پلاتفۆرمێکی نێودەوڵەتی کە باس لە داهاتووی سیاسیی سووریا بکات. بۆیە کاتێک ئەمریکا هاوبەشیی لەگەڵ کوردانی سووریادا کرد، پرسەکە بەتەواوی سەربازی بوو و لەسەر یەک ئامانج بنیات نرابوو، کە بریتی بوو لە شکستپێهێنانی داعش.

هەرچی سیاسەتی ئەمریکایە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان (کوردانی باشوور)، ئەوە دیسان هەڵبەز و دابەزی زۆری تێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەوتووە و بەردەوام لێکدژیی هەبووە. لە ساڵی ١٩٧٢ واشنتۆن تەنیا کاتێک پشتیوانیی سەربازیی بۆ کورد لە عێراق درێژ کردەوە، دوای ئەوەی سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، هێنری کیسنجەر، لەلایەن محەمەد ڕەزا شای ئێرانەوە داوای چەکدارکردن و پاڵپشتیی داراییی یاخیبووانی کوردی عێراقیان کرد وەک خزمەتێک بە ڕژێمی شای ئێران لە دژی عێراق.

مەلا مستەفا بارزانی، لەو کاتەدا دەڵێت کە ئەگەر پرسی کورد سەر بگرێت، ئامادەیە کوردستان "ببێت بە ویلایەتی (٥١)ی ئەمریکا". بەڵام ئەمریکا وەڵامی ئەو هەڵوێستەی بارزانیی نەدایەوە. دواتر، لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٧٦ی لیژنەی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ چالاکییە هەواڵگرییەکان (House Select Committee on Intelligence Activities)، کە ئەندامی کۆنگرێس، ئۆتیس پایک سەرۆکایەتیی دەکرد، دەرکەوت کە بەپێی بەڵگەنامەکانی بەردەستی لیژنەکە، کیسنجەر و شای ئێران هیوایان خواستووە کە دۆستەکانیان- کە مەبەستی کوردی باشوورن- سەر نەکەون." دواتریش ئەو پشتگیرییە ئەمریکا بۆ کورد لە عێراق لەناکاو کۆتایی هات، کاتێک شای ئێران لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سنوورییەکانیان گەیشتە ڕێککەوتن. دواتر هێنری کیسینجەر ئەو ئۆپەراسیۆنەی بە پشتیوانی لە کورد وەسف کردووە و دەڵێت: "نابێت کردەوەی شاراوە لەگەڵ بانگەوازی دینی تێکەڵ بکرێت. هەرچەندە کورد یەکێکە لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام ئومێدەکانیان بۆ سەربەخۆیی و پشتیوانیی سیاسییان لە واشنتۆن زۆر کەمە." ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ کرا لە پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی دەرکردنی عێراق بوو لە کوێت؛ ئەوەی ٢٠٠٣یش بە هەمان فۆڕم، بەشێک بوو لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام و بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە فۆڕمێکی تردا. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە پرسەکە پاڵپشتیکردن نەبووە لە کورد، بەڵکوو پرسە سەرەکییەکە پرسێکی تر بووە. پرسی کورد تەنیا ئامرازێک بووە لە چوارچێوەی پرسێکی تری سەرەکیدا کە لاوازکردنی بەعس و ڕووخانی ڕژێمی سەددام بووە. بەڵام ئەم قۆناغەی ئێستا، بەتایبەت دوای جەنگی داعش، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لە ئاستێکی ترن. بەرژەوەندیی زیاتر لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستاندا دروست بووە، لە شێوەی: دروستکردنی هاوسەنگی لە عێراقدا، پرسی وزە، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەوەها چاودێریکردنی نەیارانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لە هەموو ئەو پرسانەدا ئەمریکا دۆستێکی نییە، لە هەرێمی کوردستان باشتر بێت. لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە ئێستا پرسی کورد و هەرێمی کوردستان، بووەتە واقعێکی سیاسی و بە گران لەسەر ئەمریکا ناکەوێت.

سەبارەت کوردانی باکوور (کوردی تورکیا)، هەڵوێستی ئەمریکا ڕوونترە؛ چونکە تورکیا هەمیشە لە بەرەی دۆستەکانی ئەمریکا بووە. هەر بۆیە لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٩٧ کاتێک ئەمریکا لیستی تیرۆری خۆی لە سەردەمی وەزیری دەرەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوکات، مادلین ئۆلبرایت خستە ڕوو، "پەکەکە"ی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی ناساند. زۆر جار سەرچاوە تورکییەکان کاریگەرییەکانی دەستنیشانکردنی پەکەکە لەلایەن ئەمریکاوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بەکەم دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هۆکارە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر پەکەکە کە نەتوانێت کۆمەک بکرێت، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کار بکات، چەکی ئاڵۆز و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت. کاتێک سەرکردەکانی پەکەکە خرانە لیستی تیرۆری ئەمریکاوە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە زۆر سنوردار بوون. ئەو دروشمە سەرەکییەی ئێستای ناڕەزایەتییەکانی ئێران "ژن، ژیان، ئازادی"، لە بنەڕەتدا لەلایەن باڵی ژنانی پەکەکەوە داڕێژراوە. ئەمەیش لەسەر بنەمای ئەو ئایدیۆلۆژیایە دامەزراوە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دای ڕشتووە. بۆیە ڕژێمی ئێران باش دەزانێت کە زۆر ئەستەمە ڕۆژاوا لە دژی ئێران پشتیوانی لە کورد بکات.

## سەرنجی کۆتایی

کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ و گەڕاندنەوەی سزا ئابوورییەکان و "ستراتیژیی زۆرترین گوشار"ی ترامپ، تا ڕادەیەک توانای ئەوەیان هەبوو کە جۆرێک لە ناسەقامگیری بۆ ڕژێم دروست بکەن. ئەمەیش دەتوانێ دەرفەتی زیاتر بۆ لایەنە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بڕەخسێنێت تا چالاکیی بەهێزتر ڕێک بخەن. بەپێچەوانەوەیش، ئەمە ڕەنگە هاندەری ئێران بێت بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توندوتیژتر بەرامبەر بە چالاکییە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات. لە ڕاستیدا هێرشی چەکداری لە ئەهواز لە ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨، جارێکی دیکە نیشانی دا، کە ئێران ڕووبەڕووی کێشەی ئەمنی بووەتەوە؛ نەک لەلایەن کورد بەڵکوو لەلایەن زۆربەی کەمینە نەتەوەیییەکانی ئێرانەوە. کورد مەگەر سوود لەو دەرفەتانە وەربگرێت، ئەگینا پاڵپشتیی ئەمریکا لە ئێستادا ئەگەرێک نییە کورد بتوانێ پشتی پێ ببەستێ.

### سەرچاوەکان:


- Ismail Sarı (2019). The United States Foreign Policy Towards Kurds. 8 ORTADOĞU ETÜTLERİ 2019, Middle Eastern Studies>> https://dergipark.org.tr/en/download/article-file/927005.<<
- Daniel Schorr (April 7, 1991) 1975 BACKGROUND TO BETRAYAL . the Washington post . >https://www.washingtonpost.com/archive/opinions/1991/04/07/1975-background-to-betrayal/aa973065-ea5e-4270-8cf9-02361307073c/?utm_term=.cbb3fdb386b6.<
- Marie Abdi, (October 24, 2022) Where is the US's red line on Iran's protests? Middle East Institute> https://www.mei.edu/publications/where-uss-red-line-irans-protests.<




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- Michael R. Pompeo (November/December 2018) Confronting Iran: The Trump Administration’s Strategy. Foreign Affairs . >https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/2018-10-15/michael-pompeo-secretary-of-state-on-confronting-iran.<
- Guney Yildiz (Oct 26, 2022). 40 Days Into The Protests, Iran's ‘Fear’ Of U.S. Support For The Kurds Is Misplaced>> .https://www.forbes.com/sites/guneyyildiz/2022/10/26/day-40-of-the-protests-why-irans-fear-of-the-us-support-for-the-kurds-is-misplaced/?sh=2158ca93421d.<<


سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# زانکۆ و شۆڕش



**ئەلبورز ڕۆئین‌تەن**

زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣١٤ دامەزرا، ساڵێک دواتر بۆ یەکەم جار خوێندکارانی زانکۆ بۆ دابینکردنی هەندێک پێداویستی نارەزایەتییان دەربڕی. لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ بزووتنەوەی خوێندکاری بە شێوازی جیا هەبوون، جا هەندێک جار زۆر بەهێز و هەندێک جار لاواز. هەندێک جار لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا بوون و هەندێک جاریش لە پەراوێزدا خۆیان دیوەتەوە؛ بەڵام هیچ کات بەتەواوی لە دڵی ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە دانەبڕاوە.

وشیاری و هەبوونی هێزی پرسیار و لێپرسینەوە لە خوێندکاری زانکۆدا وای کردووە کە زانکۆ و خوێندکار بۆ هەر دیکتاتورییەک پرسێکی گرینگ بێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو دیکتاتورییە دیکتاتوری مەلاکانی جەماران بێت، ئەو پرسە بۆ ئەوان ترسێکی گەورەشە. ئەو ترسە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە جێگای سەرنجی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بووە و تەنانەت هەر لە سەرەتای ساڵانی بە دەسەڵاتگەیشتنیان بە پاکتاوکردنی زانکۆ کە ناوی "شۆڕشی فەرهەنگی"یان لەسەر دانا و بە گۆڕینی بەرپرسانی خوێندنی باڵا و زانکۆکان، دەرکردنی خوێندکارانی غەیرەخۆیی و تەنانەت گۆڕینی سەرچاوەکانی خوێندن بە تەواوی دانانی میکانیزمی جیاوازی ئیداری و لەشکری بۆ کۆنترۆڵی قوتابیان هەوڵیان دا ئەو ناوەندە گرینگە کە ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە، کۆنترۆڵ بکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەوانەیە هیچ بەڵگە و فاکتێک لەو قسەیەی خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی تیرۆانین و ترسی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆ باشتر دەرنەخات کە بە ئاشکرا لە تریبونەوە دەیگوت، "زانکۆ لە بۆمبی ئەتۆم مەترسیدارترە." بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە پلان و پیلان و کۆنترۆڵکردنی بە زەبری سەرکوت، دیسان نەتوانرا دەنگی زانکۆ و قوتابییان کپ بکرێت و خوێندکاران و زانکۆ بەردەوام لە هەر گۆڕانکارییەکدا بە نرخی خوێن لە گەڵ ئازار و ویستە ڕەواکانی خەڵک بەشدار بوون. وەک چۆن لەو خۆپێشاندانەشدا کە نزیکەی دوو مانگە بەردەوامە، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێک دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ یەکێک لە فاکتەکانی بەردەوامی شۆڕش زانکۆ، خوێندکاران و قوتابییانن.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد هەر لە سەرەتاوە دو ڕێگەی لە بەردەم بوو، یان دەبوا ببا بە بەشێک لە بزووتنەوە جیاوازەکانی خوێندکاری کە لەنێو نەتەوەی باڵادەست هەبوون و ئەگەر لەگەڵ ئەوان دژایەتی دەستەڵاتیشی کردبا، نەدەبا باسی لە ڕاستی کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەتی پرسی نەتەوەیەکەی کردبا. چونکە هەموو ئاراستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە چەپ و ڕاستەوە نەک لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد نەبوون، بەڵکو زۆر جاریش دژیشی بوون. یان دەبوو ڕێگەی دووەم هەڵبژێرن، ئەویش پەیوەستبوون بە شۆڕشی کوردییەوە کە ڕۆڵێکی تایبەتیان لەو بوارەدا بینیوە، نموونەی گرینگی ئەو شێوازە چالاکییە پەیوەستبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانی بە حیزبی دێموکرات بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەرییەکی زۆریان دانا و ئەو ڕەوتە لە کات و سەردەمی جیاوازدا هەر بەو شێوەیە درێژەی هەبوو.

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی شۆڕشدا دەبینین وێڕای ئەوەی کە سەرکوتی ڕێژیم لە زانکۆ بە دڕندانەترین شێوە بەردەوامە، بەڵام هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئەو خۆپێشاندانانەوە زانکۆ لە شۆڕش دانەبڕاوە.

ئەوەش نیشان دەدات کە زانکۆ هەروەک پێشتر تەنانەت ئەو جار زیاتریش گرینگە و دەبێ بە گرینگیەوە کاری لە سەر بکرێت، لە ئێستا زیاتر لە ١٥٠ هەزار خوێندکار لە زانکۆکانی پارێزگاکانی کوردستاندا دەخوێنن، هەروەها ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاکی دەرەوەی کوردستانن کە باشتر پرسەکانی کورد بۆ ناوەند دەگوازنەوە و، ئەو ژمارەیە زۆرەی خوێندکاری زانکۆ ڕاستی گرینگی ئەو ناوەندە زیادتریش دەردەخات.

ئەوەی تا ئێستا دەبینین چالاکییەکانی نێوخۆی زانکۆکان کە زۆرتر لە زانکۆکاندا ماوەتەوە زۆر و کاریگەرن، بەڵام بەباشی بۆ شەقامەکان نەگوازراونەتەوە و، دەبێ کار بۆ ئەوەی بکرێت ئەو چالاکییانە بگوازرێنەوە بۆ سەر شەقەم. گواستنەوەی چالاکییەکانی نێوخۆی زانکۆ بە پلەی یەکەم دەبێتە هۆی پاراستنی زیاتری گیانی خوێندکاران، چونکە لەنێو زانکۆ گەمارۆ دەدرێن و باشتر دەبنە ئامانجی هێزەکانی ڕێژیم و ئەو بابەتەش زیانی گیانیی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له لایەکی دیکەوە گواستنەوەی ئەو چالاکییانە بۆ سەر شەقام وێڕای پاراستنی گیانی خوێندکاران دەبێتە هۆی بەرفراوانبونەوەی خۆپیێشاندەران و کاریگەریی زۆرتر، بەتایبەتی کە خوێندکاران لە هەموو بوارێکەوە دەتوانن لەگەڵ خەڵک ئەو خۆپێشاندانانە بەڕێوە ببەن. بۆیە پێمwایە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەکردەوە پەیوەستبوونی زانکۆ و شەقام زیادتریش دەبینین. ئەو بابەتە زیادتر بۆ قوناغی ئێستایە بەڵام لە داهاتووی سەرکەوتنی شۆڕش و بە تایبەتی لە ئازادیدا دەبێ ئەو بزووتنەوە ڕۆڵی جیدی بگێڕێ بۆ ئەوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕش شۆڕش بەرەو ئاراستەیەک نەبردرێ کە مێژوو دوبارەببێتەوە. هەر بۆیەش کارکردن لە سەر ئەو بزوتنەوەیە بە دەرفەتێک بۆ شۆڕش و دوای شۆڕش هەژمار دەکرێت و پێویستە ئەو دەرفەتە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران، سەقامگیریی ئەمنییەتیی ئێران دەچێتە قوناغێکی ترەوە؟



ئارمان حوسێنی

پاش ڕووخانی نیزامی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێران و بەتاڵانبردنی شۆڕشی ٥٧ لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و لایەنگرانییەوە و هەروەها سەپاندنی خۆیان و بیروڕای خۆیان بەسەر جوگرافیا و کۆمەڵگەی ئێراندا، ئاڵوگۆڕێکی جیددی لە سیاسەتەکانی ناوخۆی ئێران و هەروەها سیاسەتی ئەمنییەتیی ئێران هاتە ئاراوە. خاڵێکی گرنگ کە دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت، ئەوەیە کە سیاسەتی ڕێژیمی شایش هیچی کەمتر لە خومەینی نەبوو، بەڵام لەم نووسراوەیەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕێژیمی خومەینی دەکرێ، بەو واتایە کە ستراتیژیی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بەپێی یاسا بنەڕەتییەکی کە لە بنچینەخوازیی ئیسلامیی خومەینییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەموو خەڵکی بە "ئومەتی ئیسلام" پێناسە دەکرد و لە دەرەوەی ئەو بازنەیە بە کافری لەقەڵەم دەدا.

بەپێی ئەو پێناسەیە، هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە ئومەتی ئیسلامن و دەبێت پێڕەوی یاساکانی ئیسلام بن. بەڵام لە بەرانبەردا بیرۆکە و ئەندێشەی ئازادیخوازی و نەتەوەتەوەریی کوردەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان و نەتەوە و کەمینە ئایینی و ڕەگەزییەکانی تر لەو وڵاتەدا بوونیان هەبوو کە لە بازنەی وێژمانی ئیسلامتەوەریی خومەینیدا جێگەیان نەدەبووە و ئاخوندە تازە بەدەستەڵاتگەیشتووەکان لە پێشەوە بوون و هەموو خەڵکانی تری دەرەوەی ئەو بازنەیە بەرەو لەناوچوون

دەچوون، بەڵام بە خۆڕاگری و بەرخۆدانی بەردەوامی ئەو چین و توێژ و نەتەوە جیاوازانە پلانەکەیان هەڵوەشایەوە و بۆیان نەچووە سەر.

ئەمنییەت، داخوازیی تاکەکەسی، نەتەوەیی و نێونەتەوەیی کە پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ ماف، ئاشتی و ئازادیدا هەیە، لەو جۆرە بابەتانەیە کە مرۆڤ دەبێت بەدواچوونیان بۆ بکات و زۆربەی ڕووناکبیرانیش لەو باوەڕەدان کە ئەمنییەت یەکێک لە پێویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە و باسێکی مێژوویی و داڵغەی هەمیشەیی مرۆڤ بووە. بەبێ هەبوونی ئەمنییەت و ئاسایش، ئەگەی بەراوەردکردنی پێویستی و پێداویستییەکانی تری ژیان مرۆڤ و مرۆڤایەتی دژوار و نەلواوە و بە هەبوونی ئەمنییەت توانابییەکانی مرۆڤ زیاتر گەشە دەکات. کەوا بوو دەکرێت ئەمنییەت بە گرنگترین پێویستیی مرۆڤ و بە یەکێک لە گرنگترین پێویستییەکانی کۆمەڵیش ئەژمار بکرێت و هاوتەریبی پێویستییەکانی تری ژیان وەکوو دادپەروەری و ئازادی لەقەڵەم ئەدرێت. لە یاسای ئیسلامیشدا ئەمنییەت بە گەورەترین و بەنرخترین نیعمەتی ئیلاهی ئەژمار دەکرێت کە هەموو خەڵک پێویستیان پێیەتی و بەبێ ئەمنییەت، هیچ کام لە سامان، دارایی و نیعمەتەکانی ژیان بەنرخ و بۆ بەکارهێنان نابن.

بە پێی یاسای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران مەبەست لە ئەمنییەتی نیشتمانی و ناوخۆی وڵات، یەکیەتی، یەکپارچەیی و یەکگرتوویی خەڵکە، بەو پێیەش هەموو خەڵک نەتەوەی خۆیان لە چارەنووسی وڵات بە پشکدار دەزانن و بۆ پێشکەوتوویی وڵاتیش هەوڵ ئەدەن. نسکۆ و دابڕان لەنێوان خەڵکدا بووەتە هۆکاری ئەوەی کە لەنێو زۆربەی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانیشدا ببێتە یەکەیەکی یەکگرتووی دوڕاو و لە زۆربەی بوارەکانیشدا بووەتە وڵاتێکی ئۆتۆمیزە و دابەشکراو و جێگەی و پێگەی خۆشی لەدەست بدات.

دیارە کە یاسای ڕێژیمی ئێران جەخت لەسەر نەتەوەی ئێران دەکاتەوە و بیرۆکەکانی خومەینییش کە جەخت لەسەر ئومەتی ئیسلام دەکەنەوە، دوو واتا کە لە فەلسەفەی خومەینیدا بە تەواوەتی دژی یەکتر و پێکەوە دژواز و پارادۆکسن، بەڵام بۆ پەرەپێدانی بازنەی دزەکردن و دەسەڵاتی خۆیان و ڕوو بە ناوخۆی ئێران لە نەتەوەی ئێران و بۆ دەرەوەی ئێرانیش ئومەتی ئیسلام بەکار دەهێنن.

ئێستە باسەکەمان لەسەر ناو جوگرافیای ئێرانە و دەپرژینە سەر باسی کاروباری ئەمنییەتیی خەڵکانی ئێران. بە پێی پێناسە و شیکاریی خودی ڕێژیم لەسە ئەمنییەت و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی و خامنەیی، کاتێک کوردێک یان بەلووچێک و ... هەست بە ئەمنییەت و ئاسایش دەکەن کە بە تەواوەتی شوناسی خۆیان لەبیر بکەن و حاشاشی لێ بکەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆیان بە بەشێک لە شوناسی دەستکردی ئێرانیی داسەپاو و سەپێندراوی ئەوان بزانن. هەر بەپێی ئەو یاسای ڕێژیمی ئیسلامییە، نەک خەبات و تێکۆشان لە پێناو شوناسی نەتەوەیی و کەمینەبوونی خۆت، تەنانەت باسکردنەکەشی دەچێتە بازنەی هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایش و ئەمنییەتی گشتیی کۆمەڵگە و بە تێکدانی ئاسایشی نیشتمانیی لەقەڵەمی دەدەن، هەر وەکوو ئەوەی کە بەردەوام لە ئێران ڕووی داوە و ئاگادارین بە تۆمەگەلێکی بێبنەمای (تجزیەطلبی) جیاییخوازی، تێرۆریستبوون، گرێدانەوە بە بێگانە و ... خەڵک ئازار و ئەشکەنجە دەکەن و لە زۆر بواریشدا خەڵک لەسێدارە ئەدەن و تەنانەت کۆمەڵکوژیش دەکەن.

ڕوون و بەرچاوە کە بە وەها یاسا و تێڕوانینێکەوە کە بەداخەوە زۆربەس ناوەندگەراکان هەیانە، ناتوانین ئەمنییەتی نەتەوەکان و کەمینە ڕەگەزی و ئایینی و ... لە ئێراندا پارێزراو نییە. دەبێت هەر لە ئێستە بیر لە ڕێکارێکی گونجاودا بین کە هەم بتوانین ئەمنییەتی هەموو خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران بە سەرجە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کورد، بەلووچ، عەرەب، ترک، لوڕ و ... پارێزراو بێت و هاوکاتیش شوناس نکۆڵی لێ نەکرێت و لە ئێران و بەتایەت لە پێتەختدا سانسۆر نەکرێن و بەو جۆرەی کە لە ناوەندی ئێران هێزە ئەمنییەتییەکان دەبینن و خەڵک لە لایاندا هەست ئە ئاسایش و ئارامی دەکات، لە ناوچە و هەرێمەکانی تر ئێرانیشدا بەو شێوەیە بێت، ئەو جار دەتوانین وابێژی ئەوە بکەن کە ئێران نیشتمانێکی موزاییکی بۆ هەموو پێکهاتەکان و بۆ ژیان شوێنێکی ئەمن و ئارامە. ئایینی و ... لە ئێراندا پارێزراو نییە. دەبێت هەر لە ئێستە بیر لە ڕێکارێکی گونجاودا بین کە هەم بتوانین

ئەمنییەتی هەموو خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران بە سەرجە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کورد، بەلووچ، عەرەب، ترک، لوڕ و ... پارێزراو بێت و هاوکاتیش شوناس نکۆڵی لێ نەکرێت و لە ئێران و بەتایەت لە پێتەختدا سانسۆر نەکرێن و بەو جۆرەی کە لە ناوەندی ئێران هێزە ئەمنییەتییەکان دەبینن و خەڵک لە لایاندا هەست ئە ئاسایش و ئارامی دەکات، لە ناوچە و هەرێمەکانی تر ئێرانیشدا بەو شێوەیە بێت، ئەوجار دەتوانین وابێژی ئەوە بکەن کە ئێران نیشتمانێکی موزاییکی بۆ هەموو پێکهاتەکان و بۆ ژیان شوێنێکی ئەمن و ئارامە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لاپەڕەیەک لە هاوخەباتیی شۆڕشگێڕانی بەلووچ و کوردستان



"عارف" کەسی یەکەم لای راست

قادر وریا

لە ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆریی ئاخوندی، ناوی دوو ناوچەی ئێران، بەلووچستان و کوردستان و ناوی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ درەوشانەوەیەکی تایبەتیان هەیە. خەڵکی کوردستان و بەلووچستان نەک هەر لە ڕووی نەتەوەیی- مێژووییەوە چارەنووسێکی وەک یەک یا لێک نزیکیان هەیە، لە مێژووی تازەی ئێرانیشدا دەتوانین بڵێین هاوچارەنووس بوون. کوردستان و بەلووچستان بە هۆی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان و پێداگرییان لە سەر کۆتاییهاتن بە ستەم و هەڵاواردن و بێبەشی و، سەردانەنواندن بۆ ڕێژیمی ئاخوندی زۆر زوو کەوتنە بەر ڕق و لەشکرکێشیی ئەو ڕێژیمە.

دیارە بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان پێشینەیەکی درێژ و، ئەزموونێکی دەوڵەمەند و، پێگە و خۆشەویستییەکی جەماوەریی تایبەتیان هەبوو. ئەمەش وای کرد خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان دژ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە ڕێژیمی ئاخوندی ئاستێکی بەرزتر و نێوەرۆکێکی قووڵتری هەبێت و کوردستان ببێت بە سەنگەرێکی لە گیران نەهاتووی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. بەڵام بەلووچستانیش سەرەڕای زۆر لە جیاوازییەکانی لە گەڵ کوردستان، لە درێژایی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا زۆربەی جاران، گۆڕەپانی بەرهەڵست و خەباتی خەڵکە بێبەش و زۆرلێکراوەکەی بەرامبەر ئەو ڕێژیمە بووە.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١) کۆمەڵێک لە خەباتکارانی بەلووچ کە سەر بە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان بوون و تا ئەو کات لە پارێزگەی هورموزگان و لە بەندەرعەباس تێکۆشانی سیاسی و چەکدارییان هەبوو، هاتنە کوردستان و لە ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە گیرسانەوە. ئەوان لە گوندەکانی سەرچنار، خەڵیفان و دایماو کە دەکەونە سێ ناوچەی جیاوازی مەهاباد، بنکەیان کردەوە." بە هۆی کێشەی نێوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان، هاوینی ١٣٦١ (١٩٨٢) ئەو تێکۆشەرانەی لە بەندەرعەباسەوە هاتبوون پێوەندیی خۆیان لە گەڵ چریکەکان هەڵبڕی و لە ژێر ناوی "گرووپی هۆرموزگان" بوونی خۆیان ڕاگەیاند. ژمارەیەک لەو گرووپە ویستبوویان بگەڕێنەوە بۆ زاهیدان، کرمان و بەندەرعەباس، بەڵام ئەو بەشە لە چریکە فیداییەکان کە بە شاخەی "اقلیت" ناسرابوون، حیزبی دیموکراتیان وا لەم ڕووداوە تێگەیاندبوو کە ئەوانەش(وەک چریکەکانی ئەکسەرییەت) دەیانەوێ بە چەکەوە بچنەوە پاڵ ڕێژیم. (*)لەم پێوەندییەدا پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی شاروێرانی سەروو، بنکەی ئەو چریکانەیان لە دایماو گەمارۆدا. بەڵام بە خۆشییەوە دەفتەری سیاسیی حیزب کە هەستی بەم خراپ تێگەیشتنە کردبوو، زوو هاتە نێو ڕووداوەکە و نەک هەر نەیهێشت تێکهەڵچوون و زیانی گیانی لێ بکەوێتەوە، بەڵکوو بناغەی پێوەندی و هاوکاری لە گەڵ دامەزراندن.

چریکەکانی هۆرموزگان کە من لە ساڵی ١٣٦١ەوە لە ناوچەی نەغەدە ناسیمن، بە جیا و هێندێک جاریش شانبەشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات پارێزگارییان لە ناوچەی ئازادی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دەکرد و بەرەنگاری هێرشەکانی ڕێژیم دەبوونەوە. بۆ خۆم شایەت بووم بە هۆی هەڵسوکەوتی جوانیان لە گەڵ خەڵک، لە ناوچەی شاروێرانی سەروو خۆشەویست و جێگەی ڕێز بوون و خەڵک بە باشی هاوکاریی دەکردن. دوای داگیرکرانەوەی شاروێرانی سەروو لە لایەن هێزەکانی ڕێژیم، لە ناوچەی سەرشاخان بە تایبەتی لە گوندی "ئەحمەد غەریب" بنکەیان کردەوە. پاییزی ١٣٦٢ وێڕای پێشمەرگەکانی دووهێزی سمکۆ و ئاوارە، لە عەمەلیاتی گەورەی چوون بۆ نێو شاری شنۆ بەشدار بوون و ئەوەندەی لە بیرم ماوە، لانیکەم یەکێک لە پێشمەرگەکانیان لە کاتی پاشەکشە و لە نزیک گوندی میرابات، شەهید بوو. دیارە چەند پێشمەرگەیەکی دیکەشیان لە کات و شوێنی جیاوازدا لە کوردستان شەهید بوون.

پاش هێرشە گەورەکەی هاوینی ١٣٦٣ی هێزە چەکدارەکانی سەر بە "قەرارگای هەمزە"ی ڕێژیم بۆ سەر ناوچە ئازادەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە( ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدە، مەهاباد، ڕەبەت و هتد) چریکەکانی هورموزگان وێڕای هێزەکانی سمکۆ و ئەفشین و ئاوارە پەڕیوەی دیوی گەرمێن بوون.وەها لە گەڵ پێشمەرگەکانی حیزب تێکەڵاو ببوون، لە ڕاستیدا نە ئەوان خۆیان لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە جیا دەزانی و نە ئۆرگانەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بە چاوی نامۆ و لایەنێکی جیاواز سەیریان دەکردن.

ساڵی ١٣٦٤ لە سەر پێشنیاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات، چریکەکانی هورموزگان کە ٧ -٨ کەسێکیان لێ مابۆوە و بەرپرسەکەیان "کاک عارف" بوو، لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ نیشتەجێ کران. مەبەست لەو نیشتەجێکردنەیان لە بنکەی دەفتەری سیاسی، ڕێزلێگرتن وپاراستنیان بوو. کەسەکانی دیکەی ئەم گرووپە کە ناوەکانیانم لە بیرن بریتی بوون لە:

١- سرووش،

٢- حەسەن،

٣- ئیرەج،

٤- موسلیم،

٥- غولام. دیارە ئەم ناوانە هەموویان ناوی نهێنی یا خوازراو بوون.

ئەو هاوڕێیانە بەوە ڕازی نەبوون کە وەک میوانێکی بەڕێز هەر لە بنکەکەیان دابنیشن و هیچ نەکەن. بۆیە بەرە بەرە لە ئۆرگانەکانی حیزب کاریان وەرگرت. کاک ئیرەج(کە ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی)، بەهاران و هاوینان وێڕای پێشمەرگەکانی حیزب و وەک پێشمەرگە دەگەڕایەوە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاییزان و زستانانیش لە بەشی خەدەماتی حیزب کاری شۆفیریی دەکرد. کاک حەسەن کە خوێندەواری و توانایەکی فکریی باشی هەبوو، لە بەشی چاپەمەنیی حیزب، کاری وەرگرت. (ناوبراو ئێستا لە وڵاتی کانادا دەژی) کاک موسلیم (ئێستا لە دانمارک دەژی)و کاک غولام (ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ دەژی)لە بەشی بێ سیم (مخابرات)شانیان دایە بەر کار و ئەرکی ڕۆژانە. لە ڕاستیشدا هەموویان نموونەی ڕێکوپێکی و دڵسۆزی بوون و ببوون بە خۆشەویستی ڕێبەری و تێکرای تێکۆشەرانی حیزب. پێویستە بڵێم کاک عارف بەرپرسی ئەو گرووپە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی کە لە ئەفغانستان هێشتا حکوومەتی نەجیب لە سەر کار بوو، سەفەری ئەوێی کرد. دەگوترا ناوبراو بۆ خۆی لە ئەسڵدا تاجیکە و ئەحمەد شا مەسعوودیشی خۆش دەویست و بیستبووم ناسیاوییشی لە گەڵیدا هەیە. بە داخەوە دوای ئەو سەفەرەی، هیچ کات هیچ چەشنە هەواڵێکم لە بارەی کاک عارف نەبیست. لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینی "ئیرەج"لە کاتی چوون بۆ تورکیە، بەرەورووی پیلانێکی دەستوپێوەندەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیم بۆوە وبە قۆڵبەستکراوی بردیانەوە بۆ ئێران، پاش ساڵانێک گیران و دەستبەسەری و گێرە و کێشە سەرئەنجام ئێرانی بە جێ هێشت و ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیا گیرساوەتەوە. هاوڕێیانی دیکە لە نێوەراستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی بە هاوکاریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک پەنابەر لە کانادا و دانمارک و نۆرویژ وەرگیران. پێویستە ئەمەش بڵێم کە بە داخەوە "سرووش" لەم ساڵانەی دواییدا لە کانادا کوژرا. دەزانم کوژرانەکەی بە ئەنقەست بوو، بەڵام لە هۆیەکەی و وردەکاریی ڕووداوەکە نازانم.

ئەم نووسینە تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی تێکەڵ بە وەفا و پێزانین لە بارەی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی بەلووچ بوو کە هاتبوونە کوردستان و هاوخەباتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە تایبەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بوون. وێڕای بە ئاواتخواستنی تەمەندرێژی بۆ ئەوانەیان کە لە ژیاندان، داوایان لێ دەکەم بیرەوەرییەکانی خۆیان لە بارەی ساڵانی تێکۆشانیان لە کوردستان بنووسن با ئەم لاپەڕە جوان و بە نرخەی هاوخەباتییان لە گەڵ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لەمێژووی پێوەندیی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچدا بە خەتێکی زێڕین تۆمار بکرێ. بێگومان ئەم نووسینەی من کەم و کووڕیی زۆری تێدایە. داوا و تکام ئەوەیە هاوڕێیانی ئاگادار، بە زانیاریی خۆیان، ئەگەر هەڵە و ناتەواوییەک لە گێڕانەوەکەمدا هەیە، ڕاستی بکەنەوە.

کەسی نێوەڕاست لە نێو ڕاوەستاوەکان، عارف

ئیرەج لە گەڵ د.شەرەفکەندی

(*) هێندێک لەو زانیارییانەم لە نووسینێک لە ژێر ناوی" جستاری در چریک های فدایی خلق" نووسینی محمدامین محمدپور لەم لینکەی خوارەوە وەرگرتووە:

https://mejalehhafteh.com/.../%D8%AC%D8%B3%D8%AA%D8%A7.../

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ژیانو مەرگی خۆپیشاندەرە پاڵەوانەکان




**غەزالە... پاڵەوانی ئازادیو بەخشندەیی**

**هاوڵاتی**

دەیان چیرۆکی سەرنجڕاکێش لەژیانی ئەو گەنج و لاوانەی کەژیانیان لەپێناو ناڕەزایەتیی لەدەسەڵاتی ئێران لەدەستداوە هەیە کۆمارو مەهساو غەزالە لەو سەدان کەسەن کە ناویان چووەتە تۆماری پاڵەوانەکانی ناڕەزایەتییەکان. کۆمار دەرئۆفتادە لە (٣٠ - ١٠ - ٢٠٢٢) لەناڕەزایەتییەکانی شاری پیرانشار لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کوژرا.

کۆمار کە لاوێکی تەمەن ١٦ ساڵ بوو بەهۆی ئەوەی هێزە ئەمنییەکان لەمەودای سێ مەترییەوە تەقەیان لێکردبوو بڕێکی زۆر ساچمە بەر لەشی کەوت و دوای ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

کۆمار تەنها ١٢ کاتژمێر پێش ئەوەی بپێکرێ لەپۆستێکدا لەئینیستاگرام بەزمانی کوردی دەنووسێت: ئێمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێکمان لەجەنگ دەکوژرێین، هەندێکمان لەبەندیخانە، هەندێکمان لەشەقام دەمرین، هەندێکمان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەدەریا نوقم دەبین، تەنانەت کەژو چیا سەربەرزەکانیش تۆڵەی تەنیاییان لەئێمە دەکەنەوە، چونکە ئێمە کارمان مردنە.

کۆمار لەپۆستێکی دیکەدا نووسیویەتی: لەهەر شتێک زۆرتر، ئازادیتان خۆشبووێت، پۆست و پەیامەکانی کۆماری ئاماژەیەکی روونن بۆ تێڕوانینی ئازادیخوازانەی ئەو لاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت باوکی لەکاتی بەخاکسپاردنەکەیدا وتی: ئەگەرچی جەرگ سوتان ئاسان نییە، بەڵام مایەی شانازییە کە کۆمار لەپێناو ئازادی و نیشتیمان گیانی لەدەستداوە. یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کەهەر لەناڕەزایەتییەکان گیانی لەدەستدا کچێکی یاریزان و پاڵەوانی تایکواندۆ بەناوی مەهسا مەوگویی بوو کە تەمەنی ١٩ ساڵ بوو.

ئەو کچە وەرزشکارە خاوەنی زایاتر لە ١٠٠ میدالیاو خەڵاتی وەرزشی بوو، بەڵام رۆژی (٢٢ - ٩ - ٢٠٢٢) تەنها شەش رۆژ دوای مەرگی ژینا ئەمینی لەناڕەزایەتییەکانی فولادشەهر لەپارێزگای ئەسفەهان بەچەکی تاپڕ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوژرا.

باوکی مەهسا رایگەیاند؛ کچەکەی من کەخاوەنی پشتێنی رەشی تایکواندۆو پەڵەوانێکی وەرزشی بوو بەم شێوەیە کوژرا، بۆیە نابێت لەئاست کوشتنی گەنجان و کچاندا بێدەنگ بین.

رێوڕەسمی چلەی مەهسا مەوگویی یەکێک لەجەماوەریترین چلەی کوژراوانی ئێران بوو کەزیاترین خەڵکی شارەکەو دانیشتوانی شاری ئەسفەهان بەشدارییان تێدا کردو لەسەر گۆڕەکەشی بەلێندرا بەتۆڵەسەندنەوەی خوێنی ئەو کچە پاڵەوانە. یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کە بەپاڵەوانی خۆپیشاندانەکان ناودەهێنرێت غەزالە چەلابی تەمەن (٣٣) بوو کە بەکامێرای مۆبایلەکەی دوایین چرکەساتەکانی ژیانی خۆی تا پێش تەقەلێکردن و کوشتنی تۆمار کردووە.

بەپێی ئەو تۆمارە ڤیدیۆییەی کە غەزالە تەنها چەند چرکەساتێک پێش مەرگی تۆماری کردووە، داوا لەخۆپیشاندەران دەکات نەترسن، چونکە ئەوان پێکەوەن، ئەو لەبالای کچێکی ئازا، هانی خۆپیشاندەران دەدات لەپێناو ئازادی و داوجار بەتەقەی راستەوخۆ هێزە ئەمنییەکانی شاری ئامۆل لەپارێزگای مازندەران لەباکوری ئێران گیانی لەدەستدا.

ئەوەی مایەی سەرنجە لەژیانی ئەو کچەدا ئەوەیە دوای ئەوەی گوللە بەر سەری دەکەوێت و هیچ هیوایەک بۆ زیندوبونی بەدی ناکرێت، لەسەر وەسیەت و راسپەردەیەک کە پێشتر بەکەسوکاری راگەیاندووە؛ ئەندامانی جەستەی ئەو کچە شاخەوان و وەرزشکارە دەبەخشرێتە هەشت نەخۆش.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخشینی ئەندامانی جەستەی غەزالە ژیانی بۆ زۆر کەس گەڕاندەووەو ڕەنگە ئەوەش ناوی ئەو وەک پاڵەوانێکی ئازادی و بەخشندەیی بۆ ساڵانێکی زۆر بەزیندویی بهێڵێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## شۆڕشی پاش ئایدیۆلۆژیا




**ڕێبوار سیوەیلی**

١- شۆڕشی گەلانی ئێران بە درووشمی (ژن، ژیان، ئازادی) دەستیپێکرد. سەرەتا شۆڕشەکە هەم دەسپێکردنەکەی کوردانە بوو، هەمیش قوربانییەکەی ژن بوو. ئازادییەکەش بە نەگۆڕی مایەوە. پاشان گەلانی دیکەی ئێران شەهیدیان دا و ژنان و پیاوانی دیکەش هەتانە مەیدانەوە. بەڵام ئازادی وەک خۆی لە لای هەمووان مایەوە: بەهایەکی نەگۆڕ کە هەر تاکەسێک بەبەشداریی کردن تیادا ئەو بەهایە بەرز و زیاتر و نەگۆڕتر دەکات .

٢- جوانترین دیمەن لەم شۆڕشەدا جەوهەری شۆڕشبوون و ژنبوون و پیاوبوونەکەی نییە، هێندەی ئەوەی جەوهەرێکی تاکەکەسینەی پەیدا کردووە. ئەوە هەر تاکەکەسێکە بەو بەهایەوە بۆ ئازادی هەیەتی، دێتە مەیدانەوە. ئازادییەک، کە بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیچ شتێکی دیکە ناگۆڕدرێتەوە و هیچ ترسێک نابێتە هۆی ڕێگریێ بۆ هەوڵ و خەباتی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی. شۆڕشەکە لەوەدا دەگمەنە، لەوەدا بەپێچەوانەی شۆڕشە تەقلیدییەکانەوەیە، کە نەک هەر نایەوێت ببێتە شۆڕشێکی سەدا سەد جەماوەری، بەڵکو بواری بۆ هەر تاکەکەسێک ڕەخساندووە تا بەو جۆرە بەشداریی تێدا بکات، کە توانایی و دەسەڵاتی تاکەکەس ڕێگەی پێدەدات.

٣- فڕێدانەخوارەوەی عەمامە و مێزەر، داگیرکردنی بڵێندگۆکان، لەچک سووتاندن، تەنوورەی کورت لەبەر کردن، سروودخوێنی و چەندین بەرەنگاریی دیکە، هەموویان ئەو ئاستانەی تاکەکەس و توانای تاکەکەس بەرجەستە دەکەن، کە ئەم شۆڕشە لە شۆڕشی ئایدیۆلۆژییە پێشوەختەکان جیا دەکاتەوەو دەبێتە مەیدانی شۆڕشی تاکەکەسەکان. بۆیە هیچ شتێک لەم شۆڕشەدا لەوە جوانتر نییە، کە هیچ بڕیارێکی پێشوەختە نییە بۆ ئەوەی کێ و بە چ بیروڕایەکەیی پێشوەختەوە، بەشداری تێدا بکات، ئەگەر ئەو بیروڕایە پێش هەموو شتێک تاکەکەسی و لە پێناوی ئازادیدا نەبێت.

٤- ئەمە چیمان پێدەڵێت؟ بێگومان ئەمە پێمان دەڵێت ئێمە لە بەردەم شۆڕشێکی هوشیارانەداین کە ڕێگەی نەداوە هێزێکی دەرەکی، عەقڵێکی گشتی، یان زیرەکییەکی پێشوەختە بیر بۆ تاکەکەس بکاتەوە و ئاراستەی بکات. لەم شۆڕشەدا تاکەکەس نە سووتەمەنییە و نە داردەست و ئامرازی دەستی لایەن و هێزێکی دەرەکیی و ناوەکییە. ئەوەی شۆڕشەکەی بەردەوام کردووە، ئامادەیی خودی تاکەکەسە لە مەیداندا بەو جۆرەی کە وێستگەکانی شۆڕشی مەیدان دەیخوازێت. بەم مانایەش ئەمە شۆڕشێکی خودگەردان و ئازادیی سەنتەرە تا ئەو شوێنەی کە تاکەکەس بڕ دەکات لە پێناوی ئازادییەکانیدا بەرەنگاری بکات. بۆیە دەبینین هەر کردەیەکی تاکەکەسی خێرا دەبێتە کردەیەکی بەکۆمەڵی و لەگەڵ یەکەم چالاکیی داگیرکردنی بڵێندگۆی مزگەوتەکاندا، چەندین بڵێندگۆی مزگەوتی دیکە بەکارهێنران بۆ مەبەستەکانی شۆڕش.

٥- ئەمە ئەو قۆناغە گرنگەی شۆڕشەکەیە، کە ئیدی هیچ چاوەڕوانییەکی لە حەکیم و هۆشمەندە دەرەکییەکان نییە، بە فریای بکەون و خۆی بیر دەکاتەوە و خۆیشی بیرکردنەوەکانی بەکردەوە دەکا. ئەمە ئەو شۆڕشەیە کە لە هەموو لایەکەوە چاودێری ڕژێم دەکات و لە هەرشوێنێکەوە بۆی هەڵکەوێ چالاکیی دەنوێنێ و گورزی خۆی دەوەشێنێت. بەردەوامییەکەی لە ئایدیۆلۆژیا و هاندانێکی دەرەکییەوە وەرناگرێت، بەڵکو چالاکیی هەر کەس و دەستەیەک لە کەسەکان دەکاتە خۆراک و پێشنموونەی چالاکییەکانی دواتر. یەک لەچک فڕێ دەدرێت و هەزاران چارشێو لەسەریان دەکەنەوە. یەک کۆڵان دەگیرێ و سەدان کۆڵان لە بۆسەدان. یەک ژن کراسی کورت لەبەر دەکات و سەدان چاوی لێدەکەن. شۆڕشەکە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەی نوێ و پانتایی نوێی خەباتی خۆی فراوان دەکات. هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە ئەوەی لەدەستی دێت، دەیکات و بە هەر کردەیەک ترس و بیم دەخانە دڵی ڕژێمەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦- گرنگیی ئەم شۆڕشە لەوەدایە کە بە ئاسانی تۆمەتبار ناکرێت. کاتێک شۆڕشەکە لە کوردستانی ڕووناکەوە دەستپێدەکات و دەگاتە شاری خومەینی و شارە شیعە مەزهەبەکانی دیکە، ئیتر کەس ناتوانێت پێی بڵێت شۆڕشێکی (تێکدەرانە و جوداخوازانە)! مانای ئەو تۆمەتانە ڕۆژ بەڕۆژ بەتاڵ دەبنەوەو لە هەر شوێنی ڕژێم تۆمەت بۆ چالاکییەک، نەتەوەیەک، میللەتێک و کەمینەیەک دابتاشێ، سبەی لە شوێن و شار و لەلای کەمینە و میللەت و نەتەوەیەکی دیکە وەڵامی ئەو تۆمەتە ساختەیە دەدرێتەوە. ئەگەر لەلایەکەوە شۆڕشەکە، کورد و ئازەری کردۆتە هاوسەنگەری یەکدی، ئەوە لەولای دیکەوە ئەم نەتەوەیە و بەلووچی و هەموویان و فارسەکان و هەموو ئەوانیتریشی کردۆتە هاو ئامانج: (ژن، ژیان، ئازادی)!

٧- هەر لەبەر ئەو سرووشتە فرەیی و هەمەڕەنگی و جەوهەرگەراییە تاکەکەسیانەی شۆڕشەکەشە، ڕۆژ بە ڕۆژ دەتەنێتەوەو تاکەکەس لە دوای تاکەکەس و کۆڵان بەدوای کۆڵان و شار بەشار ڕۆژانە دێنە مەیدانەوە. ئەمەش کارەکەی بۆ ڕژێم زۆر سەخت کردووەو هەرچەندە سەرکوتانەوەکانی زیاتر بکات، بایی ئەوەش ژمارەی تاکەکەس و کۆڵان و شارەکان، بەدەر لە دابەشبوونە ئایدیۆلۆژی، مەزهەبی و جوگرافیی و نەتەوەییەکانیان، زیاتر و زیاتر دەبێت. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دۆخێکی هیستریای و شپرزە و پێشێوی یەخەی ڕژێم بگرێت و نەتوانێت یەک پێناسە و تۆمەت بۆ شۆڕشگێڕەکان دابتاشێت.

کاتێک شۆڕش تاکەکەسیانە و فرەنەتەوەیی و بان مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیا بێت، هەم پێناسەکردنی بۆ ڕژێم قورس و هەم بەجەسپێلێدانی زەحمەن و هەمیش کۆنترۆڵکردنی ئاسان نابێت. ئەوەتا تیمە وەرزشییەکانیشی هاتنە پاڵ و ملیان نەدا بۆ گوتنەوەی سروودی میللی کە گوزارش لە ژیانی ئەوان ناکات. بە هەمان شێوەی کە مەلا کوردە شۆڕشگێڕەکەی سنە، سروودی ئەی شەهیدانی لە جیاتی گوتاری هەینی گوتەوە.

٨- بەمجۆرەش، ئێمە شایەتی شۆڕشێکی نموونەیین، کە بەوەدا هەڵناسەنگێنرێت ئاخۆ سەرکەوتنی تەواو بەدەست دەهێنێت، یان ڕژێم دەڕووخێنێت. ئەوەی گرنگە ڕووخاندنی یەکجارەکی ڕژێم نییە لەم قۆناغەدا، هێندەی ئەوەی لەکەسایەتیخستنی ڕژێمەکە و سەندنەوەی ڕەوایەتی و هەیبەتە درۆزنانەکەیەتی. کۆماری ئیسلامی لەم ڕوانگەیەوە، سەد ساڵی دیکەش بەردەوامیی هەبێت، ئەوەندە نغرۆ و ڕووخاوە، کە هەرگیز لەبەر چاوی گەلانی ئێراندا نابێتەوە ئەوەی جاران. یان ڕاستتر بگوترێ: ئەوەی چل ساڵ زیاترە گەلانی ئێران لە سینەیاندا بەندیان کردوە و کردوویانەتە زووخاو، لە ماوەی پەنجا ڕۆژدا وەک نەفرەتێک لەو ڕژێمە کردیانە دەرێ و کردیانە وزەی سەر شەقام. وزەیەک، کە هەر سات و هەر ڕۆژە کۆمەڵێک تاکەکەسی دیکە دەهێنێتە مەیدانەوە، کە بەبێ هیچ ئایدیۆلۆژیایەک و تەنیا لە پێناوی ئازادی و ژن و ژیاندا تێدەکۆشێت.

٩- ڕووناکییەکە بەجۆرێ ناخی هەر کەسێکی تەنیوەتەوە، بە هیچ تاریکاییەکی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناکوژێتەوە. ئەمە هەمان ڕووناکی نێو نەریتی عیرفان و تەسەووفی ئێرانییە، کە ئەمجارەیان لە جیاتی ئەوەی بچێتە خەڵوەتی خانەقا و حوجرە و عوزلەت نشینییەوە، چۆتە مەیدانەو لە جیاتی زەمزەمەی ژێر لێو و پاڕانەوەی دڵ، هاتۆتە مەیدانەوەو زیکری ئازادی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئەو موعجیزەیەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی دەکەن چییە؟



بەشدار فەرەج

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە خەڵکی ڕۆژهەڵات لەسەر شەقامە و بە دەستی خاڵی بەرامبەر بە هێزێکی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕدەکات و قوربانی دەدات، لەگەڵ ئەوەش پشتی خاڵییە و حزبەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان وەک ئەوەی چاوەڕوانی موعجیزەیەکبن لە دوورەوە تەنها بە بڵاوکردنەوەی وێنەی کوژراو و ئەشکەنجەدانی خەڵک دەنگ هەڵدەبڕن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر تۆ هێزی سیاسی و چەکداربیت دەکەویتە ناو کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی قورسەوە، بەتایبەت ئەگەر دروشمەکانت دروشمی ئازادی گەلەکەت بێت، ئەگەرچی حزبەکانی رۆژهەڵات ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە هیچ تاقیکردنەوەیەکی قورسیان نەکردووە، بەڵام ئێستا لەبەردەم تاقیکردنەوەدان و نمرەکانیان پەیوەستە بە پوکانەوە و گەشەی خۆیانەوە.

حزبەکانی رۆژهەڵات بە بیانوی ئەوەی کە نایانەوێت هۆکاربدەن بەدەست کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک هیچ جوڵەیەکی رێکخراو لەناو شۆڕشی رۆژهەڵاتدا ناکەن، ئەی ئەو موعجیزەیە چییە کە دەبێت رووبدات بۆئەوەی تۆ بچیتەوە ناو خاک و وڵاتی خۆت؟

شۆڕشی رۆژهەڵات لە دوو حاڵەت زیاتر تێناپەڕێت، ئەم دوو حاڵەتەش راستەوخۆ مەرگی حزبەکانی رۆژهەڵاتە، ئەگەر بارودۆخەکە وەک ئێستا بمێنێتەوە.

حاڵەتی یەکەم ئەوەیە وڵاتانی رۆژئاوا پرۆژەیەک بۆ خەڵکی راپەڕیوی ئێران و رۆژهەڵات دادەنێن و قوربانیدانەکەی خەڵکی رۆژهەڵات ئەنجامدەگرێت.

یان لە حاڵەتی دووەمدا شۆڕش وەک سەرهەڵدانەکانی دیکە بە شەهیدگەلێکی زۆر و هیلاکی خەڵک کۆتاییپێدێت، کە هەردوو حاڵەتەکەش بەهۆی نەبوونی رۆڵی حزبەکانەوە، دەبێتە خاڵی کۆتایی پوکانەوەی حزبەکانی رۆژهەڵات.

ئەوەی ئێستا وایکردووە وادەرکەوێت حزبەکانی رۆژهەڵات چاوەڕوانی موعجیزەن ئەوەیە لە بریاردان دەترسن، بەڵام مەرجنییە هەموو بریارێک لە قازانجی تۆ بشکێتەوە، ئەگەر هەموو بریارێک لە قازانجی تۆبێت کەوایە هەموو رێگاکان تەختن بۆتۆ و تۆ تەنها شوێن رێگاکان دەکەویت

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی – رێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# "ژینا"ی کوردستان و "مەهسا"ی ئێران



جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

کۆتایی هاوینی ئەمساڵ هاوینێکی مێژوویی بوو. بە گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی بە دەستی گەشتی ئیرشاد لە تاران ساتێکی مێژوویی لە مێژووی گەلانی ئێراندا تۆمار کرا. کۆتایی ئەو هاوینە بوو بە هۆی ئەوەیکە شۆڕشێک ڕوو بدات. شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی خەڵک بەتایبەتی لەسەر دەستی ژنان.

ئەمڕۆ نزیک بە دوو مانگە کە ئەو شۆڕشە گەرموگوڕتر لە ڕۆژانی یەکەم بەڕێوە دەچێت، خەڵک بە ڕوانگەیەکی ئاوەڵاتر لە شەقامەکانن. هیچ نەتەوەیەکی جوغرافیای ئێران ئەوی دیکە بە بیانووی داکۆکی لە مافی خۆی تاوانبار ناکات بەڵکوو پشتیوانیی یەکتریش دەکەن.

لە تەوریز هەتا کوردستان، لە تاران هەتا زاهیدان و لەوێشەوە هەتا کوردستان جوغرافیای ئێران یەکدەست و یەکگرتوو دژی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. دروشمەکانیش یەکدەستن لە ژن، ژیان، ئازادی بگرە هەتا باقی دروشمەکانی دیکە کە ناورۆکەکەی یەکگرتووییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### لاوانی شۆڕشگێڕ لە شەقامەکانی چێ دەڵێن؟

لە کوردستان، ئازەربایجان، ئەحواز، بەلووچستان و تاران لاوان داخوازیی نەمانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن. هەتا ئێستا نەبووە کە کەسێک دروشمێک بدات کە بە پێچەوانەی ویستی خەڵک بێ و ئەگەر هەبوویێتیش لەلایەن خەڵکەوە سەرکۆنە کراوە. زۆر کەس کە ویستوویەتی دروشمەکان بەلارێدا ببدات خەڵک بە دروشمی "مرگ بر ستمگر چە شاە باشە چە رهبر" وڵامی پێویستیان بەو کەسانە داوەتەوە.

لەلایەکی دروشمنووسین لە گوندەکانەوە بگرە هەتا سەر دیواری قوتابخانە و کۆڵان و شەقامەکان هەمووی باسکردنە لە ویستی خەڵک. لە هەمووی بەرچاوتر نووسینی دروشمی "انقلاب مهسا، این اعتراض نیست انقلابە."

لە کوردستان و بەلووچستان دۆخەکە زۆر هەستیارترە و دۆخی شۆڕش لە سنە بە جۆرێکە کە جیهان دانی پێ داناوە کە دەبێ پشتیوانی لە سنە بکرێت. دروشمی "بژی ئازەربایجان و پاشان کوردستان" دراوەتەوە.

لە بەلووچستان کاتێک بانگەواز درا کە بۆ چلەی شەهیدانی زاهیدان خەڵک مان بگرن لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی سنە مانگرتن لە ئاستێک دابوو کە نەتەوەی بەلووچ ڕایانگەیاند هیچ کات ئەو پشتیوانییەی کوردستانمان لەبیر ناچێتەوە. "تیپاکی کوردستان لە بەلووچستان."

کاتێک ژینا شەهید کرا و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕایانگەیاند کە بۆ مەحکوومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم ئێران خەڵک نارەزایەتی دەرببڕن هیچ کات حکوومەتی ئێران باوەڕی نەدەکرد کە خەڵک ئاوا یەکگرتووانە بێنە سەر شەقام. لە ئاستی جیهانیدا پشتیوانی لێ بکرێت، هونەرمەندان، وەرزشوانان، سینەماکاران، یاریزانان لە ئاستی جیهاندا پشتیوانی لە خەڵک ڕاپەڕیوی ئێران بکەن.

لە هەمووی جێگای سەرنجتر ئەوەیە کە تەنانەت تیمی میلیی فوتباڵی ئێران لە یاری لەگەڵ نیکاراگۆئە تیمی واترپلۆ لە ڕێکەوتی ١٨ی خەزەڵوەردا سروودی میلیی ئێرانیان نەوتەوە. نەوتنەوەی سروودی میلیی ئێران بوو بەهۆی ئەوەیکە تەنانەت خودی حکوومەتی تاران هەڵویست بگرێت و بڵێت دەبێ ئەو کەسانە سزا بدرێن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە تاران سینەماکاران و هونەرمەندانی فارس بە نووسینی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە زمانی کوردی پشتیوانیی خۆیان لەو خۆپیشاندانانە و خەڵکی ئێران دەربڕی.

لە مزگەوتەکان ژنان و کچانی شۆڕشگێڕ لەسەر بڵیندگۆ داوا لە خەڵک دەکەن بڕژێنە سەر شەقامەکان و لە تاران خەڵک لە شەقامەکان دەڵێن هەموومان پێکەوەین. مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان سروودی شۆڕشگێڕانە دەڵێنەوە و لە سەر گڵکۆی شەهیدانیش بە ڕاشکاوی دەڵێن درێژەی بە ڕێبازی شەهیدان دەدەین.

لە زانکۆکانیش خوێندکاران بە هەر جۆرێک کە دەتوانن پەیوەست بە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بوونە. ڕێژەی دەسبەسەرکرانی خویندکاران لە زانکۆکان باس لەوە دەکات کە زانکۆکان بوونەتە سەنگەرێکی ئازادی.

نووسینی دروشم لە زانکۆکان و خەوتنگەکان و وتنەوەی سروود لەلایەن خوێندکاران بووەتەوە هۆی ئەوەیکە سەرنجی خەڵک و تەنانەت جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

لە بواری مافی مرۆڤییەوە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار پشتیوانی خەڵکن و هەتا ئێستا لە ئورووپا چەندین کاربەدەستی حکوومەتی تاران تەحریم کراون کە چەندین کەس لەوانە فەرماندەی هێزی ئینتزامی لە شارەکانی بۆکان، سەقز، بۆکان و دیواندەرە بوونە.

گەمارۆکانی ئورووپا تەنانەت ناوەندە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتیشی لەخۆوە گرتووە و یەکیەتیی ئورووپا لەبەردایە کە گەمارۆی زیاتر دژی حکوومەتی ئێران بە مەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندەران پەسند بکات.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای کردووە بۆ پێشگرتن لە جینایەتەکانی حکوومەتی ئێران دژ بە خۆپیشاندەران جیهان هەڵوێست بگرێ.

لە جینایەتەکانی حکوومەتی ئێران کە ڕەوشتی هۆڤانەی ئەو ڕێژیمە دەردەخات ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ تەقە لە منداڵان دەکات و هەتا ئێستا چەندین منداڵ شەهید بوونە. قوتابییەکانیش تەنانەت لە سەرکوتی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی ئێران نەپارێزراون و هێرش دەکەنە سەر قوتابخانەکان و لە قوتابییان دەدەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەمڕۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی خۆپیشاندانەکان دەکات خەڵکە؛ خەڵک خۆیان ڕێکخستن دەکەن و بە شێوەیەکی زۆر مەدەنییانە لە خۆپیشاندانەکانیان بەردەوامن مێژوو گەیشتووەتە شوێنێک کە خەڵک بڕیاریان داوە هەتا بە ئاکامی خۆیان کە ڕووخانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە نەگەن واز لە خۆپیشاندانەکانیان ناهێنن.

ئەوەی ئەمڕۆ نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێران دەکات شەقامەکانن؛ سەکۆی شەقامەکان دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکە و ئەوەی خەڵک داوای دەکات و خوێنی بۆ دەدات پشتیوانیی لێ دەکرێت.

ناوی ژینا بووەتە ڕەمزێک بۆ بەرخۆدان دژی دەسەڵاتی ئێران. دەنگی شەقامەکان بیستراوە و دنیا دەزانێت کە ویستی خەڵکی خۆپیشاندەر چییە. شەقامەکان باس لەوە دەکەن "ژینا"ی کوردستان و "مەهسا"ی ئێران بووەتە سەمبوولی یەکگرتوویی و یەکدەنگیی خەڵکی ئێران دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕوانگەی نووسەرەکەیەتی و ئاژانسی کوردپا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سۆنامی نارەزایەتییەکانی ئێران دانامرکێتەوە



عیماد عەلی

ئەوەی راستی بێت، سەرەتای ئەم نارەزایەتییانەی گەلانی ئێران زۆر دراماتیکیانە بوو، بۆیە ئەوەی لە مێشکی چاودێراندا دەخولایەوە، کە ئەم جارەش نارەزایەتیەکی کورتخایەنە و لەلایەن کۆمەڵێک هاورێی ژینا ئەمینی و خەڵکی نارازی زەرەمەندی سنوری کوردستانە و زۆری پێ ناچێت دادەمرکێتەوە و ئەوەی تێدا دەچێت و زەرەر دەکات تەنها چەند خانەوادەیەکن و توشی ئەو جەرگ سوتانە دەبن، بەڵام کە نارەزایەتیەک بۆ نزیکەی دوو مانگ بەو بارودوخەی بابەتی و خودیەوە بێت و بەو رادەیە درێژە بکێشێت و بەردەوام لە فراوانبووندا بێت، ئەمە قسەیەکی ترە و دۆست و دوژمنی توشی شۆک کردووە و هەمووان ئەوەیان بۆ دوپات بووەوە، کە س ئەو خەڵکانە ئازایەتیەکی وایان نواندووە کە وێنەی لە دونیادا نیە. با بزانین ئەم شۆرشە بۆ نمونەییە؟ دەڵێین لەبەر ئەوەی:

* دەستەوەستان تەماشای قارەمانێتی خەڵکی ئێران دەکەن و هاوکێشەی پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانیان رێگەیان پێ نادات تەنانەت یارمەتی مەعنەویی ئەو خەڵکە بدەن)ئەو خەڵکەن کە رۆژانە تەنها بە خۆیان و بەس ئەو قارەمانێتیە دەنوێنن.

* لەبەر هاوەکێشە و فاکتەرە سیاسەکان، خودی ئەمریکا و ئۆرووپاش ئەگەر بە ئاشکرا سۆز بۆ نارازیەکان دەنوێنن بەڵام



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە روونی دیارە کە ئاواتی دامرکاندنەوەی نارەزایەتیەکان دەخوازن و ئەگەر هەست بە عەیبەش نەکەن بە شێوەیەکی جیاواز یارمەتیی ئەم وڵاتە دکتاتۆرەش دەدەن بۆ نەهێشتنی نارەزایەتیەکان.

* براکانی ئەم گەلە لە باشوور و تەنانەت لە باکوور و رۆژئاوای کوردستانیش سەرقاڵی ململانێ و کێشەی بێ ئەرزش و پرو پوچ و هیچوپوچە نێوخۆییەکانی خۆیانن و هەر یەکە و گیرۆدەی دەستی وڵاتێکە و فەرمانی لێ وەردەگرێت ( ئەمەش لەدەرئەنجامی هەڵەی سیاسی و ناسەربەخۆیی بریاردانیان) و پەیوەستن بەو ولاتانەوە و ناتوانن جموجوڵێک بکەن لە قازانجی ستراتیجیەتی پرسی کورد بێت.

* دەرکەوت مردنی ژینا هاوشێوەی بوعەزیزیش نیە و شۆرشێکی تاکە لە مێژووی هەموو ناوچەکەدا و، بێ پشتوپەنایی کۆڵی پێنەداون تا دێت لە رووی ژمارە و نەوعیشەوە فراوانتر دەبێت و ئەو خەڵکە بێ سڵکردنەوە لە هیچ شتێک قوربانی زیاتر دەدەن و شێلگیرانە بۆ پێشەوە دەرۆن.

ئەوەی زۆر گرنگە کە پاش نزیکەی دوو مانگ خەڵکی نارازی هیچ یارمەتیەکی پێنەگەیشتووە و کۆڵی نەداوە کەچی رژێمێک بەو هەموو توانا و ئیمکانیاتە مادی و مەعنەویەی دەوڵەتێکی خاوەن نەوت و غازەوە ( وەک فاکتەرێکی سەرەکی کاریگەر لەسەر هاوکێشە جیهانیەکیانی ئەمرۆی پاش شەری روسیا و ئۆکرانیا) یارمەتی دەرەکی لە لایەن حزبوڵای لوبنان و حزبەڵای عێراق و حوسیەکانی یەمەن پێیدەکات و ئێستاش بە ئاگرو ئاسن نە یتوانیوە ئەم نارەزایەتیە یان شۆرشە کۆتایی پێ بێنێت. بۆیە تا ئێستا ئەوەی روونە دەرئەنجامی سەرکەوتنی ئەم شۆرشە ئا لەم ئانوسات و کاتەدا بۆ هەمووان ئاشکرا بووە، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ساردی تێدا بەدیبکرێت بەڵام گۆرانێکی وای بەسەر ئێراندا هێناوە کە جارێکی دیکە ئەم وڵاتە وەکو خۆی لێنایەتەوە.

بوغرایی رژێم کە سەرەتا تەنها بە کۆبونەوەی چەند هاورێیەکی ژینای لەقەڵەم دا و دواتر بە ئاژاوەگێران ناویهێنا و ئینجا هەوڵی ئەوەیدا کە بەدەستی دەرەکیی لەقەڵەم بدات. کە بۆی دەرکەوت شۆرشێکی خودیی پاک و بێگەردی گەلانی ئێرانە و بواری هەموو بوختان و ناوهێنانێکی بەدەر لە نارەزایەتی گەلانی ئێران بۆ کەس نەهێشتۆتەوە، دانی بە شۆرشەکە نا. ئێستاش وای لێهاتووە ئەم جمهوری ئیسلامیە پێ راناگات پینەی هەڵوێست و قسەکانی پێشوتری خۆی بکات و، کە دەبینێت نارەزایەتیەک لە فراوانبون دایە و وەکو گلۆڵەیەکی ئاگر رێگەی خۆی گرتووە و هەموو شتێک لەبەردەم خۆیدا دادەماڵێت و کەس ناتوانێت بەری لێ بگرێت، تەنانەت ئەم دەسەڵاتە لەبەردەم دۆستەکانیشیدا زۆر روگیر بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی بە جوانی بۆ رژێمی ئاخوندی ئیسلامیش دەرکەوت، کە ئەم شۆرشە تەنها کاردانەوەی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی نیە بەڵکو ئەم نارەزایەتیەیە دەربرینی ئەو ناخەیە کە بۆ چەندین ساڵە پەنگی خواردۆتەوە و رقێکی پر لە چەربەزەی لە جەوهەری خۆیدا مەڵاس داوەو و ئەم شۆرشە ئەوەی دەرخستووە کە نە بە سوپای پاسداران ونە بەسییج و نە بە شێخانی دەرباری شۆرشی ئیسلامی و نە بە جاشی ئیسلامی و نە بە هەموو دامودەزگا سەرکوتکەرە خوێنرێژە هەمەچەشنەکانی ئێران دادەمرکێتەوە.

ئا لەم کاتانەدا و ئێستا خەریکە چاودێران دەگەنە قەناعەتێک کە ئەمە تاکە شۆرشێکی نمونەییە لە مێژووی نزیکی سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەو شێوەیە بەرپابێت و ئەوەندە بەردەوام بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ڕازی مانەوەمان



تەیموور مستەفایی

ئەوەی کوردی تائێستا لەبەرامبەر دوژمناکانیدا بە قامەتی ڕاستەوە هێشتووەتەوە، بڕوا بوونی بەڕزگاری نەتەوەکەمان و فیداکاری ڕۆڵەکانیەتی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم ڕێڕەوەدا بەساڵیانە خوێنمان لێ دەڕوات، ڕێبەری هەمیشە زیندومان د. قاسملوو فەرموویەتی:

"گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات".

نەتەوەکەمان لە پێناو ئازادیدا تا ئێستا نرخێکی زۆری داوە و هێشتاش بەو ئاواتەی نەگەیشتووە، ئەوەی لەو ڕێڕەوەدا زیاتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە ئازادی هیوادارم دەکات هەڵویستی ئازایانە و بوێرانەی بنەماڵەی شەهیدەکانە لەم قۆناغەی خەباتدا ،هەرچەند ڕێژیم هەموو هەوڵێکی دا بەچەواشە کاری ئەستۆی ناپاک وجینایەتکارانەی لەو وەحشیگەرییەیان داماڵی و خەڵکی دیکەی پێ تاوانبارکا، بەڵام بنەماڵەی شەهیدەنەمرەکان ئازایانە و بوێرانەهەروەک ڕابردوو نەچوونە ژێر باری هەڕەشەکانی ڕێژیم و ،ڕایانگەیاندکە ڕێژیم قاتڵی شەهیدەکانی ئەوانە.

لەوش زیاتر ئەوەی جێگای شانازیم بوو، بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان زۆر بەورە و ئازایانە شانازییان بەو ڕێگا سەربەرزانەیەوە کرد کەڕۆڵەکانیان پێیدا ڕۆشتوون و ،ڕایانگەیاند تاکۆتایی و تاسەر لە پشتی خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمدا دەبن.

بادوژمنی قین لەدڵ باشتر لە پێشوو تێ بگات کوردستان پارویەک نییە بەهیچ شۆڤینیست و کۆنەپەرەست و داخ لە دڵێکیتر قوت بدرێ ، هەرەکەس بیهەوێ قوتی بدات دەخنکێ و پێی دەمرێ.

با دۆست و دوژمن بزانێ بۆ پاراستنی ئەم ئاو و خاکە تا ئێستابە سەدان هەزارمان لێ شەهید و ئەنفال و کیمیا باران کراوە ،ئێمەو ئەم خاکە هەر ماوینەتەوە و تا دەستەبەرکردنی مافە ڕەوا و بەحەقەکانمان درێژە بەڕێبازی شەهیدان ئەو ڕێبازە سەربەرزانەیە کە سەردارەکانیشمان سەریان لە پێناویدا دانا دەدەین.

دڵنیام شۆڕە لاوەکانمان لە داهاتوودا هەرەک ڕابردو سینگیان بۆ پاراستنی ئەم ئاو خاکەدەکەنە سپەڕ، دایکانمان بەردەوام دەبن لە پێگەیاندنی ڕۆڵەی ئازا و نیشتمانپەروەر، باوکەکانمان دەرسی ئازایەتی و بوێری بە ڕۆڵەکانیان دەدەن وئەمەشە ڕازی مانەوەی نەتەوەکەمان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی قادر وریا – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# خومەینی و پەهلەوی؛ تاکتیکی بێ لایەنی



زاهید حەنبەلی

## ١- پێشەکی

رەزا پەهلەوی لە پرێس کۆنفرانسێک لە رۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر، کە زۆربەی راگەیاندنی فارسی زمانی ئۆپۆزیسۆنی ئێران راستەوخۆ دەیانگواستەوە، رایگەیاند کە ئەو لە نێوان لایەنە سیاسییەکانا بێ لایەن دەمێنێ، خۆی لە قەرەی کێبەرکێ و شەڕە حیزبی نادا و ئەیەوێ بارتەقای ئەو متمانەیە! بێت کە خەڵک پێیان داوە. ئەو کە هاتبوو باس لە دۆخی شۆڕش و ئەگەری کەوتنی رێژیمی ئێستا بکا، پێگەی خۆی لە ئەکتەرێکی سیاسی هەڵوەدای دەسەڵات لە دۆخی ئێستا و بۆ رێوەبەری داهاتوو جیاکردەوە و ئەرکی خۆی بە یارمەتیدان بۆ رووخانی رێژیمی ئیسلامی و دابینکردنی سیستەمێکی دێمۆکراتیک و مەردمی لە داهاتوودا دیاری کرد؛ کەسێ کە چاودێری ئەکا، راوێژ ئەدا و خۆی لە هیچ ململانێیەک نادا. ئەو کە ئاڵای شێر و خورشیدی لە پشت بوو، بەڵام لە زۆر شوێنی قسەکردن و بەرسڤ دانیا بۆ راگەیەنە دەستچینەکانی ئەو هۆڵە، باسی لە پلان و دابەشکاری کار لە ئێستا و داهاتوودا دەکرد. کێشەکانی ناودەبرد و ئەیوت دەستەی دامەزرێنەری داهاتوو هەم دەبێ بە قەیران و کارەکانی ئێستای وڵات رابگا و هەمیش مکانیزمی هەڵبژاردنی دێمۆکراتیک بۆ دیاریکردنی چیەتی سیستەمی حکوومەتی داهاتوو دیاری بکا.

ئەووەیکە کوڕی شای پێشووی ئێران بەهۆی ئەم پێگە سیاسیەوە و بەناوی "شازادە" کۆڕی گرت و لێدوانی دا بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرپرسیاریتی وەئەستۆ نەگرت و لە سەرەوەی کێبەرکێ سیاسی دەدوا، بۆ زۆر کەس وەبیرهێنەرەوەی ڕۆڵ و لێدوانی ڕۆح الله خومەینی بوو لە وەختی شۆڕشی ١٩٧٩ لە نۆفیل لۆشاتۆی فەرەنسا. ئەویش لەو سەرووبەندەدا مژدەی داهاتوویەی جیاواز و ئازادی دەدا، کە لەودا دیکتاتۆری پەهلەوی رووخاوە و خەڵک تامی ئازادی و بەرابەری دەچێژن. هەروەها خومەینی وتی هیچ پۆستێکی حکومی وەرناگرێت، دەسەڵاتی هاوشێوەی شای نابێ و تەنیا رۆڵی رێنوێن و راوێژکاری دەوڵەت دەگێرێ. پێداگری لەسەر ئازادی بیرورا، دیمۆکراسی، دادپەروەری و بەشداری ئازادانەی هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتدا کرد. ئەو هەنگاوێ واوەتریش چوو و گوتی فۆرمی دەوڵەتی داهاتووی ئێران کۆماری دەبێ و بە پێی دەنگی خەڵک پێکدێت.

لەگەڵ ئەوەی هەم دۆخی سیاسی ئێران و تەنانەت ئاستی راپەرین و شۆرشی خەڵک ئێران لە ٧٩ و لە ئێستا دا زۆر جیاوازن و پێگە و رۆڵ و ستاتۆی خومەینی و رەزا پەهلەوی لێک ناچن، بەڵام وێکچوون و جۆرێک تاکتیکی هاوشێوەی زۆر گرنگ لە هەر دوویان دا بەدی دەکرێ. ئەویش بریتییە لە رێکاری پاوانکردنی دەسەلات لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و فرەچەشن دا. جڤاتێکی لێوانلێو لە کێشە، ناکۆکی و کێبەرکێ، کە تا ئێستا رەنگی دیمۆکراسی بە خۆیەوە نەدیوە. دۆخێک کە لەودا دەرفەتی دەرکەوتن و گەشەی دەسەڵاتی رەها absolutism بەتەواوی کراوەیە. خومەینی ئەم بەستێنەی قۆستەوە و تا رۆژی مردنی دەسەڵاتی پاوان کرد و بڕیاردەری رەهای گۆڕەپانی سیاسی ئاڵۆزی ئێران بوو. لەپاش خۆی خامنەیی ئەم رۆڵەی شارەزایەنە گێرا. پێش ئەوانیش لە سیستەمی پێشوودا باوک و کوڕ هەڵوەدای ئەو ستاتۆیە بێ خەوشە بوون و بۆ ساتێ ملیان بە هیچ یاریەکی دیمۆکراتیک نەدا.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ئەو پرسە ڕاڤە بکەم کە بۆچی کایە سیاسیەکانی ئێران تا ئێستا بە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن تاکێکەوە کۆتایی دێت؟ تاکێ کە نەیدەویست یان نایەوێت بەشداری دەوڵەت بێت، یان پۆستی حکومی وەرگرێت، نەیدەویست یان نایەوێ بەشداری هیچ ململانێیەکی سیاسی ببێ.

بۆ ئەم مەبەستە لە تیۆری "مکانیزمی شاهانە(Der Königsmechanismus) "ی کۆمەڵناسی جوولەکە-ئاڵمانی نۆربێرت ئەلیاس(Norbert Elias١٩٨٣ ) کەڵک وەردەگرم، کە شیکاری پاوانکردنی دەسەڵات و کاراکردنی absolutism لە کۆمەڵگەی فرە ئاڵۆزدا بەشێوەی کۆمەڵناسانە ڕاڤە دەکا. ئەم باسە یارمەتیمان دەدا تاکوو پێکهاتنی ئەم مۆدێلە حکومەتە لە ئێران لێک بدینەوە و هەروەها رووناکیش بخەینە سەر هەڵبژاردنی بێ لایەنی خومەینی لە کێبەرکێی سیاسی دوای شۆڕشی ٧٩، کە دواتر گشت یارییەکە بە قازانجی ئەو کۆتایی هات. لە درێژەدا بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران و ململانێ و ئاڵۆزییەکانی وەک بەستێنێکی لەبار بۆ قۆرخ کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند دا باس



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکەم. دواتر و لە بەشی سەرەکی ئەم بابەتەدا خواستی بێ لایەنی رەزای پەهلەوی و هەوڵی لایەنگرانی بۆ دانانی کەسێکی بەهێز لە ناوەندی دەسەڵات شی دەکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە بەشێک لە قسەکانی رەزا پەهلەوی لە دواین پرێس کۆنفرانسی دا دەخەمە بەر باس و شیکاری. لە کۆتایی دا هەوڵ دەدەم کە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە، بەکورتی و بەپوختی ئاراستە بکەم.

## ٢- بەشی تیۆریک

نۆربێرت ئەلیاس لە درێژەی راڤە و لێکۆڵینەکانی دا لەمەڕ چۆنیەتی پێکهاتنی رەوتی شارستانیەت، باسی رەهەندێکی گرینگی گەشەی کۆمەڵایەتی مێژوویی ژیاری مرۆڤی دەکا، کە لەودا کۆمەڵگا بەهۆی ئاڵۆزی و فرەجیاواز بوونی گرووپ و چینەکان و کێبەرکێی نێوانیان، بەرەو پاوانخوازی و قۆرەخکردنی دەسەڵات دەڕوا. ئەم ڕەوتە لە رۆژئاوادا دەست پێدەکا، لەوێ کە رۆڵی "ئۆرگانی ناوەندی" بەهۆی جیاواز بوون و تایبەت بوونیەوە، زیاتر لە هەر شوێنێکیتر کارکردی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ. وەها ئۆرگانێکی ناوەندی، کە توانی وەک رێکخەر و رێوەبەری باڵای کۆمەڵایەتی جۆرێک سەقامگیری بێ وێنە لەو مەڵبەندە دابین بکا. بەڕای ئەلیاس، یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ئۆرگانە ناوەندییە، هێزی کۆمەڵایەتییە، کە لێیەوە (Herrschaft) چێ دەبێ. بەواتای ماف و هێزێک، کە دەتوانی بە سەر ئەوانیتردا حوکم بکا. دەسەڵاتداری هێزێکی کۆمەڵایەتیە، کە بەهۆی رۆڵێکی تایبەت و سەنترال لە پێوەندی لەگەل رۆڵ و کارکردی لایەنەکانی تر، هێز و پێگەی تایبەت بە خاوەنەکەی دەبەخشێ. بۆ کۆمەڵگەیەک، کە لەودا چین، گرووپ و بەرژەوەندی یەکجار زۆر و ئاڵۆز گەشەیان کردووە، دەسەڵاتی ئەم ئۆرگانە ناوەندییە خۆی تایبەتتر و سەنترالتر دەکاتەوە هەتا بتوانێ رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێرێ. ئەلیاس ئەم مکانیزمە بە رەوتی قۆرەخکردنی دەسەڵات دەبینێ، کە وەک لە درێژەدا باسی دەکەین، دەبێتە بنەمایەک بۆ پێکهاتنی دەسەڵاتخوازی رەها. absolutism /

وەها ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی، کاتێ بۆ ئەلیاس روو ئەدا، کە گرووپ و چینی جۆراوجۆری جڤاکی بەهۆی social differences / جیاوازی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی و جیاوازی هێزەوە، رووبەڕووی یەک دەبنەوە وگرژی لە نێویانا ساز دەبێ. لێرەدا گرنگە کە تێرمی social differences شی بکەینەوە، تا لە مەبەستی ئەلیاس لە گرژی و ئاڵۆزی نێوان ئەم گرووپانە باشتر تێبگەین. ئەم تێرمە لە زانستی جڤاکی دا بۆ "ئاماژەکردن بە جیاوازی، فرەچەشنی و بەگشتی ئاڵۆزییەکان(heterogeneity, variety and complexity) ی کۆمەڵگە و سیستەمی کۆمەڵایەتی بەکاردێ کە تێکڕای دام و دەزگا و رێکخراوەکان لەبەر دەگرێ کە بەهۆی رۆڵ و پێگە، ئۆتۆریتە و پرەستیژ و هێز و دەسەڵاتەوە، بەپێی رادە، کلاس و چینی کۆمەڵایەتی لێک جیادەکرێنەوە" (بڕوانە ماڵپەری wirtschaftslexikon) لە وەها دۆخێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵایەتی دا کە ئەلیاس باسی دەکا، پێوەندییەکی دوالیستی لەنێوان گرووپ و لایەنی ناکۆک دا ساز دەبێ؛ ئەوان نە ئەوندە هێزیان هەیە کە بەسەر یەکدا زاڵ بن، نە بەهۆی گرژی و جیاوازی نێوانیان دەتوانن پێکەوە بسازن. لەوەش زیاتر، ئەمان لە دۆخێکی دووژمنکارانەدا بەنیسبەت یەکتر دەژین و هەبوونی کۆمەڵایەتیشیان بە بوونی ئەویترەوە بەستراوە. یانی ئەمیان لە دژایەتی ئەوی تردا پێکهاتووە و هەبوونی ئەم بە بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی لایەنی ڕەکابەرییەوە بەستراوە. واوەتر لەمەش، ئەم گرووپانە بۆ خۆیان لە هەندێ وردە گرووپی تر پێک دێن کە لەگەڵ ئەوان بەرژەوەندی ئاڵۆز، لێکبەستراو، تەبا و ناتەبایان پێکەوە هەیە. کەواتە ئەم دوو بەرەیە لە لایەک دووژمنن، بەڵام هێزیان بەوە ناشکێ کە یەکتر بسڕنەوە، لە لایەکی ترەوە هەبوونی کۆمەڵایەتیان لێکبەستراوە، بەڵام ناتوانن پێکەوە بسازن. لێرەدا کەلێنێ ساز دەبێ کە لەودا هێزی سەنتراڵ و تایبەتی "ئۆرگانی ناوەندی" دەتوانێ بەقازانجی خۆی بەکاری بێنێ. بەڕای ئەلیاس، کەسێکی ئاریستۆکرات لە چەشنی شا! دەتوانێ وەها ڕۆڵێ بگێڕێ و ئەم دۆخە چەقبەستوویە بکاتە هەوێنی پاوانکردنی دەسەڵات بۆ خۆی.

بە واتەیکی تر، مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات لە وەها دۆخێکی ئاڵۆزی کۆمەڵاییەتی دا وەک پێویستییەک دەردەکەوێ. شا یان کەسی ئاریستۆکرات لە چەقی ناوەندی بڕیاردا دادەنیشێ و حوکم و بڕیاری یەکلاکەرەوە تەنیا بۆ ئەون. ئەلیاس ئەم پرۆسەیە ناو دەنێ مکانیزمی شاهانە. لێرە کەسی ئاریستۆکرات ئەبێ شارەزایی باشی لەمەڕ هەڵسووکەوت لەگەڵ گرووپە نەیارەکان و کۆنترۆڵی ئاستی گرژی نێوانیان هەبێ. نابێ هیچ گرووپێ هێندە بەهێز بێ، کە بەسەر ئەویتردا سەرکەوێ و سەری پاشاش بخوا، ناشبێ هیچیان هێندە کز و لاواز بن، کە بن کەون و لایەنی سەرکەوتوو گێچەڵ بۆ دەسەڵاتی شا سازبکا.

لەم سێناریۆیەدا گرووپەیل ڕکابەریش، لایەنی سێهەمیان، واتا پاشایان، بۆ زیاد ئەبێ. ئەم گرووپانە لەلایەک حەز بە بێ هێزی پاشا ئەکەن، چۆن لەوان لەسەر ترە و بان دەستیانە؛ لەلایەکیتر نەبوونی شا یان کەسی ئاریستۆکرات بە مەترسی دەزانن، کە نەکا بچێتە خزمەت گرووپی ڕەقیبیان، یان لەوە دەترسن کە لەو یارییەدا بە بێ پشتیوانی شا بیدۆڕێنن. واتە جۆرێک پێوەندی لێکبەستراوی نوێمان دەبێ:

١- ڕکابەرەکان، بۆ دژایەتی یەکتر، یان هاوسەنگی هێز پێویستیان بە بوونی پادشایە.

٢- پادشا بوون و هێزی خۆی لە هەبوونی دژبەرانەی ئەم دوو لایەنە ناکۆکەدا دەبینێ.

٣- ئەو دوو گرووپەش هەبوونیان بە دژایەتی ئەویترەوە بەندە و بۆ مانەوەشیان پێویستیان بە مانەوەی ئەویترە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم سێ لایەنە هاوکات دژی یەکتریشن. ڕۆڵی پادشا بەڵام ناوازەیە. لەبەر ئەوەی ئەو نێوانگیڕی ئەو دوو لایەنی تر دەکا و بچووکترین جووڵە و بڕیاری ئەو، دەتوانێ بالانسی هێزەکان بگۆڕێ. ئەلیاس ئەم هاوکێشەیە بە یاری تەناف Tauziehen دەشوبهێنێ. تەناف/گوریسێ کە دوو گرووپی ڕەقیب ئەم بەر و ئەوبەریان گرتووە و دەیکێشن. ئەم گوریسە تاوێک بەملا و تاوێک بەولادا دەکێشرێ، بەڵام هێزی هەر دوو لا هەر ئەوەندیە کە شکەستی ئەویتریان زەحمەتە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە یارمەتی دەرەکی هەیە: بە پادشا! تەنیا ئەوە کە لە دەرەوەی ئەو یاریە وەستاوە و چاوەدێری ئەو ڕەوشە دەکا کە نەکا لایەنێ هێند بەهێز بێ کە ئەویتر ڕاکێشێ و لە عەرزی بدا. لەکاتی وادا خۆ تێ وەردەدا و بە هانای لایەنی لاوازەوە دەچێ کە نەکەوێ و کێبەرکێ نەدۆڕێنێ. بێتوو ئەم کێبەرکێ یە، بە سەرکەوتنی لایەنێک تەواو بێ، پاتشاش دەسەڵاتی ڕەهای خۆی دەدۆڕێنێ(Molsberger) ... (٢٠١١) Elias ,(٢٠١٠)

ئەلیاس ئەم هاوکێشە بۆ لێکدانەوەی قۆناغێکی مێژوویی ناسراو بە دەسەڵاتخوازی ڕەها absolutism لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ی زاینی و بەتایبەت لە سەردەمی پاتشایی لووی شازدەهەم لە فەرانسەدا باس دەکا، کە وەک مۆدێلێکی زاڵی دەسەڵاتی ڕەهای تاکی لە گشت ئورووپا دەردەکەوێ و کاریگەری لەسەر هەموو جیهان دەبێ. بەڵام مکانیزمی شاهانە لە دنیای ئەمڕۆدا فۆرم و شێوەی جیاوازی وەرگرتووە. بەتایبەت لە وڵاتانی دێمۆکراتیک دا دەسەڵاتی ڕەها چیتر لە پاوانی تاک دا نەماوە، بەڵکوو فۆرمێکی گشتگیری وەک دەوڵەت، سیستەمی پارلەمانی و هتد وەرگرتووە. بەڵام خەسڵەتی "ئۆرگانی ناوەندی" کە خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یە، لە ڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەروا بەردەوامە. ئەم دۆخە بۆ وڵاتانی نادیمۆکراتی وەک ئێران چۆن دەبێ و مکانیزمی شاهانە چەندە دەتوانێ سیستەم و فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا شیبکاتەوە؟

### ٣- خومەینی و بێ لایەنی

وەک لە سەرەتادا باسکرا، ئێران وڵاتێکە لێوانلێو لە قەیران، ناکۆکی، هەڵاواردن و ستەم و بەو پێیەش، پڕە لە گرژی و ڕکەبەرایەتی. وڵاتێ پڕ لە جیاوازی، فرەچەشنی و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی. تا ئەم سەردەمەش، ئەم وڵاتە دیمۆکراسی بەخۆوە نەدیوە و کێشە و ململانێکانی پەنگیان خواردووەتەوە، هەر زیاد بووگن، بەڵام هیچ چارەسەر نەکراون. دەسەڵاتی دواین شای ئێران بەهۆی شۆڕشی "گەلان" لە ساڵی ١٩٧٩ ڕوخا و کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی خومەینی جێگەی ئەوی گرتەوە. خومەینی لە کاتی دوورخرانەوەدا لە پاریس بەکردەوە بوو بە دەمڕاستی نەیارانی شا و رابەرایەتی ئەکسیۆنی دژە حکومەتی بە ئەستۆ گرت. ئەو کە خۆی مەرجەعێکی ئاینی شیعە بوو، بە سیمای زاڵی ئۆپۆزیسیۆنێک دەناسرا کە بەشی هەرە بەرچاوی لە گرووپ و لایەنی چەپ، نەتەوەیی-چەپ، ئیسلامی . چەپ یان لیبراڵ- نەتەوەیی پێکدەهاتن. لە کاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەڕانەوەی دا بۆ ئێران - چەند رۆژ پێش شۆڕش- وەک ئیمام و رێبەری بێ ئەملاو ئەولای شۆڕش پێشوازی لێکرا. لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەدوای شۆڕش بوون بە رکابەر و دژبەر کە کامیان بتوانێ خۆی لە واقعی سیاسی ئێراندا بسەپێنێ، یان لەو دۆخە جێ نەمێنێ. خومەینی لەو وەختەدا بوو بە ئیمام بۆ زۆرینەیان و بوو بە جێگای هیوا، بوو بە رووگەی هانا و سکاڵای ئەو لایەنانە کە خەریک بوون یاری گورێسیان دەکرد و لەوانە بوو بە لایەنی بەرانبەر بیدۆڕێنن. لەم وەختەدا خومەینی بوو بە دواین و گرینگترین بڕیاردەری پرسەکان. هیچ پرسێکی گرنگ بێ ئیزن و بڕیاری ئەو دەرنەدەچوو. هەر لە فتوای دژ بە خەڵکی کورد، تا فتوای جەنگ و فتوای دژی سەلمان رۆشدی، فەرمانی کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، راگرتنی شەڕ لەگەڵ ئێراق، لابردنی مۆنتەزێری و هتد. بوویەرەکانی ئەو ساڵانە دەریدەخەن کە چ رکابەریەکی سیاسی گەورە لە دەوروبەری خومەینی لە ئارادا بوون و چۆن لایەنەکانی بەشدار گرێدراوی رۆڵی تاکڕەوانەی خومەینی بوون بۆ پاراستنی خۆیان، مانەوەیان یان بردنەوەیان لەم یارییە.

ئەم لە کاتێک دایە کە خومەینی لە قسەکانی بەر لە گەڕانەوەی بۆ ئێران نەیدەویست بەشداری سیاسەت بێ، پۆستی حکوومەتی وەربگرێ، یان وەک شا بەرپرسیاریێتی هەبێ. دیمۆکراسی، ئازادی، ئازادی رادەربڕین، بەشداری ژنان لە کۆمەڵ دا و، تەنانەت ئازادی تێکۆشانی کۆمۆنیستەکانی بە ڕەوا دەزانی. چی بوو کە ئەم شتانە نەهاتنە دی و ئەو بوو بە کەسی یەکەمی یەکێ لە داپڵۆسێنەرترین حکومەتەکانی دنیا و دەسەڵاتی سیاسی ئێران تا دواین رۆژی ژیانی لە پاوانی ئەودا مایەوە؟

ئەم پرسە ئەگەر نا بەتەواوی، بەڵام تا رادەیەک دەکرێ بە مکانیزمی شاهانەی ئەلیاس وڵام بدرێتەوە. ئەو جڤاتانەی کە پڕاوپڕن لە کێشە و ناکۆکی چینایەتی، یان جۆرەکانی تری ستەم و بەرژەوەندی گرووپی، وە مکانیزمێکی دیمۆکراتیک بۆ باسکردن و چارەسەری کێشەکان لەئارادا نییە، دەبنە شوێنی پێکدادانی گرووپە دژبەرەکان. تادێ ئەکتەری زیاتر بەم کێبەرکێ پەیوەست دەبن و ئاستی رکابەری، دژایەتی و هاوکات لێکبەستراوەی هێندە زۆر دەبن کە بوارێکی لەبار بۆ پێکهاتنی مۆنۆپۆلی دەسەڵات پێکدێت. ئەزموونی شۆڕشی ٧٩ وابەستەیی گرووپە دژبەرەکان بە تاکڕەوی خومەینی ئاشکرا دەکا. خومەینیش لەم هاوکێشەدا، بوونی بەو دژبەرانە بەسترابوو کە ئەودەم و دواتریش لە فۆرمی جیاوازدا تا سەرە مەرگی لە ئارادا بوون. خومەینی بوو بە کەسی یەکەمی هەمان ئۆرگانی ناوەندی کە هێزی کۆمەڵایەتی قۆرخ کردبوو. هەبوونی هێزە رکابەرەکانیش بە بوونی ئەوەوە بەسترابوو، بۆیە وەک تاکێکی مۆنۆپۆلیست لە لووتکەی فەرمان رەوایی مایەوە.

خامنەیی جێنیشی خومەینی نموونەیەکیتری کارکردی مکانیزمی شاهانەی ئەلیاسە. زەفترین رکابەرەی زەمانی دەسەڵاتداری رەهای رێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامی هەڤرەکی رێفۆرمیست و کۆنەپارێز بوو. زیاتر لە دوو دەیە خامنەیی وەک کەسی یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرووپی ئەم یارییە، ئەم دۆخەی بۆ درێژکردنەوە ڕێبەری تاکلایەنەی خۆی بەکارهێنا و هەوڵی دا کە هەر دوو لایەن لە خزمەت مانەوەی خۆی و پێگەی بڕیاردانی خۆیدا بپارێزێ. ئەم دوو گرووپە نموونەیەکی باشن لەوەی چۆن دژایەتی و کێبەرکێی ئەوان سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خامنەیی پاراستووە. ئەم دووانە بوونیان لە سەر ئەساسی دژایەتی یەکتر دامەزراوە. دەوڵەت لەنێویاندا دەستاودەست کراوە و خامنەیش یاری گوریس کێشانی بەتەواوی لە کۆنترۆڵدا بووە و لە زۆر شوێندا و لە دەیان نموونەدا دەردەکەوێ کە چۆن بە تاقە ئاماژەیەک یان جووڵەیکی ئەو، بالانسی هێز گۆڕاوە. ئەم سێ کوچکەیە هەبوونی کۆمەڵایەتیان گرێدراوی بوونی یەکتریشە. واتا نەمانی یەکیان ئەتوانێ مانی ئەوانیتر بخاتە مەترسیەوە، یان یاریزانیتر بێنێتە مەیدانەوە، کە کۆی یاری و پێگە و هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێ.

دەوڵەتی ئێستای ئێران و جمگەکانیتری دەسەڵات هەنووکە یەکدەست کۆنسێرڤاتن. ئایا یاری گوریسەکە بەرەوەی کۆتایی هەبووە و لایەنی ڕیفۆرمیست دۆڕاندوویە؟ ئایا خامنەی بەتەواوەی و بە قازانجی کۆنەپارێزان هێزی خۆی داوەتە لایەنی بەرندە؟ وەک دیارە گوریس کێشان لایەنی بەرندەشی ئەگەر هەبێ، ئەوە هەردوولا لە ئەنجامی ڕاکێشان بەرەو لای بەرەندش دەکەون. ئایا کاتی کەوتنی ئەم سیستەمە بە ڕێبەری تاکڕەوی خامنەی هاتووە؟

### ٤- پەهلەوی و بێ لایەنی

بە پێی شیکردنەوەی سەرەوە و ناساندنی مکانیزمی شاهانەی نۆربێرت ئەلیاس، ئەگەڕێنەوە بۆ باسی ڕەزا پەهلەوی و هەڵوێستی بێ لایەنی ئەو لەنێوان شەڕی حیزب و لایەنەکان. سەرەتا دەپرسین چما و تا چ ئاستێ ڕەزا پەهلەوی بێ لایەنە؟

پرێس کۆنفرانسی ٢٠ ئۆکتۆبەر، دووهەمین کۆنفرانسی ڕەزا پەهلەوی دوای کوشتنی ژینا ئەمینی بوو. ئەو لەویدا، بەجۆرێک دڵنیایی لەوە کە ڕووداوی سیاسی گرنگ و مەزن لە ئێراندا خەریکە ڕوودەدەن، هاتووە و باسی ئەگەر و پێشهاتەکان بۆ داهاتووی ئێرانی دوای ڕێژیم دەکا. جۆری ئاخافتنی وەک کەسێکی خاوەن پرسە، ژێستی ڕێبەرێکی بان گرووپە و هەوڵ دەدا لێدوانەکەشی هەموو لایەک بگرێتەوە. ڕاگەیەنەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشدار بەزۆری فارس زمانن و پەهلەویش وەک "شازادە" بانگ دەکەن. جگە لە ڕۆژنامەنووسێکی فەرانسی، کۆی پرسەکان لە لایەن میدیای فارسی، ناوەندگەرا و پرۆ پەهلەوی یان خۆد مەینستریم ئاراستەی ناوبراو ئەکرێن. هیچ پرسێکی چالشی لە گۆڕیدا نییە و تەنیا بی بی سی فارسی جارێک، لەمەڕ خواستی ئەو بۆ وەرنەگرتنی پۆستی سیاسی لێی دەپرسێ. بەگشتی ڕەزا پەهلەوی لە ناو ئاپۆرەی میدیای پرۆ پەهەویدا باسی ڕێبەری کاتی دوای ڕێژیم دەکا، بەڵام ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو بە دوای دەسەڵاتەوە نییە:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"ویژدانم ریگای وتنی ئەو "بایەد"ەم [حەقی بەشداری سیاسیە هەموو لایەنە دیمۆکراتیەکەکان لە دەستەی دامەزرێنەر] پێ ئەدا کە چۆن قەت بە دوای دەسەڵاتەوە نەبووم، نیم و نابم و لەبەر ئەوەش لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پشتیوان یان بانگەشەکەری هیچ حیزب و لایەنێک یان فۆرمێک لە حکومەت لە بەرانبەر ئەویتردا نابم، ئەگەر بوایەم حەقتان بوو کە هەر شتێ کە دەیڵێم لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆمی لێکدەنەوە" ...

**لە وڵامی بی بی سی فارسی سەبارەت بە ئیدیعای وەرنەگرتنی پۆستی سیاسی دەڵێ:**

"ئەو شتەی کە من بەراستی لێی تێدەگەم ئەوەیە کە یەکێ لە و هۆکارانەی کە متمانەیەک لە لایەن هاونیشتمانییانەوە بە من هەیە، زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من خۆم تێکەڵی هیچ حیزب یان ئاراستەیەکی سیاسی تایبەت نەکردووە، لەگەڵ ئەوەی بمەوێ بچمە ناو ئە کێشەوە، خۆم ئەبمە بابەتی قسە و باس و کێشە، تا ئەوە کە وەک کەسێکی بێ لایەن بتوانم لەگەڵ هەمووان ئاخافتنم هەبێ. لەنێو خەڵکدا بم، قسەی ئەوان بکەم، بەڵام خۆم سەرقاڵی یاری و کێبەرکێ سیاسییەکان نەبم. من لەوێ رۆڵی خۆم بە کاریگەرتر دەبینم بۆ یارمەتیدانی دیمۆکراسی، درووست کردنی پێکهاتە لە ئێران تا ئەوەی خۆم تووشی جۆر و نەوعی بابەتی حکومی و بڕیاردان بکەم، هیوادارم هاونیشتمانانم لەمە تێبگەن"[...]

وەک دەبینرێ، رەزا پەهلەوی چەند جار بێ لایەنی خۆی رادەگەیەنێ و رۆڵی خۆی لە دەرەوەی کایەی سیاسی و حیزبی دەبینێ. ئاخۆ رەزا پەهلەوی تا چەندە بێ لایەنە؟

**بۆ وڵامی بەو پرسە دەبێ قسەکان، ئاماژە و سەمبولەکان وردتر لێک دەینەوە:**

١- نازناوی "شازادە" لەم پرێس کۆنفرانسەدا چەندین جار دووپات دەبێتەوە و ئەو کێشەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا نییە. لە ئاکاری رۆژانەشێدا هاودەنگی ئەو لایەنە سیاسی پرۆ پەهلەوییانەیە کە باسی هەڵەی رووخانی دەسەلاتی بابی دەکەن و هەر لەم کۆنفرانسەشدا دەڵێ کە خەڵک نایانەوێ هەڵەی دایک و بابیان دووپات بکەنەوە. خۆ بە میراتگری ئەوان دەزانێ و بوونی گرێدراوی ئەو نازناوەیە. جێگای ئاماژەیە، کە بۆ هیچ کەسێکی جیا لەو نازناوی ئاوا بەکار نایەت. وەک نموونە قاجارەکان، کە پێش ئەوان پاشایەتی ئێرانیان بۆ سەدان ساڵ بە دەستەوە بووە و هتد.

٢- ئاڵای شێر و خورشیدی لە پشتە، کە ئاڵای پەسەندکراوی هەموو لایەنە سیاسی و رەوتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نییە. تەنانەت لە ناو ناوەندگەراکانیش دا ئاڵای جیاواز ئەبینرێ. نەتەوە بندەستەکان هیچ ئۆگرییەکیان بەو ئاڵایە نییە و لە هیچ ناوەندێکی دیمۆکراتیکیش بڕیاری لەسەر نەدراوە کە ئاڵای نەتەوەیی بێت. ئەم ئاڵای پشت سەری ئەو، ئاڵای تاقمێکی تایبەتە، کە خوازیاری گەڕانەوەی سیستەمی پاشایەتی بە ڕێبەری پەهلەوین.

٣- ئەدەبیاتی بەکار هێنراو لەلایەن ئەووەوە، لە ئەدەبیاتی سیاسی دا بە ئۆڵترا ناسیۆنالیست دەناسرێ، وەک: "ملت یکپارچە، جانم فدای ایران، مرز پر گوهر، سایە پرچم ملی مان". ناو نەهێنانی نەتەوەکانی ئێران و ناساندنیان وەک فرەجۆری زمانیی، نەک ئەو جۆرەی کە خۆیان دەناسێنن، یان تەنانەت بەکارهێنانی تێرمی نۆیترالتری وەک ئەتنیک. سەر و بنی زمانی یەکیەتی نەتەوەی بە پێی خوێندەوەی ناسیۆنالیستی "ایران-شهری"یە. یەک بە یەکی ئەم تێرمانە حەشا کردنە لەوانیتر و نەبینینی ئەجێندا و بەشدارییان لە گۆڕەپانی سیاسی داهاتووی ئێراندا. تەنانەت نەتەوە بندەستەکان وەک بوونێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بە ڕەسمی دانانێ و بە جۆراوجۆری زمانی ناویان دەبا.

هەر لەم کۆنفرانسەدا پەهلەوی کە باسی خۆ تێوەرنەدان لە کایەی سیاسی و حیزبی دەکا، ئاماژە بە کۆمەڵە کارێک دەکا کە کراون و چوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوەوە. بۆ وێنە لە وەڵامی ئێران وایەر دا، کە ئەو وەک ئۆپۆزیسیۆن دەناسێ و لێیدەپرسێ، ئێوە چیتان کردووە بۆ خەڵک و بۆ گواستنەوەی ئەم دۆخە؟ ئێژێ:

[...]"ئەو وتووێژە چەندساڵەیەی کە لەنێوان هێزە دیمۆکراسیخوازەکان لە ناوخۆ و لە دەرەوە هەبووە [...] بەخۆشیەوە بەڕادەیەکی باش لەم بارەوە قسەکراوە، ڕاگۆڕینەوە بووە و دابەشکردنی کاریش هەبووە"[...]

لێرەدا روون نییە کە پەهلەوی لەژێر چ ناوێک و لەگەل کێ دانیشتووە و چۆنە کە گەیشتوونەتە ئاستی کار دابەشکردن. هێزی دێمۆکراسی خواز لای ئەو کێن؟ لە کاتێکدا ئەو خۆ لە بەرەسمی ناسینی بەشێکی زۆری پێکهاتەی غەیرە فارسی وڵات دەبوێرێ و هاوکاتیش بێ لایەنە، چۆنە کە هێزی دیمۆکراسیخواز بۆ کاری هاوبەش هەڵدەبژێرێ و کاریان لەگەل دابەش دەکا؟ ئەو لەمەش واوەتر دەچێ و باسی هەنگاوی بەکردەوەتر دەکا لەگەل ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرسی دانانی سنووقی هاوکاری و زۆر بابەتری تر. هەروەها ئەرکی دەستەی دامەزرێنەری دوای کەوتنی کۆماری ئیسلامیش دیاری دەکا. ئەو خۆی لە وتنی فۆرمی حکومەت؛ سیستەمی پاتشایی یان کۆماری دەبوێرێ و دەڵێ ئەمە لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا روون دەبێتەوە.

ئەم بابەتانە روونی دەکەنەوە کە ڕەزا پەهلەوی بێ لایەن نییە. سەر بە دیسکۆرسێکی سیاسی ناسیۆنالیستی ناوەند گەرایە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و گەرەکیە لەسەر ریشەی ریژیمی رووخاوی بابیەوە هەڵەسوون بێنێتەوە. ئاخافتن، ئاماژەکان و دەرکەوتنی لەم کۆنفرانسە و لە شوێنی تریش دا دەریدەخەن کە ئەو رێبەری گرووپێ لە شاپەرەستانە کە بنەڕەتی سیاسی خۆیان لە سەر ئینکاری هەبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی غەیری فارس داناوە. خۆیان بە ئیدۆلۆژیەکی ناسیۆنالیستی کەوناراوە دەبەستنەوە و بوونێکی زاتگەرایانە بۆ وڵاتی ئێران قایل دەبن. بە ئەرکی مێژوویی خۆشیان دەزانن کە پێش بە هەڵوەشانەوەی یەکیەتی خاکی ئێران بگرن؛ کە ئەمە بۆ نەتەوە بندەستەکان و خەڵکی پەراوێزخراوی ئێران، بە واتای بەردەوامی سەرکووت و چەوسانەوەیە.

## ٥- پەهلەوی و مکانیزمی شاهانە

رەزا پەهلەوی لە دەرکەوتنەکانی پێشووتری دا بەشداری مونازرە و دیالۆگی چەند قۆڵی لەگەل نەیارانی دەبوو. بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا دۆخەکە گۆڕا. هەوڵێکی چڕ و بە بەرنامە دەبینرێ کە ئەو بە ژێستی رێبەرێکی بێ هاوتا و بان گرووپی پیشان بدرێت. چیتر بەشداری هیچ دیبەیتێکی چەند لایەنی نەبێ. لەگەل هیچ رێبەر و بەرپرسێکی سیاسی و حیزبی کۆنەبێتەوە و دەرنەکەوێ. ئیمپراتوریەکی میدیای گەورە بە بودجەی زەبەلاح لەئاستی چەندین تەلەفزیۆن، رۆژنامە، سایت و رادیۆ بۆ پشتیوانی و بۆڵدکردنەوەی ئەو دانراون. هەر جووڵە، تویت، ئاخافتنێکی بە خێراترین کات دەگوێزنەوە و خەڵکیتر لەوانە رەقیبە سیاسیەکانی بانگهێشت دەکرێن بۆ شیکردنەوە و ئانالیزی وتەکانی. کۆمەڵێ سەرچاوەی نزیک لەوەوە بەردەوام لە شاشە و ماڵپەری ئەم رایەگەنداندا هەوڵ دەدەن کە چرکەیەک بە بێ ناوی ئەو تێنەپەڕێ و هەر جووڵەیەکی دژی ئەویش ئینکار بکەن، بیسڕنەوە و بەلاڕێیدا ببەن.

پەهلەوی ئێستا بەپێچەوانەی خومەینی پێش شۆڕشی ۷۹، خاوەن کاریزما و پێگەیەکی سیاسی ئەوتۆ لەناو خەڵک دا نییە. بەتایبەتی لە گوتاری خەڵکی پەراوێز؛ نەتەوە بندەستەکان، چالاکانی فێمێنیستی، کرێکاران، خەڵکی ئاینی پەراوێزخراو و هیتردا، خاوەن هیچ پێگەیەک نییە و بە بەشێ لە ناوەند و بگرە لە چەقی ناوەند دەبینرێ و خۆی بەشێکە لە کێشەکان. لەم شیکارییەی ئێرەدا ناوەند و پەراوێز وەک دوو رکابەری جدی دەبینرێن، کە ئێستا تایبەتمەندی ململانێ و هەڤرکییان لە ئاستی ئێراندا پێکەوە تێدایە؛ واتە بوونی کۆمەڵایەتیان گرێدراوی بوونی یەکترە و هاوکات هێندەش دژبەری یەکن و بەرژەوەندییان دژ بەیەکە کە لەگەل یەکتریش هەڵنەکەن.

بەم هاوکێشەوە دەکرێ بپرسین ئەی مکانیزمی شاهانەی ئەلیاس چۆن ئەتوانێ ئەو هاوکێشەمان بۆ روون بکاتەوە؟ یان روونتر، چۆن ئیدیعای بێ لایەنی رەزا پەهلەوی دەتوانێ بەواتای مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەدوای رژیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەلاکان بێ؟

وڵامی ئەو پرسانە دەتوانێ گەڕانەوە بۆ یاری گوریس کێشانی ئەلیاس بێ. ئەم یارییە وەک باسکرا بە قازانجی ڕاگرتنی "وضع موجود" یان دۆخی ئێستایە. دۆخێ کە کەسی ئاریستۆکرات لەودا دەسەڵاتی ڕەهای هەبێ و باڵانسی یاری لەنێوان دوو ڕکابەری ئەمبەر و ئەوبەری گوریسەکە بۆ هێزی بێ هاوتای خۆی بەکار بێنێ. دوو لایەنەکەش لە ترسی دۆڕان بە لایەنی بەرانبەریان ملکەچی ئەون و گوێڕایەڵی، کە نەکا دژی ئەمیان، هاوکاری ئەویان بکا. لێرەدا سەرێکی ئەم گوریسە، بە دەست لایەنگرانی ناوەندەوەیە. خەڵکانێ کە فۆبیای هەڵوەشانەوەی ئێرانیان هەیە. ئەوان کە پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی خەڵکی غەیرە فارس بە ناسەرکەوتوو دەبینن و مل بە ئازادی و بەرابەری نەتەوەکان و هەروەها بابەتی چینایەتی و جیندەریش نادەن. ئەمان زۆرینەی ڕێسۆرس و بژێوی وڵاتیان قۆرەخ کردووە. بۆ زۆرینەیان ئێستاش کۆماری ئیسلامی بە هەموو کەم و کۆڕییەکەوە، فانکشێنی ڕاگرتنی ئێرانی یەکپارچەی هەیە و زۆر جار دڵخۆش بوونی خۆیان لەو بابەتەوە ڕادەگەیێنن و دووپاتی دەکەنەوە کە حازرن مل بە ولایەتی خامنەیی بدەن بەڵام ئێرانیان هەڵنەوەشێ. هەڵوەشانەوەی فۆرمی ئێستای ئێران بۆ لایەنگرانی ناوەند بەواتای تێکچوونی دۆخی ئێستایە، کە بە قازانجی "ملت یکپارچە ایران" نییە. ئەمە دەبێتە هۆی بەرابەری یان داوای بەشکردنی ئەوانیتر لە فارس و بەشکردنی هێزی سیاسی و، دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکان بۆ نەتەوەکانی بندەست و هتد. ئەم لایەنە بەتایبەت لە دنیای دەرەوە خاوەن میدیای زەبەلاحە، هێزی لابیگەری هەیە، دیپلۆماسی، ئاکادیمیا، پارە و هیتری لە بەردەست دایە. بەڵام لە یاری گوریس کێشان لەناوخۆدا وێدەچێ لاوازتر بێت. چۆن خەڵکی دێسانتراڵ-خواز، دژە ناوەند و پەراوێزخراو ئەمجار (بە پێچەوانەی شۆڕشی پێشوو) ئاگاتر و چالاکترن. بۆیە ئەم ڕەوتە لە پێناو مانەوەی خۆی پێویستی بە داتاشینی پاشای سەرەڕۆیە. کەسێ کە لەم یارییە بچێتە دەرەوە و وەک لایەنی سێهەم، ڕەوا و بەدەسەڵات، کاریگەری لەسەر باڵانسکردنی یاری مان و نەمان هەبێ. واتا بە قازانجی بەرەی لاوازی ناوەند ئەم گوریسە بکێشێ. لێرەدا یاریکەران خۆیان خەریکن شا دروست دەکەن.

بەکورتی، ڕەزا پەهلەوی وەک خۆی بەشێکە لە یارییەکە و لایەنی بەرانبەریشی گوتاری خەڵکی پەراوێزە. بەڵام ڕەزا دوایین شانسی ناوەندە، بۆ بەدەستەوە گرتنی بەڕێوەبەرایەتی، سەرچاوەکانی وڵات و، سەرەوەری و چەوسانەوەی ئەوانیتر. بەڵام ئەم ڕێکارە، هاوکات مکانیزمی مۆنۆپۆلکردنی هێزی سیاسی یە. دروست کردنی ئۆرگانێکی تەواو سەنتراڵ کە توانای بڕیاری کۆتایی و تاک ڕەوانەی هەیە. واتە درێژکردنەوەی دیکتاتۆریەت، ستەمکاری و لە ناوچوونی هەلی دێمۆکراتیک.

تا چەندە ناوەند ئەتوانێ ئەم سێناریۆیە بە قازانجی خۆی و دژ بە هیوای خەڵکی پەراوێز بباتە پێشەوە؟ ئەمە لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە. ئاگاداری خەڵکی پەراوێز لەم سێناریۆیە، مل نەدان بە یاری نادیمۆکراتیک و مکانیزمی شاهانە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خواستی دیسەنترالّ بوونی سیستەمی داهاتووی حوکمڕانی و بەشداری سیاسی کۆمەلایەتی نەتەوەکان، چین و گرووپە پەراوێزخراوەکان دەتوانن پێش بە پیلانی پاوانکردنی هێزی ناوەندگەرا بگرن.

## ٦- دەرەنجام

ئێران جارێکیتر لە بەردەم گۆڕانکارییەکی مێژووی گەورە و قووڵ دایە. خەڵکی ناڕازی نزیک دوومانگە ڕاپەڕیون و سەرەڕای سەرکووتی بێرادەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، شەقامیان بەرنەداوە و بە گووڕتر لە سەر خواستی ڕووخانی ئەو سیستەمە پێدادەگرن. لە دەرەوەش هێز و ڕەوتە سیاسییەکانی دژە ڕێژیم کەوتوونەتە خۆ، هەم یارمەتی ڕووخانی ڕێژیم بدەن، هەمیش بۆ سێناریۆی دوای ڕووخان ئامادە بن. لە کات و ساتی ئەم گۆڕانکارییانەدا، سیبەری ئەزموونی پێشووی شۆڕش لە ئێراندا بە سەر خەڵک و لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی کۆمەلایەتییەکاندا هەر قوورسایی دەکات؛ ئەزموونی تاڵی بە تالان چوونی دەرفەتێکی مێژووی بۆ دیمۆکراتیزەکردنی وڵاتی ئێران، کە تەیدا خەڵکانی پەراوێز واتە نەتەوە غەیرە فارسەکان، ژنان و کەمایەتییە جنسی و ئایینیەکان، کرێکاران و هتد، مافی بەشداری سیاسی و کۆمەلایەتی بەرانبەریان لێ ئەستێندرا.

بە تێرامان لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ناو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتدا هەوڵێکیتری جدی ئەبینرێ بۆ سازدانی بەربەست لە بەرانبەر شکانی تابۆی دیمۆکراسیەت لە ئێراندا. ئەم هەوڵە لە بەسیجی ئیمکاناتی بەرەیەک لە چالاکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، سیماکانی بواری کلتور و وەرزش و هونەرو هەروەها ڕۆژنامەنووسان و میدیای باڵی ڕاست دا دەبینرێت، کە لە سەر ناوی پاراستنی خاک و ستاتۆی ئێرانی و فۆبیای هەڵوەشانەوەی ئەو وڵاتە، ڕووبەڕووی خواستی خەڵکی پەراوێزخراو بوونەتەوە. لەم تێکستەدا ئەم بەرەیە وەک بەرەی ناوەند ناوەزەد کراون، کە بەرژەوەندیان لە ڕاگرتنی دۆخی ئێستا، واتە بێ بەشی خەڵکانی غەیرە فارس و کەمایەتییەکانی تر لە ڕێسۆرس و پشکی هاوبەش لە سەروەت و سامان بگرە تا بەشداری یەکسانی سیاسی کۆمەلایەتییە لە ئێراندایە.

لەم بەینەدا جووڵەی کوڕی شای پێشووی ئێران و هاش وهووشی لایەنگرانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پرسی ڕووخان جێگای تێڕامان و سەرنجە. ئەوان ماوەی چەند ساڵێکە بە یارمەتی ئەمپراتووریەکی میدیایی، لەشکرێکی سایبری و ڕەوتێکی تووندئاژۆی شاپەرەستەوە، خەریکن شوێن پێی خۆیان وەک ئەکتەرێکی دیار لە ناو نەیارانی کۆماری ئیسلامیدا دەکەنەوە. دوای سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانەش، ئەم هەوڵانەی پەهلەوی و لایەنگرانیشی چڕتر بوونەوە و تەنانەت خەریکە بازنەی کاریگەریشی ڕەوتە فکری و سیاسیەکانیتری ناوەندیش ئەگرێتەوە، کە بە شێوەی مێژووی دژی پاتشایەتی بوون. هاوکات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەویش بە ئاشکرا خەریکە بە ژێستی ڕێبەرێک بۆ ئەم قۆناغە دەردەکەوێت؛ بە کەڵک وەرگرتن لە تاکتیکی بێ لایەنی سیاسی و چوونە دەرەوەی فۆرمالیتەی لە ململانێی حیزبی و گرووپی دا. هەر ئەو تاکتیکەی کاتی خۆی خومەینی لە کاتی شۆڕشی ٥٧ کەڵکی لێ وەرگرت.

لە توێی خوێندنەوەیەکی مێژووی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا و بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری مکانیزمی شاهانەی نۆربێرت ئەلیاس دا، هەوڵم دا لەم تێکستەدا ئەم تاکتیکە وەک هەوڵێک بۆ مۆنۆپۆل کردنی هێزی سیاسی لە ئێران دا شیبکەمەوە، کە بە خومەینی هێزێکی ڕەها و تاکڕەوانەی بەخشی .هەروەها بە مێتۆدی کوالیتاتیڤەوە، ئەم پرسەم لەگەڵ دواین لێدوانی ڕەزا پەهلەوی و سەنگ و پێگەی ئەو لە ئێستا دا لێک دایەوە و گەیشتمە ئەم ئەنجامە: ڕەزا پەهلەوی نێردە و دەسکاری بەرەوەی ناوەندە بۆ ئەوەی دەسەڵات و پۆزیشنی زاڵی خۆیان لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا بپارێزن. بە سیاسەتی بێ لایەنی و تاکتیکی نێرسالارانە و باوکانەی "فرا حزبی" و بان گرووپی، گەرەکیانە شا! درووست بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی پەراوێز بەشخورا و پەراوێز بمێنێتەوە، ئێران ڕەنگی دێمۆکراسیەت نەبینێ و پشک و پێگەی ناوەندیش خەوش هەڵنەگرێ. شا لەم سێناریۆیەدا، کەسێکی ئاریستۆکراتە؛ دەسەڵاتی سیاسی وڵات قۆرەخ دەکا و ئاگای لێیە، بەرەی لاوازی ناوەند یاری گوریس کێشان بە خەڵکی دێمۆکراسی- و بەرابەریخوازی پەراوێز نەدۆڕێنێ.

**سەرچاوە:**


Elias, Norbert; Der Königsmechanismus, in, Neckel et al. (Hg.) Sternstunden der Soziologie,
.٣٠٥-٢٩٣, S. ٢٠١٠Campus Verlag, Frankfurt am Main
https://wirtschaftslexikon.gabler.de/definition/soziale-differenzierung-
٢٠Schichten%٢٠der,und%٢٠Tatbestand%٢٠den%٢٠BCr%%٣f%C٢٠:~:text=Ausdruck%#٤٤٣٦٢
Schicht).٢٠(soziale%
): Der Königsmechanismus. Eine soziologische Analyse zum ٢٠١١Molsberger, Tobias (
. Auflage, digitale Originalausgabe. ١Funktionieren des Abosultismus nach Norbert Elias.
München: GRIN Verlag.
. Online verfügbar unter نشست خبری شاهزاده رضا پهلوی): ٢٠٢٢YouTube (
, zuletzt ٢٠٢٢.١١.٠٧HHzl, zuletzt aktualisiert am ٢https://www.youtube.com/watch?v=UehsmK
.٢٠٢٢.١١.٠٧geprüft am
). Online verfügbar unter ٢٠٢٢) بخشی از سخنان آقای خمینی در نوفل لوشاتو فرانسه
, zuletzt geprüft am ٢٠٢٢.١١.٠٧, zuletzt aktualisiert am ٢٠٣٩٤/٠٨/١٣٩٥https://www.nedayeazadi.net/
.٢٠٢٢.١١.٠٧


سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆچی ژینا: سڕینەوەی ژنانی کورد و سیاسەتەکانی ئەوان لە ڕاپەڕینەکانی ئێراندا




فەرەنگیس قادری - ئۆزلەم گۆنەر

ڕەنگە نارەزایەتییەکانی ئێران کە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ بە گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی کچە کوردێکی سەقزی کە بە هۆی حیجابەوە دەستبەسەر کرابوو، دەستی پێکرد، بتوانێت بۆ هەمیشە دۆخی ئێران بگۆڕێت. ئەم نارەزایەتیانە هاودەنگییەکی ئیلهامبەخش و نوێی لە نێوان هەموو ئێرانییەکان بە پاشخانە فەرهەنگی، زمانی، ئایینی و ئایدیۆلۆژییە جیاکانیانەوە دروست کردووە و هەروەها جۆرێکی نوێی لە هاوکاری فێمینیستی لەسەر ئاستی جیهانیدا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمەی نووسەرانی ئەم بابەتە لە پێگەی دوو ژنی کوردەوە، ناڕازین لە گرنگی نەدانی زۆرێک لە ناوەندە فەرهەنگی و سیاسی و ئەکادیمیەکان بە ناوی راستەقینەی ژینا کە ناوێکی کوردییە و پێمان وایە ئەم کەمتەرخەمییە یان ڕێبازە نادروستە پێچەوانەی ئاراستەی ئەو هاوسۆزیی نوێیەیە کە لە نێوان گەلانی ئێراندا دروست بووە. ئەم هەڵسوکەوتە ناڕاستە بە ڕادەیەک بووە کە بەشێک لە میدیا سەرەکییەکان و هەروەها ڕێکخەرانی ڕێپێوانەکانی هاودەنگی لە دەرەوەی وڵات، بەئاشکرا ڕەتیانکردووەتەوە ناوی ڕاستەقینەی ژینا بەکاربهێنن.

دەزانین کە لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئێران پاڵنەری سەرەکی ئێرانییەکان بۆ یادکردنەوەی ژینا بووە هۆی ئەوەی کە هاشتاگی "مەهسا ئەمینی" ملیۆنان جار دووبارە بکەنەوە و دواتر یەکێک لە پاڵنەرەکانی کەڵک وەرگرتن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوی "مەهسا" هەر ئەوە بووە. بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا کە نارەزایەتییەکان بە خێرایی و بە هاودەنگییەکی جێی دڵخۆشی لە کوردستانەوە گەیشتە تەواوی ئێران، و خەڵکی ئێران پێکەوە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و (زن، زندگی آزادی) بە کوردی و فارسی و تورکی و بەلوچی و زمانەکانی دیکە کرد بە دروشمێکی جیهانی، هەندێ کەس لە لەپاڵ ناوە فەرمییەکەی ناوی ڕاستەقینەکەی ژینایان بەکارهێنا، کەچی هێشتا زۆرێک لە میدیاکان و ناوەندە ئەکادیمیەکانی دەرەوە و زۆرێک لە چالاکەکانی میدیای ئەلکترۆنی ڕەتیدەکەنەوە ناوی کوردی ژینا بەکاربهێنن. ڕەنگە لە ڕوانگەی بەشێک لە خوێنەرانەوە ئەم مەسەلەیە گرنگ نەبێت و ڕەنگە بڵێن ناوی بنێین مەهسا یان ژینا، لەهەر حاڵەتێکدا بۆتە ئیلهام بەخشی ئەم ڕاپەڕینە نوێیە و لەدوای ئەویش ژمارەیەکی زۆر گەنج لە پێناوی دۆزی ئازادی ئێراندا شەهید بوون و بوون بە ئیلهام بەخشی بەردەوامی ڕاپەڕینی گەل. بەڵام ئێمە پێمان وایە ئێستا کە ئەم هاودەنگییە لەنێوان خەڵکی ئێراندا دروست بووە، کاتی ئەوە هاتووە خۆمان لەو ئایدیالانەی کە ئەوی دیکە نادیدە دەگرێ بە دوور بگرین و مافی مرۆڤەکان جا سەربە هەر کولتوور و زمان و ئایین و باوەڕێک بن بەوجۆرەی کە هەیە و بەوشێوەی کە خۆیان دەیانەوێ ڕەچاو بکەین.

لەم ڕووەوە ئێمە لەم بابەتەدا لێکۆڵینەوە لە سێ جۆر پشتگوێخستن یان پرۆسەی سڕینەوە دەکەین کە تەنانەت لەنێو ناوەندە پێشکەوتنخواز و فێمینیستیەکانیشدا بەرچاو دەکەون و هەوڵ دەدەین ئەوە بخەینەڕوو کە چۆن هەریەکە لەوانە گورز لە ئایدیالی هاوپشتی ئازادیخوازانەی خەڵک دەدەن. لەبەشی یەکەمدا باس لە پاڵنەرەکانی بەکارهێنان یان بەکارنەهێنانی ناوی ژینا دەکەین، هەروەها گرنگی هەڵبژاردنێکی لەو شێوەیە. لەبەشی دووەمدا سەرنج بۆ پشتگوێخستن و نادیدەگرتنی سەرچاوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ڕادەکێشین. ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەم دروشمە بۆ یەکەمجار لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانی کورد نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتە پاوانخواز و پیاوسالارەکانی ناوچەکە سەری هەڵدا و ژن و پیاوانی کورد بۆ یەکەمجار بۆ هەمان مەبەست بەکاریان هێناوە کە لە ئێستادا خەڵک لەسەرتاسەری ئێران بەکاری دەهێنن، واتە بە ئاراستەی داوای ماف و بەرەنگاربوونەوەی ئەو حکومەتانەی کە وەک حکومەتە کۆلۆنیالیزمەکان مامەڵە لەگەڵ گەلی خۆیان، بە تایبەت کەمینە نەتەوەیی و زمانەوانییەکان دەکەن.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە پێش دەستپێکردنی باسە سەرەکییەکە ئاماژەی پێبدەین، چاوپۆشیکردنە لە ئەگەری پەیوەندی نێوان کوردبوونی ژینا و ئەو توندوتیژییە توندەی کە بەرامبەری کراوە. توندوتیژیی بەرپرسانی ئەمنی بەرامبەر هەموو ئێرانییەکان لە چاوی کەس شاراوە نییە، بەڵام ئەم توندوتیژییە لە دۆسیەی ژینادا کە هێندە توند بووە بووەتە هۆی مردنی، مشتێکە لەو خەرواری توندوتیژییە کە کوردەکان لە ئێرانی مۆدێرندا تووشی بوونە. بۆیە پێویستە ئەوە بزانین کە جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی کوردایەتی ژینا، هاوکات لەگەڵ ژنبوون، کۆنتێکستێک دروست دەکات کە تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕەوتەکە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەراوێزخستن و سەرکوتکردنی ژنان و نارازییان و کوردەکان و خەڵکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیکە. گەیشتن بە ئاستێکی وا لە هۆشیاری رەهەندە ئازادیبەخشەکەی بزووتنەوەکە بەهێزتر دەکات و بە جەماوەریکردنی زیاتری بزوتنەوەکە، لایەنەکانی ژن میحوەری و دژە کۆلۆنیالیزمەکانی هێندەی دیکە لەناو خەڵکدا پتەودەکات.

### لە ناوی ژینا دەست پێدەکەین

ژینا بە واتای بەخشینی ژیانە؛ لەسەر بەردی گۆڕی ژینا نووسراوە: «ژینا گیان، تو نامری، ناوت ئەبێتە رەمز»، کەچی هێشتا زۆر کەس ئەو ناوە بەکاردەهێنن کە حکومەت بەسەر بنەماڵەکەیدا سەپاندوویەتی. ماوەی چەند دەیە حکومەتی ئێران خێزانە کوردەکان ناچار دەکات ناوی کوردی بۆ منداڵەکانیان بەکارنەهێنن؛ بۆیە هەبوونی ناوێکی کوردی لەناو بنەماڵە و ناوێکی فەرمی حکومەت کە لە قوتابخانە و کار و هتد بۆ زۆرێک لە کوردەکان بە شتێکی ئاسایی دادەنرێت. مادەی بیستەمی یاسای تۆماری مەدەنی ئێران ئەو ناوانە قەدەغە دەکات کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی پیرۆزییە ئیسلامییەکان و هەروەها نازناوی هێرشبەرانە و قێزەونیان تێدایە. ڕەنگە تەنیا ئەم یاسایە ئەوەندە ئازاربەخش نەبێت، بەڵام هەر ئەم یاسایە ئەو دەسەڵاتەی بە ئەنجومەنی باڵای رەگەزنامەی ئێران داوە کە بڕیار بدات کە ناوێک قەدەغەیە یان ئازادە.

لەمرووەوە دەسەڵاتە خۆجێیەکان لە ئێران دەسەڵاتی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ناوێکیان پێدراوە، زۆربەیان بە شێوەیەکی سیستماتیکی کەڵک لە یاساکانی ئێران وەردەگرن بۆ ڕێگریکردن لە ناونانی منداڵان بە ناوی تایبەتی کەمینە نەتەوەیی و زمانەوانی و ئایینییەکان. بەشێک لە بەرپرسانی خۆجێیی هەندێک جار لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا هەمان کار لەگەڵ ناوی فارسی ڕەسەنیشدا دەکەن، بەڵام لە دۆخی خەڵکی غەیرە فارسی ئێرانیدا، ئەم جۆرە مامەڵەیە زۆر دیارتر و توندترە. جگە لەوەش بەشێک لە کوردەکانی ئێران دوودڵن لە ناونانی منداڵەکانیان بە ناوی کوردی؛ چونکە دەزانن ئەگەر منداڵەکانیان بە مەبەستی خوێندن یان دامەزراندن کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەوا ناوەکانیان دەتوانێت ئەو جیاکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە توندتر بکاتەوە کە حکومەت جێبەجێی دەکات. ئەم پرسە گرنگە چونکە بە هۆی سیاسەتە کۆلۆنیالیزمەکانی ئێرانەوە لە دواخستنی پرۆسەی گەشەسەندنی ناوچەکانی وەک کوردستان یان بەلوچستان، بۆ زۆرێک لە گەنجانی کورد گەڕان بەدوای هەلی کار لە دەرەوەی کوردستان زۆر پێویستترە لەچاو شارەکانی دیکەی ئێران.

لە ئاستێکی بەرفراوانتردا پێویستە سەرکوتکردنی گشتی زمانی کوردی لەبەرچاو بگیرێت. جەعفەر شێخولئیسلامی توێژەری کورد لە وتارێکدا بەناونیشانی "سیاسەتی زمان و مافەکانی زمان لە کوردستانی ئێران"، ئاماژە بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێما و ناوی کوردی لە شوێنی گشتی لەلایەن هەندێک لە فەرمانگەکانی حکومەتەوە دەکات. ناوبراو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نوسراوێکی وەزارەتی بازرگانی - لقی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئەو بابەتە زیاتر روون دەکاتەوە:



https://serchawe.com

"پێویستە تابلۆکان لە شوێنە گشتییەکاندا بە زمانی فارسی بن [...] و لە تابلۆکان و هێماکان و نوسراوی سەر جامی فرۆشگاکاندا تەنیا زمانی فارسی بەکاربهێنن". نموونەیەکی دیکە لە وتارەکەی شێخ ئیسلامیدا هاتووە؛ بۆ نموونە ئاماژە بە نامەیەک دەکات کە لە لایەن بەشی شوێنە گشتییەکانی پارێزگای فارسەوە بۆ بەشی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی دەرچووە و تێیدا هاتووە: "نابێ ئەو ناوەی بۆ کاروکاسبی بەکاردێت غەیرە فارسی بێت". خاوەنی ئەم بزنسێک ناوی ژینای پێشنیار کرد و ئەویش لە وەڵامدا وتی: "بەو پێیەی ئەم ناوە کوردییە و ئێرانی نییە، ناتوانرێت ڕێگەی پێبدرێت". ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم بەرپرسە هاووڵاتیانی کوردی ئێران و زمانەکەیان بە غەیرە ئێرانی دەزانێت. لە کاتێکدا چەندین جار جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە کورد یەکێکە لە گەلە کۆنەکانی ئێران و زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە ڕەسەنەکانی ئێران.

ئێستا کێشەکە لەوەدایە کە زۆرێک لە نارازییە فارس زمانەکانی ئێران و لایەنگرانی غەیرە ئێرانی لە بزووتنەوەی ئێران لە سەرانسەری جیهاندا، بە مەبەست یان بێ مەبەست، بێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی کێشەکە، بەبەکارهێنانی ناوی مەهسا لە جیاتی ژینا بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشدارن لەم پرۆسەی سڕینەوەی ناوی ژینا. بۆ نموونە؛ کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بە سادەیی بە بەکارهێنانی ناوی مەهسا وەک ژنێکی تەمەن ٢٢ساڵانی ئێرانی، هیچ ئاماژەیەکی بە ناو و ناسنامەی کوردبوونەکەی و هەروەها پاشخانی خەباتی کورد نادات. هەر لەم پێوەندییەدا ماڵپەڕی Democracy Now کە بەزۆری تیشک دەخاتە سەر پرسی گروپە پەراوێزخراوەکان، لە بەشی نارەزایەتی خۆیدا تەنیا ناوی ژینای بە مەهسا هێناوە و تەنیا ئاماژەیەکی کورتی بە ناسنامەی کوردی ئەو کردووە.

چالاکانی مەدەنی و ژنانی کورد بە باشی ئاگاداری خەباتی ژنان و چالاکانی مەدەنیی ئێرانن بۆ گەیشتن بە مافی مرۆڤی ژنان و پیاوانی ئێران. بەڵام بێ ئاگایی پسپۆرانی سەبارەت بەوەی بۆچی ژینا دوو ناوی هەبووە، دەکرێ ببێتە هۆی لەدەستدانی هەلێکی گرانبەها بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە یەکتر و تێگەیشتن لە پێگەی خەباتی ژنی کورد لەدژی حکوومەتە سەرکوتگەرەکان لە ئێران و لە ناوچەکە.

### ژن، ژیان، ئازادی؛ زیاترە لە دروشمێک

بەدەر لە پرسی پشتگوێخستنی ناوی کوردی ژینا، زۆرێک لە شرۆڤەکاران، چالاکوانان و تەنانەت هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوەی ئێران، گرنگیی دەیان ساڵ خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد و هەروەها کاریگەرییە مێژووییەکانی ئەم خەباتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەسەرڕاپەڕینی ڕزگاریخوازی ئێستا لەبەرچاو ناگرن. یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەوەیە کە زۆرێک لە شرۆڤەکاران و چالاکانی فەرهەنگی و سیاسی بنەچەی شۆڕشگێڕی و کوردی بوونی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی پشتگوێ دەخەن. ئەو پرسانەی کە زۆرێک لەو شرۆڤەکار و چالاکوانانە ناتوانن لێی تێبگەن، بنیاتنان و وردکردنەوەی ئەم دروشمە لەسەر بنەمای بزووتنەوە لۆکاڵییەکانی ژنانی کورد و تیۆریزەکردنی ژنانی کورد و بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان سەبارەت بە ڕۆڵی سەرەکی ژنان لە دارشتنی کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بوو، وتنەوەی ئەم دروشمە لەلایەن بزووتنەوەی ئازادیی ژنانی کورد لە باکور و ڕۆژئاوای و کەڵک وەرگرتن لێی لەلایەن چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی کوردی ئێران ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەیاندنی ئەم دروشمە بۆ ئێران.

بێگومان بابەتەکە باسێکی بێهودە نییە سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی دروشمێک، چونکە قبوڵکردنی بەرفراوانی ئەم دروشمە لە ئێراندا، ئەوە دەردەخات کە لەڕابردوودا بیروباوەڕی هاوشێوەی وا هەبووە و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ژنان و پیاوانی ئێرانی و پشتیوانی و ئامادەیی دڵسۆزانەی گەلی ئێران بۆ ڕێبازێکی ڕزگارکەر و جوانی لەو شێوەیە هەبووە. بەڵام مرۆڤ دەبێ بپرسێ بۆچی شرۆڤەکارانی نارەزایەتییەکانی ئێستا، بەتایبەت ئەوانەی کە هەندێک جار زۆر بیرمەند و شارەزان، ئەم مێژووە و ڕابردووە بە تەواوی پشتگوێ دەخەن؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، پێشکەشکارانی بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەندێک جار بە پێدانی وەڵامێکی ناڕوون خۆیان لە کردنەوەی ئەم جۆرە باسەکە بەدوور دەگرن و هەندێکجاریش بە تەواوی پاشخانی ئەم دروشمە ڕزگاریخوازە پشتگوێ دەخەن. بۆ دەبێ بایەخ وگرنگی بە خەباتی کوردەکان بۆ ئازادی و مافەکانیان نەدەین؟ ئایا ڕەوایە لەبەر ئەوەی هەندێک لە کوردەکان کە تینیان پێگەیشتووە و پێداگری لەسەر جیابوونەوە دەکەن، وامان لێبکات ماف بە مافخوازان نەدەین.

لەپاڵ ئەم ڕێبازی سڕینەوەیەدا، هەندێ لە بەرهەڵستکاران و پشتیوانەکانیان ڕێگەی دیکە دەگرنەبەر بۆ نەهێشتن یان پشتگوێخستنی خەباتی کورد. لە کاتێکدا کوردەکان ١٠ - ١٥%ی کۆی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن، کەچی نزیکەی پەنجا لەسەدی هەموو زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن. خەباتی کورد بۆ ناساندنی مافی هاووڵاتیبوون و گەیشتن بە ئازادی مێژوویەکی کۆنتری لە کۆماری ئیسلامی هەیە. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی کە لە هەندێک حاڵەتدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ئێراندا گێڕاوەیەتی لە ڕەهەندە نێگەتیڤەکەیدا هەمیشە فارس میحوەر بووە و پەراوێزخستن و ئاسیمیلاسیونی ناسنامە غەیرە فارسییەکان هەمیشە لەبەرنامەیدا بووە.

هەمان ڕێبازی نادروست بۆ قۆناغی دوای شۆڕش ١٩٧٩ تەشەنەی کرد و لە زۆر ڕوووە خراپتر بوو. لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩، کوردستان سیاسەتی ئەمنی بەهێز و میلیتاریزەکردنی بەخۆیەوە بینیوە. بۆیە کاردانەوەی توندتری حکومەت بەرامبەر بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندەرانی کورد بە ڕێکەوت نییە. کوردستان و بەلوچستان گۆڕەپانی خوێناویترین پێکدادان لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا بوون، و لە کوردستان هێزە ئەمنییەکان تەقەیان لە ماڵی خەڵکی مەدەنی کردووە.

وەک هاوسۆزییەک لەبەرامبەر گۆرانییە زۆر بەناوبانگەکەی "بۆ" کەلەلایەن شێرڤین حاجیپوورەوە وترا، کە تێیدا تویتەکانی پشتیوانی کردن لە ناڕەزایەتییەکان بە وشەی "بۆ\ لە پێناوی" بەکارهێنا و دواجار بووە هۆی دەستگیرکردنی حاجیپوور، چیا مەدنی، میوزیکژەن و گۆرانیبێژی کورد، گۆرانییەکی دانا کە زۆر جێگەی رامانە. چیا لە گۆرانییەکەیدا وێڕای قبوڵکردنی قسەکانی شێرڤین، کە ئازار و مەینەتی ملیۆنان کەسی کردە پەیامێکی هەمەلایەنە، دەڵێ هەرچەندە گرنگیدانی شێرڤین بە ئازارەکانی ئەفغانییەکان لە ئێراندا گرنگە، بەڵام دەبوایە لە گۆرانییەکەیدا ئاماژەی بەو ئازارە بێکۆتایی و چەوساندنەوە یەکجارزۆرەی گەلانی غەیرە فارسی ئێرانی بدایە.. چیا مەدەنی دەڵێت: "لێم ببوورە ئەگەر بڵێم، زامەکانم لەوانەی تۆ، هەم کۆنترن هەم قوڵترن، لە دڵدایە هەزاران بۆ."

مەدەنی ئاماژە بە ناوی ژینا و پەراوێزخستنی ناسنامە کوردییەکەی لە پێش مەرگ و پاش مەرگی دەکات و دەڵێت: "بۆ ژینایەک کە نەیتوانی، نە لە ژیان نە دوای مەرگی، بە ناوی خۆی بانگی بکەن، لە مێژوودا باسی بکەن".. هەر لەبەر ئەم هۆکارە چیا لەپێناوی سەدان ساڵ لە ئازار و چەوساندنەوە و ژێردەستەیی، کورد، لوڕ، عەرەب، بەلوچ، لە پێناوی کولتوور و شوناسە زیندە بەچاڵەکراوەکان و زمانە بەندکراوەکان گۆرانییەکەی وتەوە. هەروەها دیاکۆ خالقی وێرژنی کوردی گۆرانیەکەی شێرڤین حاجیپووری بڵاو کردووە کە تیایدا ئاماژە بە توندوتیژی بەرامبەر کۆڵبەران و کچانی شین ئاباد [١] دەکات. ئەم بابەتانە بیرهێنانەوەی ئەو هاوارە تاساو و نەبیستراوانەی خەڵکانێکن کە پێویستە لەم سەردەمی سەرهەڵدان و هاودەنگیدا ببیسترێن بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە هاتنەوە سەرکاری ئەو ڕێباز و گوتارانەی کە ئازار و ناڵەی هاوڵاتیانی ئێرانی لەبەرچاوناگرێ و درێژە بە سڕینەوەیان دەدات.

هەروەها لە بەشێک لە ڕێپێوانی ئێرانییەکانی لە دەرەوەی وڵات هەڵسوکەوتی سڕینەوە بەدی کراوە، بۆ نمونە لە وڵاتی وێڵز بەهۆی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان یان ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە لابردنی ناوی ژینا و ناسنامە کوریەکەی، کوردەکان لە ڕێپێوانەکە دوور خراوەنەتەوە. وتارێک لە ڕۆژنامەیەکی وێڵزی بە ناوی Nation Cymru ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵەی کوردانی وێڵزی بە ناوی KAWA لە کۆبوونەوەی Senedd ڕێگەیان پێ نەدا ئاڵای کوردستان هەڵکەن و تەنیا ئاڵای ئێرانی پێش شۆڕشی ئێران لەم خۆپیشاندانەدا هەڵکرا. لە ئەنجامدا کوردەکان لە شاری کاردیف ڕێپێوانی سەربەخۆیان ئەنجامدا. سەیر لەوەدایە وێڵز وڵاتێکە پەرلەمان و ئاڵای تایبەت بە خۆی هەیە، هەرچەندە چەندین سەدە بەبێ هیچ کێشەیەک بەشێکی گرنگی بەریتانیا بووە. بەڵام ئێرانییەکانی نیشتەجێی وێڵز کە لە پێناوی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئازادی و دیموکراسی هاتبوونە سەرِ شەقامەکان، تەحەموڵی ناوێکی کوردی و ئاڵایەک کە سیمبولی فەرهەنگێکی مێژووییە و هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئاڵای ئێراندا نییە، نەکرد. کوردێک کەویستویەتی بەشداری لە رێپێوانێکی لەو شێوەیەدا بکات، تەنانەت ئەگەر ئێرانیش نەبێت، مەبەستێکی مرۆڤ دۆستی هەیە کە دەبێ رێزی لێبگیرێت، و پێویست نییە ناسیۆنالیزمی رادیکاڵ بەشێوەیەکی دژبەرانە تەماشای بکات.

بێگومان لە ناوخۆی ئێراندا رووبەرووبوونەوەکان زۆر دروستتر و باشتر بوون؛ ئەوەی دەکرێ بە ئومێد لێی بروانێت، بیستنی دروشمی وەک «کردستان چشم و چراغ ایران - کوردستان چاو و رووناکی ئێران» لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان و وتنەوەی دروشمی «آذربایجان بیدار است، حامی کردستان است - ئازەربایجان بەئاگایە، پشتیوانی کوردستانە» لە شارە تورک نشینەکانی ئێرانە؛ وە هەروەها پشتیوانی لە خەڵکی بەلووچ و ئیدانەکردنی ئەو زوڵمەی کە حکومەتی ئێران بەرامبەریان دەیکات. ئەمەش نیشاندەری دروستبوونی جۆرێکی نوێیە لە هاودەنگی لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە شەقامەکاندا ئامادەن. بۆ نموونە خوێندکارانی شاری تەورێز بۆ دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ شارەکانی کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە گەمارۆدرابوون، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان بە کوردی دەوتەوە . ئەم هاودەنگییەی خەڵک لەناو وڵاتێکدا کە ماوەیەکی زۆرە سیاسەتی سڕینەوەی ئەوانی دیکە پەیڕەو دەکات، جێگەی ئومێدێکی زۆرە.

## فێمینیزمی کوردی و هاوپشتی فێمینیست

سەرکەوتنی ژنانی ئێران لە دروستکردنی هاوپشتی لە نێوان گرووپە جیاوازەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیستمێک کە لەسەر بناغەی ئاپارتایدی جێندەری و ئایینی بونیاد نراوە زۆر ئومێدبەخشە. بەڵام خستنەوەڕووی یەکپارچەیی ڕەوتی سەرەکی و بانگەواز و بەیاننامەکانی هاوپشتی بەبێ گرنگیدان بە ڕەخنەی گوتاری دامەزراوەیی بۆ پەراوێزخستنی گرووپە جیاوازەکان و کەمکردنەوەی خەباتەکانیان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ، دەتوانێت لەبری بەهێزکردنی ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە فێمینیستی، مرۆڤ میحوەر و دژە- کۆلۆنیالیزمی ئێستا بخاتە تەڵەی دوو جۆر لە فێمینیزمی کۆنزەرڤاتیف و خودگەراییەوە.

جۆری یەکەم بریتییە لە فێمینیزمی ساختە ئیمپریالیستی، کە لە رواڵەتدا پشتیوانی لە خەباتی ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بەڵام ئەم جۆرە فێمینیزمە قسە لە رۆڵی حکومەت و رێکخراوەکانی ئەورووپا/ئەمریکای باکور لە تاوان و چەوساندنەوەی خەڵکی ناوچەکەدا ناکات. لە هەمان کاتدا ئەگەرچی رێبازی فێمینیستەکانی ئەم گرووپە رێگەیەکی باشە بۆ پیشاندانی پشتیوانی ژنانی ئەورووپی و ئەمریکی بۆ خەباتی ژنانی ئێران، بەڵام بێدەنگی زۆرێک لە لایەنگرانی ئەم جۆرە فێمینیزمە لەبەرامبەر سیاستەتی دژە کۆچبەری حکومەتەکانی رۆژئاوا کە کاریگەری لەسەر ژیانی ملیۆنان ژن لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، جێگەی پرسیارە.

بۆ نموونە ماوەیەک پێش ئێستا، ئەندامێکی سویدی پەرلەمانی ئەورووپا بەناوی عەبیر سەهلانی بە مەبەستی دەربڕینی هاوسۆزی خۆی لەگەڵ خۆپیشاندەران قژی خۆی بڕی و وتی: "تا ئازادی ژنانی ئێرانی لە گەڵیانین". سەیر لەوەدایە سەهلانی بەمەبەستی پشتیوانی لە ژنان، بەدروشمی ژنانی کورد ژن، ژیان، ئازادی" کۆتایی بە وتارەکەی هێنا، بەڵام حکومەتی سوید بۆ ڕازی کردنی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ قبوڵکردنی ئەندامێتی سوید و فینلاند لە ناتۆ چالاکی بزوتنەوەی ژنانی کوردی وەک تاوان ناساندووە.

لە یاداشتەکی سێ قۆڵییدا کە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا لەلایەن تورکیا و فینلاند و سویدەوە واژۆ کرا، پلانێک بۆ چاودێریکردنی بزووتنەوە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد و ئەو بزووتنەوانەی لایەنگری لە کورد دەکەن خرایەڕوو، ئەم یاداشتە زۆرێک لە ژنانی کورد کە چالاکانە لەپێناوی بەرقەرارکردنی یەکسانی جێندەری لەناو بزووتنەوەی ژنانی کورددا کاردەکەن، بە تاوانبار لەقەڵەم دەدا. لەم پێوەندییەدا لە حاڵێکدا کە فێمینیستەکانی ڕۆژئاوا هاوسۆزی خۆیان بۆ خۆپیشاندەرانی ئێران دەردەبڕن، پێویستە لەدژی بە تاوان ناساندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی ژنان بوەستنەوە و دژی ئەو یاسا توندانە بوەستنەوە کە دەبێتە هۆی بێ ئومێدکردنی زیاتری پەنابەران، چونکە زۆرێک لەو پەنابەرانە لەو دەسەڵاتانە هەڵدێن کە مافی کەمینەکان و ژنان پێشێل دەکات.

جۆری دووەمی ڕوانگەی فێمینیستی کە پێویستە ئاگاداری بیت، فێمینیزمی خودگەراییە، کە باوەڕی بە جۆرێک لە پۆلێنکردنی گشتگیر هەیە، کە تێیدا ژن وەک پۆلێنێکی بێ چین و بەبێ گوێدانە دابەشبوونەکانی پەیوەست بە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی و کۆلۆنیالیزم پێناسە دەکرێت. ژنانی کورد لە ئێران چەند دەیەیە بە کەڵک وەرگرتن لە میتۆدەکانی نافەرمانی مەدەنی و چالاکی دژ بە پەراوێزخستنی ئایینی، فەرهەنگی و جێندەری خۆراگری دەکەن. ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە ژنانی دیکە لەلایەن ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تووشی ئەزیەت و ئازار هاتوون، یا بە تاوانبار لەقەڵەم دراون یان تیرۆر کراون. نموونەیەکی ئەم دواییەی یەکێک لەو جۆرە ئازار و توندوتیژیانە، تیرۆرکردنی (ناگەهان ئاکارسێل) بوو لە شاری سلێمانی، لە ناو خاکی عێراق، حکومەتی تورکیا ڕاستەوخۆ لەو تیرۆرە تێوەگلاوە. کاتی تیرۆرکردنی ئاکارسێل و گرنگینەدانی جیهانی پێی، نموونەیەکی ڕوونی بارودۆخی سەختی ژنانی کوردە دەخاتەڕوو، چونکە ئاکارسێل وەک سەرنووسەری گۆڤاری ژنۆلۆژی [٢] و ئەندامی کۆمیتەی بزووتنەوەی ئازادی ژنانی کورد، بە شێوەیەکی شەخسی ڕۆڵی هەبووە لە دانانی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەم دروشمە لە سەرتاسەری جیهاندا تەشەنەی دەسەند، تیرۆرکردنەکەی ئەو لەلایەن جیهانەوە ڕووبەڕووی بێدەنگییەکی تەواو بوویەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕوانگەی ئاکارسێل و هەزاران ژنی دیکەی کوردەوە، ڕزگاری ژن و هەنگاونانی شۆڕشگێڕانە بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد بە سەرکردایەتی ژنان و پشتیوانی پیاوان، دەبێ هاوکات و تەواوکەری یەکتری بن. هاوشێوەی تیۆری و میتۆدەکانی ئینتەرسێکشناڵ (فرە میحوەری) کە ژنانی ڕەشپێست لە ئەمریکا پەرەیان پێدا، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ژنانی کورد ئاگاداری ئەوە بوون کە بزووتنەوەیەکی فێمینیستی کە تەنیا لەسەر بنەمای یەکسانی ژن یان بەهێزکردنی ژنان بونیاد نرابێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆرەکانی دیکەی پەراوێزخستن لە کۆمەڵگایەکی ڕەگەزپەرست، سەرمایەدار و کۆلۆنیالیزمدا، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەو ئازادییانە بەدیبهێنێت کە ژنان پێویستیانە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بزووتنەوەی ژنانی کورد دامودەزگای خۆسەری تایبەت بە ژنانی ڕێکخستووە، وەک بەرگری ڕەوا بۆ شەڕێکی دوو لایەنە، لەلایەک شەڕ لەدژی حکومەتە کۆلۆنیالیزمەکان کە مافەکانیان پێشێل دەکەن، لەلایەکی دیکە لە دژی ئەو ستراکچەر و عەقڵیەتە پیاوسالارییە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیان. ئەم تێڕوانینە بۆ ژنان کە وەک ڕزگارکەری کۆمەڵگاکان دەردەکەون، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە حکومەتە پیاوسالارەکانەوە تا زانستە پۆزەتیڤیستییە پیاو-سەنتەرییەکان و هتد، لە چوارچێوەی گوتاری ژن، ژیان، ئازادی دا دەخولێتەوە ، کە لە بنەڕەتدا بەها بە ڕێبازە نوێیەکان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە دەدات. بێگومان مەسەلەکە بەهیچ شێوەیەک پەراوێزخستنی پیاوان نییە، بەڵکو دروستکردنی ڕێباز و ئەندێشەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی و ئابووری و سیاسییە کە تواناکانی ژن و پیاو بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە خزمەتی ئازادی و هزری داهێنەرانە و پراکتیکیدا بەکاربهێنرێت و ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان دابین بکات.

پێشخستنی چالاکیی کولتووری دژە ئاسمیلەیشن، بەهۆی بوونی هاوکاتی یاسا و بیروباوەڕی جێندەری کە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی خەڵکانی پەراوێزخراو بابەتێکی ئاڵۆز و فرە لایەنە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەبێ بزانرێت کە تێکۆشەرانی کورد لە مافی ژنان لە ئێران بە گێڕانەوەی ڕۆڵی سەرەکی لە ماوەی چەند دەیە لە خۆڕاگری و چالاکی کورد، قورسترین قوربانیان داوە لەدژی یاساکانی جێندەری و کۆلۆنیالیزمی حکوومەتەکان.

یەکێک لە نموونەکانی زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردییە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ناوەندی نوژین، کە لە ساڵی ٢٠٢١ بە تاوانی فێرکردنی زمانی کوردی سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا. ئەو چەوساندنەوە دوو هێندەی کە ژنانی کورد ڕۆژانە لەبەرامبەریدا دەوەستنەوە، هەروەها ئارەزووی ئەو ژنانە بۆ گەیشتن بە ئازادی، دەتوانێ وانەیەکی گرنگ بێت بۆ خەباتێکی فێمینیستی دیموکراتیک بە داخوازی ئازادییەکی بەرفراوانتر.

بۆیە گرنگیدان بە خەباتی ژنان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ پێشگرتن لە مەنهەجی سڕینەوە، دەتوانێ توانای ڕزگاریخوازی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پۆتانسێلی بەشێکی گرنگ بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیاری بهێنێت. خۆپیشاندەران لە ئێران دەزانن کە ژینا کوردە و ئامادەیی بوێرانەیان نیشانداوە بۆ فراوانکردنی ئەولەویەتەکانیان بۆ دروستکردنی هاوپشتی، بۆیە دەتوانن لە یەک کاتدا بە شێوەیەکی ناوازە تەحەدای پرۆسەی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی ژنان و کەمینەکانیش بکەن.

کەواتە وەرن با پێکەوە ژینا بە ناوە ڕەسەنەکەی ناوی کوردییەوە بانگ بکەین، با بە هۆشیارییەکی زیاترەوە جەخت لەسەر مافی هەموو مرۆڤەکان بکەینەوە و ئەو خەباتە لەبیر نەکەین کە پاشخانی دروشمی ژەن، ژیان، ئازادییە. ئەمەش کردارێکی ژیانبەخشە بۆ بە فەرمی ناسین و هەروەها بانگەوازکردن بۆ بزووتنەوەیەکی فرە میحوەریی فێمینیستی، و مرۆڤ میحوەر و ڕزگارکەر کە لە هەمان کاتدا دژە پیاوسالاری و دژە بەسڕینەوەی ئەوانی دیکە و دژە نەژادپەرەستی و دژە کۆلۆنیالیزم و هەموو جۆرە شاراو و ئاشکراکانییەتی.

پەراوێزەکان:

[١] شین ئاوا یەکێکە لەو گوندانەی کە دەکەوێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەربەقەزای پیرانشارە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. ساڵی ٢٠١٢ قوتابخانەی کچانی ئەم گوندە بەهۆی نەبوونی ئامێری گەرمکەرەوەی سووتا. لە بەهۆیەوە ٢٩ خوێندکار لە ئاگرەکەدا سووتاون و سێ قوتابییان گیانیان لەدەستداوە. بارودۆخی ١٢ خوێندکار ناجێگیر بوو، بۆیە ناچاربوون چەندین نەشتەرگەرییان بۆ بکرێت، سەرەڕای هەوڵی چالاکوانان بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری خەڵک، بەڵام بۆ دابینکردنی تێچووی زۆری ئەو نەشتەرگەریانە ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بوونەتەوە.

[٢] ژنۆلۆژی ڕێبازێکی زانستییە کە تیشک دەخاتە سەر ئەزموونی ژنان و تێڕوانینەکانیان. ئەم ڕێبازە ئاڵتەرناتیڤێکی پراکماتیکی و فرەلایەن بۆ تیۆرییە پۆزەتیڤیستییە پیاوسالارییەکان و میتۆدە زانستییەکان کە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا زاڵن، دەخاتەڕوو.

نووسەران: فەرەنگیس قادری، مامۆستا و لێکۆڵەر، ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەکانی عەرەبی و ئیسلامی، زانکۆی ئێکسێتێر، بەریتانیا

ئۆزلەم گۆنەر، مامۆستای یاریدەدەر، دیپارتمانی کۆمەڵناسی، زانکۆی سیتی، نیویۆرک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم وتارە یەکەم جار بە ئینگلیزی لە گۆڤاری جدلیە بڵاوبووە

سەرچاوەو: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## بەلووچستان یەکەم, کوردستان دووهەم لە قوربانیداندا

## (لیستی شەهیدانی ٤ پارێزگەی کوردستان لەم پۆستە زیاد کراوە)



**قادر وریا**

بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتەی بی بی سی لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێستای خەڵکی ئێراندا لە قوربانیدان و شەهیدبوونی ڕۆڵەکانیاندا ,بەلووچستان یەکەم و کوردستان دووهەمە. بەلووچستان تائێستە ١١٨ کەس لە ڕۆڵەکانی شەهید بوون. ئەگەر کۆی شەهیدەکانی چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بخەینە سەر یەک, لە حەفتا شەهید تێ دەپەڕن. ئەگەر شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی درۆن ومووشەکباران لە هەرێمی کوردستانیشیان بخەینە سەر لە ٩٠ کەس زیاترن. ئەم ئامارە لە یەک کاتدا چەند ڕاستی دەسەلمێێت:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١- ئەوانەی لەماوەی چل و سێ ساڵی ڕابردوودا زیاتر بەرەوڕووی ستەم و تاوان و هەڵاواردنەکانی ئەو ڕێژیمە بوونەوە, لە هاتنە مەیدان وبەشداری لە ڕاپەڕینیشدا هەر لەپێشەوەن.

٢- ڕێژیم هەر ئێستاش بێ پەروایانەتر و بێڕەحمانەتر لێیان دەکوژێت. چونکە کوشتاری ئەوانی لێ بووە بە شتێکی ئاسایی.

ئەمەش ڕاپۆرتەکەی بی بی سی:

١٢ نوامبر ٢٠٢٢ - ١٤ آبان ١٤٠١

تفکیک استانی آمار کشته‌شدگان؛ تعداد قربانیان سیستان و بلوچستان با فاصله بسیار زیاد از دیگر استان‌ها بیشتر است

بر اساس آمار سازمان حقوق بشر ایران، ٣٠٤ کشته از ٢٢ استان کشور هستند.

تفکیک استانی کشته‌شدگان اعتراض‌های اخیر به روایت این سازمان، از این قرار است:

سیستان و بلوچستان ١١٨ نفر.

مازندران ٣٣ نفر.

تهران ٣٠ نفر.

کردستان ٢٦ نفر.

گیلان ٢٢ نفر.

آذربایجان غربی ٢١ نفر.

کرمانشاه ١٣ نفر.

البرز ٩ نفر.

خراسان رضوی ٤ نفر.

اصفهان ٤ نفر.

زنجان ٤ نفر.

لرستان ٢ نفر.

مرکزی ٢ نفر.

قزوین ٢ نفر.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کهگیلویه و بویراحمد ٢ نفر.

آذربایجان شرقی ٢ نفر.

اردبیل ٢ نفر.

ایلام ٢ نفر.

خوزستان ٢ نفر.

همدان ٢ نفر.

بوشهر ١ نفر.

سمنان ١ نفر.

ئامار و لیستی شەهیدانی ٤ پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاپەڕینی نوێدا(لە گەڵ ڕێز و سپاسم بۆ کاک حوسێن باقری کە بۆی ناردووم):

**ئەم لیستە تایبەتە بە شەهیدانی چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام،**

١- احسان علی بازی ١٥ ساڵە شهرک قدس ئیلام، ئابان.

٢- ارمین سیادی ١٨ ساڵە کرماشان، ٢٠ی پۆشپەڕ.

٣- ئارین مریدی سلاس باوەجانی کرماشان ١٧ پۆشپەڕ.

٤- ئیسماعیل مولوی ( سمکو ) مهاباد ٤ ڕەزبەر.

٥- ئیسماعیل دزوار سەقز ١٧ پۆشپەر.

٦- ئەفشین ئاشام قسرشیرین، ٤ ڕەزبەر.

٧ - ئەشکان مروتی سنە.

٨ - ئیلاهە سعیدی سەقز.

٩ - ئەمیر عەلی فولادی ١٦ ساڵە ئیسلام شار (شائاباد) غەرب.

١٠ - ئەمیر حسین بساتی کرماشان.

١١ - ئەمین معرفت ١٦ ساڵە شنو.

١٢ - ئیمان بهزاد پور، سنە.

١٣- ئیمان محمدی ئیسلام ئاباد غەرب.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٤- ئایناز جواهری ١٥ ساڵە کرماشان.

١٥- بهمن سورانی (شوان) شنو.

١٦- پویا شیدا ورمێ.

١٧- پیمان منبری، سنە.

١٨- جعفر قوربانی ئاوای بزوش کامیاران.

١٩- حسین محمدی کرماشان.

٢٠- داریوش علیزادە، سنە.

٢١- داستان رسول کوردی باشوور.

٢٢- دانش راهنما، ورمێ.

٢٣- دیاکو مهرنوایی ، بوکان.

٢٤- دیانا محمودی ٧ سالە پیرانشار.

٢٥- رامین فاتحی، سنە.

٢٦- رامین کرمی کرماشان.

٢٧- ڕەزا خشنودهولاری، کرماشان، ١٦ ساڵە.

٢٨- ڕەزا شهپرنیا کرماشان.

٢٩- ڕەزا لتفی دێولان.

٣٠- روزبە خادمیان سنقر گلیایی کرماشان.

٣١- روشنا ئەحمەدی بوکان.

٣٢- زانیار ئەبوبەکری مهاباد.

٣٣- زکریا خیال پیرانشار.

٣٤- سارینا ساعیدی ١٦ ساڵە سنە.

٣٥- سارینا شیری کرماشان ،

٣٦- سامان قادرپور شنو لە تاران شەهید کرا.

٣٧- سعید محمدی ئیسلام ئاوای غەرب کرماشان.

٣٨- سوران شوانی شنو.

٣٩- سەید محمد حسینی سەقز شێلانی ماشینی سپا بە ئەنقەست.

٤٠- سینا نادری درە درێژ کرماشان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٤٠- شاهو خزری مهاباد.

٤١- سەدرەدین لیتانی شنو.

٤٢- عبدلسلام گلوانی (قادرگوڵان) شنو لە ورمێ شەهید بوو.

٤٣- عبدڵله محمدپور ورمێ ١٦ ساڵە.

٤٤- عزیز مرادی سنە.

٤٥- علیرزا فتحی سنقر کلیایی کرماشان.

٤٦- فرجاد درویشی ورمێ.

٤٧- فردین بختیاری سنە.

٤٨- فریشتە احمدی خەڵکی سەردەشت دانیشتوی مهاباد.

٤٩- فریدون محمودی سقز.

٥٠- فواد قدیمی دیواندرە.

٥١- کوبرا شێخ سەقا خەڵکی ئاوای دی مەلا دانیشتووی مهاباد.

٥٢- کمال فقی بوکان.

٥٣- کومار درافتادە ١٦ ساڵە پیرانشار.

٥٤- کیوان درویشی سنە محلە شریف ئاوای.

٥٥- متین عبدڵله پور ورمێ.

٥٦- محسن قیسەری ئیلام.

٥٧- محسن محمدی دیواندرە.

٥٨- محمد امینی سنە.

٥٩- محمد زارعی سنقر کلیایی.

٦٠- محمد شریعتی خەڵکی موچەژ یا موژەژ، لەسنە شەهید بووە.

٦١- محمد عبدللاهی ئیلام.

٦٢- محمد لتف ڵلایی سنە.

٦٣- محمد مام ساڵەح سەردەشت.

٦٤- مختار احمدی مریوان.

٦٥- مسعود احمدزادە دکتور مهاباد.

٦٦- مەتەلب سعید پیرو خەڵکی چومان بانە لە بانە شەهید کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٦٧- ژینا امینی (مهسا) خەڵکی سەقز لە تاران شەهید کرا..

٦٨- مینو مجیدی خەڵکی قسرشیرین لە کرماشا شەهید کرا.

٦٩- نگین عبدلملکی خەڵکی قروە لە همدان شەهید کرا دانیشجوی رستە پزشکی.

٧٠- هاجر عباسی مهاباد.

٧١- یاسر جعفری ئیلام.

٧٢- یحیی رحیمی سنە.

٧٣- موئمین زندکریمی خەڵکی سنە ١٨ ساڵە، ڕێژیم نەی هێشتووە لە شار سنە ئەسپەردە بکرێ ،بۆیە بردوویانە ئاوای ماچکە لە ٣٥ کیلومتری ڕۆژهەڵاتی شار سنە ئەسپەدەیان کردوە.

٧٤- سعید محمدی وەرزشکار خەڵکی شائاباد کرماشان.

٧٥- نسیم سدیقی تمەن ٢٣ ساڵە خەڵکی شاینڕژ، لە ورمێ شەهید بوو.

٧٦- نسرین قادری، تەمەن ٢١ ساڵ خەڵکی مەریوان، دانشجوی دانشگای تاران بەهوی لێدانی باتۆم لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە، بەسەختی بریندار کرابوو، گیانی سپارد.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی قادر وریا – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# خەڵکی باشور و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵات



هاوڕێ جەمال

نزیکەی دوو مانگ ئەبێ خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات، پاش گیانلەدستدانی ژینا ئەمینی لەسەر دەستی پارێزەرانی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە دواتر بووە سیمبوڵی خۆپیشاندانەکان، دەستیان کردووە بە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئێران.

گەر مەسەلەی ئازادیە کەسیەکان بۆ تەواوی گەلانی ئێران، پرێشکی هەڵگیرسانی ئەم خۆپیشاندان و نارەزاییانەبێ، ئەوا بۆ کوردانی ئێران، سەرباری پرسی ئازادیە کەسیەکان، پرسی نەتەوەییش کاریگەری گرنگی هەبووە لەو خۆپیشاندانانە.

خۆ گەر شیعرە مێژوویەکەی قازی نەمر پێوەری ڕووداوەکان بوایە، (دوو دانە دوو دەکاتە یەک)، ئەبوو کاتێک درکێک پەنجەی تاکێکی کوردستانی خۆرهەڵاتی وە خوناو هێنا، کوردێکی باشوور ئازاری پێگەیشتبا!. بەڵام واقع شتێکی دیکەمان پێ ئەڵێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوەکانی ئێران پەیوەست بە پرسی نەتەوەیی کورد، دەمانخەنە بەردەم تێڕامانێکی نوێی گشتگیر بۆ ئامانجە باڵاکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە پێش هەموویانەوە، بەتاڵبوونەوەی خەونی یەکپارچەی کوردستان، و کوردستانی گەورە.

ڕەنگە هەبێ بڵێ دەسەڵاتی حزبی لە هەرێمی کوردستان ڕێگر بووە، لە هەموو پاڵپشتیەکی جەماوەری کوردانی باشور بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات، ئەکرێ ئەمە هۆکارێک بێ، بەڵام هۆکارێکی زۆر لاواز، هۆکاری سەرەکی بریتیە لەو گۆڕانە گەورەیەی، کە لە سایەی ئەم دەسەڵاتەوە، لەم پارچەیەی کوردستان، بەسەر ستراکتۆری بیری نەتەوەیی تاکی کوردا هاتووە. پێشتر، واتە پێش ئەم دەسەڵاتەی لەم هەرێمە حوکم دەکا، کورد وا بیری دەکردەوە کە گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ تەنهاو تەنها لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی خۆماڵی کوردیەوە جێبەجێدەکرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی، پاش ئەوەندە ساڵە لە حوکمرانی خۆماڵی، ئەو مافانەی ڕۆژگارێک لە ژێر پۆستاڵی ڕژێمێکی ئیستبداد پێیان پیا ئەنرا، نەتوانرا وەربگیرێنەوە، بەڵکو چەندین خەون و مافی دیکەش لە پاڵ دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا لەبارابران، بەمە تاکی کورد خۆی لە قۆزاخەی پووچێتی ئایدیالێکی ڕۆحی و نەتەوەیی گەورەدا هێنایەدەر.

ئێستا تاکی کورد لەم پارچەیەی کوردستان کە باشورە، بەبێ ویستی خۆی لە تاقی کردنەوەیەکی ئاوادا، خۆی لەبەردەم موفارەقەیەکی گەورەو بەراوردکاری دەبینێتەوە، بۆ ئەمەش ساناترین وەڵامێک بۆ پشتگیری نەکردنی ئەو نارەزاییە جەماوەریەی ڕۆژهەڵات ئەوەیە؛ بۆ ئەبێ ئەوانیش هەمان ئەزموونی ئێمە دووبارە کەنەوە؟!

کە تا ئاستێکی زۆر، دوور لە سۆزی نەتەوەیی، لە ڕوانگەیەکی واقعیەوە وەڵامێکی بەجێیە.

دەسەڵات لەم هەرێمەی کە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئاوێنەیەکی وا بێ ڕتووشی داوەتە دەست یەک بەیەکی تاکی کوردی، کە هەموو ڕووداوە سیاسی و نەتەوەییەکان، بێ پەڵەو گرێ و گۆڵ لێوە بڕوانێ.

پێموایە هەر ئەم بۆچوونەش تەواوە، لەوە بترازێ، خۆ گێلکردنە لە واقعێکی بەرجەستەکراو کە هەموومان ڕۆژانە لە تەکیا ژیان ئەکەین، ئەو بۆ چوونەی پرسی سەرکوتکردن و ستەمکاری نەبەستینەوە بە نەتەوەی سەردەست و ژێردەست، بەڵکو دەکرێ لەهەر چرکەیەکی مێژوویدا، لەدەرەوەی ئەم تێڕوانینە دیماگۆگیە، خۆمان لەبەردەم دەسەڵاتێکی ستەمکار ببینینەوە.

گرنگترین شت بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەوەیە، ڕێگە نەدەن ئەم خۆپیشاندانانە وەبەرهێنانی سیاسیان لەسەر بکرێ و بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەنجام ژمارەیەک لە هێزی سیاسی خۆیان بکەن بەخاوەنی. هەروەک گرنگە دروشمە ئینسانی و مەدەنیەکانیان نەگۆڕنەوە بە دروشم و داخوازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، خۆ گەر ئەمە روویدا خۆپیشاندانەکان گەر سەریشبگرن ئەوا جگە لە جێگۆڕکێ بە دەسەڵاتە ستەمکارەکان هیچی تری لێ شیننابێ!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئێران لە ژێر دارشەقی ئەمریکادا!



ئاسۆ عەبدولەتیف

ئێران، لە دۆخ و قەیرانێکی سەختی ئابوری و سیاسی و نارەزایەتی گەورەی ناوخۆییدایە، بەڵام گوشاری نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا لاوازو پۆپۆلیستانەیە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی. ریفۆرمخوازان و موحافیزکاران و مەرجەعی رەهبەریی، لە کێشمەکێشی گەورەدان بۆ کۆنترۆڵ و دەستکاری ئەو دۆخە سیاسییە، فاکتەری ستراتیژیی دەرەکی بۆ روخاندن تا ئێستا ئامادەیی نییەو پشتی بەستوە بەو ڕێککەوتنە سیاسی و ستراتیژیی و جەنگیانەی ڕابردوو.

هاوکێشەی ئیسرائیل ئێران ئەمریکا، هێشتا گۆرانی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە، ئەوەی دەستکاری نەخشەو سکێچی سیاسی گەلانی ئەم ناوچەش دەکات ئەوانن وەک مۆتیڤی یەکلاکەرەوە، کە بریاری گۆڕین و روخاندن ئەدەن، ئەمەی لە ئێران ڕوودەدات ململانێیەکی سەخت و کۆنی ناوچەکەیەو بەئاسانی ناچێتەسەر بەبێ فاکتەری دەرەکی و دەستکاری ئەو پەیوەندیانە، بۆ وێنە؛



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

«فرۆشتنی کەرەستەی شەڕ بە ئێران تا ئێستا بەردەوامە لەسەر بناغەی ڕێککەوتنی نهێنی ساڵی ١٩٨٠ ی نێوان مەناخیم بێگن سەرۆک وەزیری ئیسرائیل و ویلیام کەیسی.

«وردەکاری ئەو کەرەستە جەنگیانە کە دەبوو ئیسرائیل بە ئێرانی بفرۆشێت مێژووەکەی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ دیسامبری ساڵی ١٩٨٠ کە دیاری کرابوو. ڤیڤید کیمچە گەورە ئەندامی کۆمیتەی هاوبەش لەگەڵ رابیرت گیتز نوێنەری پایەبەرزی سی ئای ئەی، خەریکی ڕاپەڕاندنی بوون بۆ بەپێوە ڕاوەستانی دەوڵەتی ئێرانی بە سوودی وڵاتانی ئەمریکاو ئیسرائیل، ئەو ستراتیژە هێشتا نەگۆڕە!!

«ڕزگار کردنی بارمتە ئەمریکیەکان لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بەهۆی گرێبەستێکی ٥٢ ملیۆن دۆلاریی لە ساڵی ١٩٨١ و ناردنی پارچەی یەدەگی فرۆکە لە کارکەوتوەکانی ئێران، لە ئیسرائیلەوە بۆ تاران هەموو ئەوانە وەک پەیوەندیی مێژوویی ماونەتەوە*

ئینجا، پرۆژە یاسایەکی جددی کۆنگرێسی ئەمریکی و ئیدارەکەی بایدن و کۆدەنگی جیهانی و کۆکردنەوەی بەرهەڵستکارانی ڕەسەنی ئێرانی وەک چۆن بۆ عێراق و ئەفغانستان کراو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمریکا سەپۆرتی دەکرد بوونی نییە، هەر ئەوەندە هەیە تیمەکەی جۆبایدن خۆیان ڕەتاندو ئەویان وت گەڕانەوەمان نییە بۆ دانوستان و گفتوگۆکانی ڤیەننای تایبەت بە چەکە ناوکیەکانی ئێران ئەوە لاوازترین هەڵوێستەو لەجێگای نەبووە (... وذلک أضعف الإیمان)

ئەمریکا بۆ روخاندنی ڕژێمی بەعس هێزی بەرهەڵستکاریی و کۆنگرەی ئای ئێن سی و رادیۆو تەلەفزیۆنی لە ئەوروپاو ئەمریکاو عەممان دروست کردو دەیان هێزو سوپاو پێشمەرگەی کورد و شیعی و سوننی کردە لیواو کەتیبەو فیرقەی جەنگیی و پێکی هێنان و بێشومار بودجەی کۆنگرێسی خستە خزمەتیان و بینیمان چۆن بەعسیزمی پێ ڕوخاند لە ٢٠٠٣ بەڵام بۆ ئێران نەک هیچی دیار نییە بگرە زمانێکی نەرمیشی هەیە! بەڵام ڕەنگە کۆماریەکان ئەو دیدگا کۆنکرێتیەیان نەبێت و بە جۆرێکی تر بیر بکەنەوە بەتایبەت کۆمارییە نوێکانی دوای ترامپیزم.

بەڵام جیهان و ئەمریکا ڕەنگە بیانەوێت ئێران و روسیا بەتەواوی بخەنە ڕیزو بەم شپرزەیی و لاوازیە دەرکەون، بیانەوێت خۆبەخۆ گۆڕانکاری دروست بێت لە ئێران، یاخود کەشێک سازبکەن بۆ دەستەبژێری نارازی ناو سیستمی دەسەڵاتگەری سوپایی و خۆیان کارەکە بکەن بەبێ فاکتەری دەرەکی و ئەوجا دارشەقەکە لابەرن، روخانی دەوڵەتێکی شیعی و سێنترال و مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاسان نییە وێڕای شۆڕش و قوربانیدانی زۆر، یان بکەوێت و دەوڵەتانی وەک عێراق و سعودیەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تورکیا میراتەکەی بخۆن، ئەمە پەیوەندی بە گۆرانی هاوکێشەکانەوە هەیە.

ئەمریکا لە مۆدێلی عێراق و لوبنان و بەحرەین و یەمەنەوە ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە دژی شیعە نییە، دژی رەفتارو سلوکی گروپە دەسترۆشتوەکانی شیعەن لە ناوچەکە، کە بەردەوام خەریکی دەستکاری بەرژەوەندیەکانی ئەمریکان، دژی مۆدێلێکن لە شیعە نەک کۆی مۆدێلەکان، بگرە باشتریان لەم شیعەگەراییەی ئێران و حەشدو وەلائیی دەوێت، ئەمریکا گرێبەستی نوێی دەوێت بۆ ناوچەکە دژی هەژموونی ڕوسیا ئێران، دەیەوێت لە ناڕەزایەتیەکان و شیعەی لیبرالی ئێرانی و عێراقی ستاتۆیەکی نوێ و شتێکی تازە تاقی بکاتەوە، بەبێ پەرت بوون و ئاژاوەی گەورە.

ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە ئەم دەوڵەتە مەزهەبیانە لاوازتربکات بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لە شەڕی گەورەتری ناوچەکە وەک چۆن سعودیەو تورکیاو قەتەرو پاکستان و ئەفغانستان بەکار دەهێنێت. ئەگینا هەر خودی ئەمریکا دەتوانێ بە ئاسانی داشەکان بگۆڕێت و جوندی بخاتە شوێنی قەلا گەورەکە. تەنانەت دەتوانێت باشترین دەرفەت بداتە کوردو هەرێمێکی تری کوردی دروست بکات و بەیەکەوە بیانکاتە ستاتۆیەک و رەقەمێکی گەورە، بەڵام نایکات و هۆکار هەیە بۆ نایکات.

* بەشێکی ئەو زانیاریانە - کتێبی بیرەوەری سودەکانی شەڕ، ئاری بن مۆناشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکگرتووییەک کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتەوتر دەبێت



سایتی پەیام

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران هاوپشتی و یەکگرتووییەکی مێژوویی بێ وێنەیە کە لە نێوان نەتەوەکان، چین و توێژ و شارە جۆراوجۆرەکاندا بوونی هەیە. ئەو دروشمە وەحدەت بەخشانەی کە لەسەر زاری تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانە و کردارە ستایش ئامێزەکانیان لەم یەکگرتوییەوە سەرچاوە دەگرێت.

سەرانی کۆماری ئیسلامی سەرمایە و دەزگا تەبلیغاتی و ئیتلاعاتیەکانیان، بە شێواندنی ڕاستیە مێژووییەکان، بڵاوکردنەوەی درۆ و حیلەگەرییە ڕیاکارانەکانیان هەوڵیان داوە ئەم یەکگرتوییە تێکبدەن. ئامرین و عاملینی کۆنەپەرست و جەنایەتکاری خۆجێی هەر لەسەرەتای ئاخێزەکەوە بە شێوازی ئاڵۆز و گوماناوی هەوڵیانداوە جیایی و دووبەرەکی بنێنەوە و ئەم یەکگرتووییە لەنێو بەرن. وەک نموونە ئەوان لە کوردستان و بەلوچستان زیاتر لە شوێنێکی وەک لە فیشەکی جەنگی کەڵکیان وەرگرتوە، و دیارە کوشتارێکی زیاتریان لەم دوو ناوچەیەدا کردوە. ئەوان لەم ڕێگایەوە هەوڵیاندا تا لەنێوان دانیشتوانی پایتەخت و خەڵکی کوردستان و بەلوچستاندا دووبەرەکی دروست بکەن. بەڵام ئامانجەکەیان نەپێکا. تێکۆشەران و شۆڕشگێڕان لە تاران بە دروشمی وەک "لە کوردستانەوە تا تاران، خوێناویە هەموو ئێران" و "لە کوردستانەوە تا تاران،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ستەم لەدژی ژنان" وڵامی ئەم حیلەگەریەی کۆنەپەرستانیان دایەوە. جەنایەتکارانی حاکم هاوکات ئاستی تەبلیغاتی خۆیان لەسەر سیستان و بەلوچستان چڕ کردەوە تا بەڵکو بتوانن لە نێوان نەتەوەی ئازەری و بەلوچ لەگەڵ کوردستان دووبەرەکی بنێنەوە. بەڵام بە دروشمەکانی وەک: "ئازەربایجان وشیارە، پشتیوانی کوردستانە" و "لە کوردستانەوە تا تەورێز، کاسەی سەبرمان لێوڕێژ" وڵامێکی ددان شکێنلە لایەن ئازەریەکانەوە بە سەرانی ڕژیم درایەوە. تێکۆشەران لە سیستان و بەلوچستانیش بە دروشمی: "سنە، زاهیدان، چاو و چرای ئێرانن" کێشایان بە دەمی جەنایەتکارانی ڕژیمدا.

ژمارەیەک لە ئاخوندە دەوڵەتیەکان و هێندێک لە فەرماندەکان، کە بە گشتی ناسیاسین، لە دەرفەتی جۆراوجۆردا گەمژانە باسیان لە مەترسی جیابوونەوە، بە تایبەت لە کوردستان، کرد. بەڵام شۆڕشگێڕان بە دروشمی "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" وڵامی ئەو خاکپەرست و ناسیۆنالیستە مێزەر بەسەر و نیزامیانەیان دایەوە. بەرپرسانی بەدنێوی ئیدارەی ئیتلاعات کە زانیان مۆرەکانی سەربە ڕژیم کەوتوونەتە بەر ڤین و نەفرەتی خەڵک و تەنانەت کەسانی سەربەخۆشیان باوەڕیان بە قسەکانیان نییە کەوتنە بیری فێڵ و تەڵەکەیەکی ترەوە. ئەوانلە تازەترین دەستە گوڵێک کە بە ئاویاندادا کەڵکیان لە شێوازی نا مرۆڤانەی شنود وەرگرت و لە زمان یەکێک لە بیژەرانی هەواڵی ڕەسانەیەکەوە باسیان لە مەترسی لەت بوونی ئێران کرد. ئەوان بێ ئاگان لەوەی کە ئەو کەسانەی ئەم درۆیانە دەکەن لەهەر شوغڵ و پلەو پایەیەکدابن بەخێرایی، وەک باقی کاربەدەستانی ڕژیم، دەکەونە بەر نەفرەتی خەڵک، وەک ئەوەی سەبارەت بەم بابەتەی دوایی ڕوویدا.

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لە چەوساندنەوەی زۆر بە یارمەتی سەرکوت، پێشێل بوونی وەحشیانەی مافی ژنان و نەتەوەکان بە کەڵک وەرگرتن لە جەنایەتکارانە ترین شێوازەکانی وەک ئەشکەنجەی تاقەت پڕوکێن و ئێعدام کردنی بە هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسی و ئاسایی لە زیندانەکاندا، کۆمەڵ کوژی لە مەیدانەکانی شەڕ لەدژی شۆڕشگێڕان لە کوردستان، ئێعدام کردنی بەرینی هەڵسوڕاوانی سیاسی کورد، بەلوچ، عەرەب، ئازەری، بڵاو کردنەوەی هەژاری بێسنوور، زیاتر کردنی نایەکسانی، ئاسایی کردنەوەی لەشفرۆشی مەزهەبی، پەرەدان بە بێ سەرپەنایی و تا ڕادەیەک گۆڕخەوی، لەنێو بردنی فەرهەنگی پێشڕەو و زانستی ئینسانی و پڕکردنەوەی جێگایان بە خورافاتی مەزهەبی، بەشێوەیەکی بەرچاو ئاسایی کردنەوەی گەندەڵی ماڵی و ئەخلاقی لە نێو کاربەدەستان و سنفە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ و ستەمی هاوشێوەوە سەرچاوەی گرتوە. ستەمی نەتەوایەتی تەنیا یەکێک لەو ستەمانەیە و هەڵسوڕاوان و تێکۆشەرانی سڕینەوەی، ئاگاهانە هەستیان بەوەکردوە کە نەهێشتنی ئەم ستەمە بەستراوەتەوە بە هاوکاری کردن لەگەڵ چەوساوەکان و زۆرلێکراوان لە ئاستی ئێراندا بۆدامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک و خەڵکی و سەرتاسەری. هەرئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم یەکگرتوییەی ئێستا بەردەوام و ڕوو لە پتەوتر بوون بێت. هەڵسوڕاوان، ڕێبەران و بەشدارانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئێستا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەم هۆکارەیە کە بە هاسانی توانیویانە هەموو هەوڵەکانی ڕژیم و ڕاگەیەنەرەکانی ژێر سانسۆڕی، ئاخوندە کەللە وشکەکان و فەرماندە ناسیاسیەکان پوچەڵ بکەنەوە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## دروشمەکان و پرسی نەتەویی لەو ڕاپەڕینەدا




**خالید حەسەن پوور**

دوای تێپەڕینی دوو مانگ لە ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک لەسەرانسەری ئێراندا، بەشێک لە چالاکانی سیاسی کورد، سەبارەت بە دەوری ژنان و هەروها دروشمی ژن، ژیان، ئازادی نیگەرانی دەردەبڕن و پێیان وایە دەورو و ڕۆڵی ژنان لەلایێک و درووشمی ناوبراوو لەلایێکی دیکەوە دەبێتە هۆی کەمڕەنگ کردنەوەی پرسی ناسنامەی کورد لە جووڵانەوەی سەرانسەرییدا.

بۆ وڵامی ئەو مەسەلە دەپێشدا پێویستە ئەو پرسیارە بهێنینە گۆڕێ، ئایا پرسی شووناس (هویت) و بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، - ئەگەر قەرارە بەدیبێن - پێش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی وەدی دێن یان دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە کە هەتا کۆماری ئیسلامی لەسەر کاربێ، نە لە ماف خەبەرێک هەیە، نە لە ناسنامە و نە لە هیچ یەک ئازادییە دێموکڕاتیکەکان! کەوابوو بۆ ئەوەی ئەو مافانە بێنەدی، دەبێ کۆماری ئیسلامی نەمێنێ.

**پرسیاری دوهەم** ئەویە، بۆچی سەرەڕای دەیان ڕاپەڕین لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە ئەو ڕێژیمە هەر نەڕووخاوە؟ وڵامەکە ئەویە؛ بێجگە لە لێبڕاوی حاکمییەت و دەستگاه نیزمییەکەی سەبارەت بە سەرکووتی خەڵک، گەلانی ئێران یەکگرتوو و یەکپارچە نەبوون و، ڕاپەڕینەکان - بێجگە لەو ڕاپەڕینەی دوایی - لە چوارچێوەی ناوچەیی نەترازاوون، هەرچەند لەو ڕاپەڕینەشدا بەوجۆرەی پێویستە بەشەکانی خەڵک یەکگرتوو نین.

**پرسیاری سێهەم** ئەویە بۆچی گەلانی ئێران هەتا ئێستا بەوجۆرە یەکگرتوو نەبوون کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن؟ وەڵامەکە ئەویە، دوای ٤٣ ساڵ ستەمی چەند قاتی ڕێژیم دەرحەق بە نەتەوەکانی ئێران و هەروها چاندنی تۆوی دوبەرەکی ئاینی و ئێتنێکێکی لە نێوان پێکهاتەکانی ئێراندا، توانیبووی مەحبەین (گسست) بخاتە نێوان "مەرکەز و حاشییە"، عەرەب و فارس، توورک و کورد و شیعە و سوونی، بەجۆرێک کاتێک خەڵکی ناوچەیێک لە حاکمییەت ڕادەپەڕین، پێکهاتەکانی دیکە دەبوونە تەماشاچی هەتا سەرکووت دەکرا. پێکهاتەی فارس کە لە ڕووی حەشیمەتەوە پێکهاتەی سەرەکی ئێرانە - نەک لەبەر ڕووخانی کۆماری ئیسلامی - بەڵکوو زیاتر لەبەر نەبوونی بەدیلێکی باوەڕ پێکراوو (سنترال محور)، هیچکات و لەو ڕاپەڕینەی ئێستاشدا بەتەواوی نەهاتۆتە مەیدان بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی. کەوابوو ئەگەر ئەو فۆرمۆڵەمان قەبووڵبێ کە، هەتا ئەو ڕێژیمە لەسەر کاربێ، هیچ یەک لە مافە سەرەتایی و ئێتنییکێەکان نایێنەدی، دەبێ درووشمەکان گشتگیر بن، بە جۆرێک تەعبیر لە ویست و داواخوازی هەموو لایێک بکەن.
دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بێجگە لەویکە بڕبڕەی پشتی کۆماری ئیسلامی دەنگێووێ، پەیوەندیێکی سەرانسەریش لە نێوان ژنانی کورد و ژنانی نەتەوەکانی دیکە وەک نیوەی کۆمەڵ دروست دەکا. وەختێک ژنان لە دژی ڕێژیم دێنە مەیدان، پیاوانیش خۆیان پێناگیرێ و وەک نیوەی دیکەی کۆمەڵ پشتیوانی لە ژنەکان دەکەن. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو درووشمە، نە تەعبیر لە مافی نەتەوایەتی کورد و نە لە نەتەوەکانی دیکە دەکا . ئەو دروشمە درووشمێکی تاکتیکی بۆ قۆناغێکی تاکتیکی (ڕووخانی کۆماری ئیسلامی) یە. هەرکە باروو دۆخی سیاسی و پارسەنگی هێز بە جوورێک بە سوودی خەڵک و زیانی ڕێژیم گۆڕا، بەو ئاستە لە شعووری میلی کە لە نێوو نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا هەیە، پرسی ناسنامە و بەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکان دەبێتە پرسێکی ستراتیژیک. مێژووی نەتەوەکەمان پاش هەر ئینقلابێک ئەومان بۆ دەسەلمێنێ . با وەپێش ڕووداوەکان نەکەوین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن ژیان ئازادیی



خەلیل غەزەڵی

## ئێران خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەم

نزیک نیو سەدە پێش باندێکی تەبەهکاری مێشک گەنیوی کۆنەپەرست بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی دواکەوتووی خەڵک دەستیان بەسەر ئێراندا گرت. لەو ماوەدا ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتی وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوت ی بەدەستەوەگرت و بەرە بەرە بە کەڵکوەرگرتن لەو سامانە زۆرە کەوتە پەرەدان بە ئیسلامی سیاسی لە هەموو وڵاتان.

شانبەشانی پێک هێنانی دۆزخێک لە ئیران بۆ خەڵکەکەی (بەتایبەت گەلانی ستەم لێکراوی وەک کورد و بەلووچ و عەرەب و...) و ستەمێکی نائینسانی دژ بە نیوەی کۆمەڵ (ژن)، دەیان و سەدان موفت خۆری جەنایەتکار و وەحشی لە وڵاتانی ئیسلامی وەک تاقم و باندی ئیسلامی و تروریست کۆکردەوە و کەوتە جەنایەت کردن. بۆ ئەمکارەش ئامانجی خۆی «دوور خستنەوەی شەڕ و پەلامار لەسەر خۆی» ڕاگەیاند.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیستە پاش «مەرگی ژینا» ئاخیزێکی گەورە هاتووەتە ئاراوە کە سەرچاوەکەی لە کوردستانەوە رێ کەوتوە. ئاخێزێک کە بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» دەستی پێکرد و نەک هەر ئێرانی گرتەوە، بەڵکە پەلی بە سەر ناوچەکە و جیهان دا کیشاوە. ئەم ئاخێزە کۆمەڵگەی ئیرانی لە قووڵایی دیکتاتۆرییەکی رەش و تەبەهکار هێنایەتەوە بۆ سەردەم و هیوا بە ژیان و شادیی خستووەتە دڵی دانیشتوانیەوە. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی بەشداریی دلێرانە و بوێرانەی لاوان(کچ و کوڕ)ـە لە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی»دا. کە بێ گومان ئەنجامی سەرکەوتن و گۆڕکردنی یەکجاریی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی و دەستەبەرکردنی مافی رەوای خەڵک دەبێ.

ژن ژیان ئازادی

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەمریکا لەبارەی هێرشەکانی ئێران بۆسەر هەرێمی کوردستان: بە توندی سەرکۆنەی دەکەین



رۆژ عەلی زاڵە




کاتی بۆردومانەکەی کۆیە و لۆگۆی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

گوتەبێژی هەرێمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێت کە ئەمریکا "بە توندی سەرکۆنەی" هێرشەکانی ئێران بۆسەر هەرێمی کوردستان دەکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## دەقی هەڤپەیڤینی ڕۆژ عەلی زاڵە و سامویڵ بێرگ

**ڕووداو**: زۆر سوپاس سام کە لەگەڵمانی. ئێمە لە لووتکەی جی ٢٠ ین. دەمەوێت سەرەتا لەبارەی سەردانەکەی سەرۆک بایدن پرسیار بکەم. ئایا پلانی هیچ کۆبوونەوەیەک هەیە لەنێوان سەرۆک بایدن و سەرۆککۆماری تورکیا یان لەگەڵ شازادی جێنشینی سعودیە؟

**سامویڵ بێرگ**: سوپاس بۆ میوانداری؛ سوپاس بۆ ڕووداو، یەکەم شت ئەمڕۆ کۆبوونەوەی دوو قۆڵی نێوان سەرۆک بایدن و هاوتا ئەندەنووسییەکەی هەبوو، هەروەها ئەمڕۆ کۆبوونەوە دەبێت لە نێوان سەرۆک بایدن و هاوتا چینییەکەی. تاوەکو ئێستا وردەکاریی نییە لەبارەی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی زیاتر چاو لەسەر کۆبوونە فرە لایەنەکانە لەگەڵ هەموو وڵاتانی گرووپی ٢٠. ئەگەر کۆبوونەوەی دیکە هەبێت پێشوازی لێدەکەین. بێگومان هاوئاهەنگی باشمان هەیە لەگەڵ زۆربەی وڵاتان لەم گرووپە، بە تایبەت سعودیە. دەزانیت کە پەیوەندییەکانمان مێژوویی و ستراتیژین؛ هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا هەیە کە گرنگە و یەکێکە لە هاوپەیمانەکانمان لە ناتۆ؛ پەیوەندیمان لەگەڵ زۆرینەی وڵاتانی گرووپی ٢٠ هەیە.

**ڕووداو**: باشە. من دەزانم کە ئێمە لە لووتکەی جی ٢٠ ین، بەڵام دەمەوێت چەند پرسیارێکی دیکە لەبارەی چەند بابەتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستت لێبکەم؛ ئێران و هێرشەکانی ئێران کە دەیانکاتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، من دەزانم کە لە ڕابردوودا ئەمریکا ئەمەی پێخۆش نەبووە، بەڵام ئەم هێرشانە هەر بەردەوامن. ئایا ئەمریکا ڕێگە بە ئێران دەدات لە هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام بێت؟

**سامویڵ بێرگ**: بە توندی سەرکۆنەی ئەو هێرشانە دەکەین. دەبێت ئەوە بزانین کە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە و مافی هیچ وڵاتێکی دیکە نییە ئیدی ئەگەر ئێران بێت یان هەر وڵاتێکی دیکە، ئەو جۆرە هێرشانە لەنێو خاکی عێراق ئەنجام بدات. ئێمە لە پەیوەندیدا دەبین لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە حکومەتی ناوەندیی و حکومەتی کوردستان. ئێمە لە پەیوەندی بەردەوامداین لەگەڵ هاوپەیمان و دۆستانمان لەو ناوچە گرنگە. بێگومان ئێمە بە توندی سەرکۆنەی ئەو هێرشانە دەکەین. بەردەوام دەبین لە پێشکێشکردنی هاوکاری پێویست بە دۆستانمان لە عێراق و ناوچەی کوردستان بۆ بەرگریکردن دژی ئەو هێرشانە.

**ڕووداو**: ئێمە بیستوومانە کە ئەمریکا سەرکۆنەی ئەم هێرشانە دەکات، بەڵام پێش ماوەیەک هێرشەکانی ئێران هاووڵاتییەکی ئەمریکییان کوشت. ئەوکات لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووم و پرسەکەم لەوێ لەگەڵ بەرپرسانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەزارەتی دەرەوە باسکرد، بەڵام سەرکۆنەکردن ئێران ناوەستێنێت. ئایا هیچ ئامرازێکی دیکە هەیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا یانیش ئەمریکا خۆی بیری لێبکاتەوە بۆ ئەوەی ئێران بووەستێنیت؟

**سامویێل بێرگ**: بەڵێ، من ناتوانم پێش هەر بڕیار و ڕێوشوێنێک بکەوم، بەڵام میکانیزم و ڕێوشوێنی دیکەمان هەیە، لەوانە سزادان و گوشار دروستکردن لەسەر ئێران؛ هەروەها هاوئاهەنگیکردن کە گرنگترین هەنگاو و هاوئاهەنگییە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان و دۆستانمان لە کوردستان؛ هەروەها لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکەی دراوسێی عێراق، لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت هاوکارییان پێشکێش بکەین بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بپارێزن دژی ئەو هێرشانەی ئێران؛ بەڵێ میکانیزم و ڕێوشوێنی دیکەمان هەیە، بەڵام نامەوێت پێش هەر بڕیار و ڕێوشوێنێک بکەوم کە ئەگەر هەیە لە ئایندەدا بیگرینەبەر .

**ڕووداو**: لە ڕابردوودا هۆکارێک کە خەڵکی وابیریان کردبێتەوە ئەمریکا بەجۆرێک نەرمی بەرامبەر بە ئێران دەنوێنێت، لەبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بووە. ئایا ڕێککەوتنی ئەتۆمی کۆتایی هاتووە؟

**سامویێل بێرگ**: دەبێت سەرەتا شتێک هەیە ڕاستی بکەینەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیوایە یان زۆر باش دەزانێت کە چۆن حکومەتی ئێران، سوپای پاسداران و ڕژێمی ئێران دەست لەکاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێی وەردەدات، هەروەها چۆن حکومەتی ئێران پارەداریی تیرۆر دەکات؛ چۆن ئەو حکومەتە هاووڵاتییانی سەرکوت دەکات. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیوایە هەموو ئەم دۆسییانە و ئەو ئاڵنگاریانە لەلایەن ئێرانەوە خراپتر دەبن ئەگەر حکومەتی ئێران چەکی ئەتۆمی هەبێت. بۆیە ئەو بیرۆکەیە و هەڵوێستێک لەلایەن ئەمریکاوە نییە کە بڵێت بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەین. نەخێر، ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیانەوێت ڕێگری بکەن لە ئێران بۆ گەیشتن بەهەموو جۆرە توانایەکی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، لەبەر ئەوەی ئەوکات سەرجەم ئەو ئاڵنگاریانە قورستر دەبن .

**ڕووداو**: خۆپیشاندانەکان.. من تێدەگەم کە تۆ باسی چی دەکەیت. حکومەتی ئێران ئەگەر چەکی ئەتۆمی هەبێت، شتەکان بەرەو خراپتر دەچن، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژە ئێمە خۆپیشاندانەکان لە ئێران دەبینین و خۆپیشاندەران داوای گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران دەکەن. ئێستا، ئەمریکا پاڵپشتی لە گۆڕینی دەسەڵات لە ئێران ناکات و تاوەکو ئێستا پاڵپشتی لێنەکردووە. ئەو دوودڵییە لەچیدایە، ئەگەر خەڵکی ئێران خۆیان داوای گۆڕینی دەسەڵات بکەن؟ بۆچی ئەمریکا ناتوانێت پاڵپشتی لە خەڵکی ئێران بکات سەبارەت بەو شتەی کە داوای دەکەن؟

**سامویێل بێرگ**: بەلای ئەمریکاوە چارەسەرەکە گۆڕینی ڕژێمی ئێران یان نەگۆڕینی نییە. ئەم پرسە دەبێت لەدەستی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانییەکاندا بێت. دواجار پێویستە ئێرانییەکان خۆیان بڕیار بدەن کێ نوێنەرایەتییان دەکات و کێ لە حکومەتدا دەبێت و کێ ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبات، نەوەک ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە؛ بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان پاڵپشتی مافی خۆپیشاندەران دەکات بۆ بەرزکرنەوەی دەنگیان یان گردبوونەوە لە شەقام و داواکردنی حکومەتێک لەپێناو مافی مرۆڤ و هەموو مافەکانی دیکە.

**ڕووداو:** لەو بارەدا، ئەگەر خەڵکی ئێران بەدیاریکراوی داوای گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە یانیش کۆتاپێهێنانی ئەم دەسەڵاتە بکەن کە ئێستا داوای ئەمە دەکەن، کەواتە ئەمریکا پاڵپشتی لەو داوایە دەکات؟ ئەگەر تۆ بڵێیت گەلی ئێران دەبێت بڕیار لەوە بدات کە دەبێت کێ کاروبایان بەڕێوەببات، خەڵکی ئێران ئێستا دیاریکراوی داوای گۆڕینی دەسەڵات دەکەن.

**سامویێل بێرگ:** بەڵێ، جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان داوای گۆڕینی ڕژێم بکات یان ویلایەتە یەکگرتووەکان پاڵپشتی گەلی ئێران بکات. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی گەلی ئێران دەکات لەو خۆپێشاندانە یان هەر خۆپێشاندانێکی دیکە. گەلی ئێران شایستەی مافی خۆیەتی. بۆیە ئەمریکا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە بۆیان نییە کە چارەسەرێک یان هەڵوێستێکیان بەسەردا بسەپێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئاوڕدانەوەیەک لە دوو مانگ شۆڕشی ژینا



عەبدوڵڵا عەبدالی

ئاوڕدانەوەیەک لە دوو مانگ شۆڕشی ژینا و لە سەر شەقام بوونی گەلانی ئێران،بە تایبەتیش کورد و بەلوچ!دیارە کورد و بەلوچ حەقی ڕەوای خۆیانە کە بە گوڕ و تین و شەوقی زیاترەوە بۆ نەمانی حکومەتی پەتو سێدارەو تڕۆرپەروەری ئاخوندی لە مەیدانی بەرخۆدان دا بن.چون ئەو دوو نەتەوەیە جیا لە زەختو زۆریو خەفەقان،چەند قات سەتەمی نەتەواییەتیشیان لێ دەکرێت.بەڵام مادام گەلانی ئێران بۆ ڕوخانی دەسەڵات لە تاران و نەهێشتنی حوکمی دیکتاتۆریەت و ئەو دەسەڵاتە هاوبەشن،حەق وایە نەتەوەی باڵادەستیش بە قەرای وان لە مەیدان دابێ.نەک بە خوێن و فرمێسک و لەسەر پستی وان بە گۆڕینی دەسەڵات بگات.نفوزی خەڵکی تاران کە پایتەختی وڵاتە و گوڕینی هەر دەسەڵات و حکومەتێکی دیکتاتۆڕ و سەرەڕۆش چەخماخەی پایتەخە،بە قەرای هەمووی کورد و بەلوچە کە ١٦ میلیۆنە!.بەڵام دەبینین تا ئێستاش خۆ پێشاندانەکانی نەگەیشتۆتە زیاتر لە سێ هەزار کەس!جیا لەوەش تەنانەت ئەو شەهید و بریندارى کە داویشیەتی کورد بوون!

نەتەوەی باڵا دەست لێرەش تەنانەت بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە کورد لەفێڵە!.



https://serchawe.com

ئەوەی کە ئەورۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ئالاو درووشمە نەتەوەییەکانی کورد دڵخۆشەو پشتیوانی دەکات،باش لەوە تێگەیشتووە کە کیژو لاوی کورد لە شەقام و بۆ نەمانی حکومەت چی دەوێ!

جا کەوابوو نابێ بەو ڕەبییە بیپێوێ و بەسەر پشتی کوردا بۆ نەمانی حکومەت و گەیشتن بە دەسەڵات سەرکەوێ!

ئەزموونی باشووری کوردستان بەڵگەو دەلیلی ئەو ڕاستییەن و دیتمان و دەبینین کە چۆن بۆ پەلامار و نەهێشتنی ئەو هەرێمە خۆیان تاقی دەکەنەوە و تەنانەت دەیانهەوێت لە هەموو مافەدەستوریەکانیش کە بە ویستی خۆیان بۆ کورد دیاری کراوە پاشگەز ببنەوە!

ئەورۆ ڕێکەوتی ١٤ - ١١ - ٢٠٢٢ کە جارێکی تر حکومەتی دژە مرۆڤ و ترۆر پەروەری تاران لە ڕێگای درۆن و مووشەکەوە پەلاماری حیزبە ڕۆژهەلاتیەکان و پێشێلکردنی ڕێوڕێساکانی نێودەوڵەتی و بەزاندنی خاکی ئێراق و هەرێمی کوردستانی داوە،.حەق وایە هەموو ئەحزاب و ڕێکخراوە ئێرانیەکان ،بۆ پشتیوانی و ڕسواکردنی ئەو کارە خۆپێشاندان بکەن و لە هەموو وڵاتەکان برژێنە سەر شەقام.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# با جاشەکان زیاتر ریسوا بکەین. (جاشی چەکدار، جاش قەڵەمەکانی سەر بە رژێم، جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر قادری پاوە)




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

دوای سەرهەڵدان و ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان و ئێران بۆ ئازادی و دابین کردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان و وەدیهێنانی ویست و داخوازی‌یەکانیان، ڕژێمی نەگریسی ئاخوندی بە هەموو هێز و توانایەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی ڕاپەریوی کوردستان و بلوچستان و پارێزگاکانی دیکەی ئێران هاتوتە مەیدان و تا ئێرە نەیتوانیوە ئەم شۆڕشە مەزنە کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکردووە سەرکوت بکا و بێشک لە داهاتووشدا ناتوانێ سەرکوتی بکا.

ئەوەی مەبەستی ئەم کورتە نووسینەیە ئەوەیە کە کوردستان تاکوو ئێستا ٦٧ شەهیدی بۆ ئازادی داوە و زۆربەی شەهیدەکانیش بە دەستی جاش و خۆفرۆش و بەکرێگیراوانی سەر بە رژێم شەهید بوون.

نوێترین ڕاپەرین و بە گژ داچوونەوەی ئەمجارە شارەدێی بێورانی خوارێ مەکۆی شۆرشگێرانی کورد و مەکۆی شەهیدان بوو کە گەنجێکی کورد بە ناوی هێمن حەمزە ئەحمەدی شەهید دەبێ و خوشکی ئەم شەهیدە بە توندی بریندار دەبێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خرۆشانی ئەمجارەی بێوران نیشانەی سەرهەڵدانێکی کاتی نییە بەڵکوو ڕاپەرینێکی جەماوەرییە و هەر بۆیە لە پرسەی شەهید هێمن دا بە هەزاران کەس لە مەکۆی قارەمانییەتی شارەدێی بێوران کۆدەبنەوە و بە گەنجانی بێوران بە درووشمگەلی جۆراوجۆر لەرزەیان وە ڕژێم خستووە.

..............................................

### جاشە چەکدارەکانی ڕژێم

جاشەکان ئەوانەی کە ٤٣ ساڵە بە هەموو شێوەیەک بۆ مانەوەی خۆیان دەستیان لە هیچ جینایەت و خۆفرۆشییەک نەپاراستوە، دەیان ساڵە بە هەڵگرتنی چەکی جاشییەتی لاوانی کورد ڕاپێچی زیندان و گرتووخانە دەکەن و ئێستاش بۆ مانەوەیان خۆیان، لە چەکی جاشییەتی بۆ ترساندن و بۆ شەهید کردنی کیژ و کوڕ و لاوانی کوردستان کەڵک وەر دەگرن.
جاشە چەکدارەکان بۆ خەڵکی کوردستان ناسراون و درەنگ یا زوو بە سزای خۆیان دەگەن و خەڵکی کوردستان ناهێڵن لە ئازادی کوردستان دا هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشن.

### جاش قەڵەمەکان

جاش قەڵەمەکان، ئەوانەی کە بە نووسینی چەواشەکارانە و بە نووسینی بەرئاوەژوو، مێژووی کوردستان و ڕاستی‌یەکان چەواشە دەکەن، ئەو جۆرە جاشانە چییان لە جاشە چەکدارەکان کەمتر نییە، بەڵکوو ئەوانە زیاتر و توندتریش دەبێ سزا بدرێن، ئەوان کاریان ئەوەیە کە بە نووسینەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا مێشکی لاوانی کورد بشۆرنەوە و لە شۆڕش و کوردایەتی دووریان بکەنەوە و بە ڕەشنووس و وتاری دوور لە ڕاستی، گەورەیی و مەزنی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد چووک نیشان بدەن.

### جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر پاوەیی

جاش مەلاکانی پشت مەنبەری مزگەوتەکان مەلا قادر قادری پاوەیی و مەلاکانی لە چەشنی مەلا قادر، ئەوانە دەستەیەکی بێزراون لە کۆمەڵگای کوردستان دا کە بە پووڵ و پارە و سەروەتی ڕژێم بە خوتبەی درۆ و بە قسە و گوتاری ناڕاست، بەشێک لە خەڵکیان بە خۆیان و درۆیەکانەوە سەرقاڵ کردووە و لە ژێر ناوی حەدیس و خوتبە و ئیسلامدا نۆکەری و جاشییەتی بۆ ڕژێم دەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم سێ جۆرە جاشانە پێویستە کە هەر لە ئێستاوە خەڵکی کوردستان سزایان بدەن، جاشە چەکدارەکان وەک خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵ بکەیین واتە بە لێدان و بە سوتاندنی مڵک و ماڵ و سەروەتیان ژیانیان لە تاڵ بکەین و شار بەدەریان بکەین.

جاش قەڵەمەکانیش بە هەموو شێویەک لە کۆمەلگا دا لەوە زیاتر بێزراو بکەین و هەوڵ بدەین کە زیاتر ریسوایان بکەین و نەهێڵین کە مێژووی کورد و کوردستان و بزووتنەوەی کورد بە لاڕێ دابەرن و بە هیچ شێوەیەک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان دا بەشداری نەکەین و نووسراوەکانیان لە زبڵدانی بەر ماڵی خۆیان فڕێ بدەین.

جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر پاوەیی پێویستە کە لە مزگەوتەکان دا بە تەنیا بەجێیان بهێڵین و خەڵک لە دەوریان کۆنبنەوە و لە پشت جاش مەلاکان رانەوەستن، خەڵکی کوردستان دەتوانێ بە بێ ئەوەی لە جومعە و جەماعەتدا بەشدار بن لە ماڵەکانی خۆیان نوێژ و عیبادەتی خۆیان بکەن و چیدی نەبنە گوێرایڵی جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر پاوەیی، بەم چەشنە هەمووەمان دەتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا بە سەر هەموو ئەوانە دا سەر بکەوین.

بێشک گەنجانی کورد و نەوەی ئەمرۆ چاوکراوەن و بە لێزانی و شارەزایی خۆیان بە گژ هەر سێ جۆرە جاشەکاندا دەچنەوە. سەردەم سەردەمی ڕاپەرین و هەستانەوەی گەلەکەمانە و یەکریزی و یەکدەنگی هەوێنی سەرکەوتنمانە.

ڕژێمی ئێران درەنگ یا زوو دەروخێ و ئەوانەش کە پشتیان لەگەلی خۆیان کردووە درەنگ یا زوو سزا دەدرێن.

بژی کورد و کوردستان

رووحی شەهیدانمان شاد

ڕووڕەشی بۆ کۆماری پەت و سێدارەی ئێران و جاش و خۆفرۆشان

١٤ - ١١ - ٢٠٢٢ی زائینی

حەمەڕەسووڵ کەریمی

....................................

جاش قەڵەم

دوو ڕێیانە و نابێ بە سێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێشمەرگە و جاش....

شێعری مەرد و شێعری نامەرد..

شێعر دەبێ....

حیلەی ئەسپێکی ڕەسەن بێ

شێعرێ بژی و

بۆن و بەرامەی قەڵەمی ڕاستی لێ بێ...

شێعرێ نەبێ بە مەفرەزەی حەرف و وشە و

هەڵنەکاتە سەر مۆڵگەکانی "جاش قەڵەم"

شێعر نیە

شێرکۆ بێکەس

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سیاست هونەری مومکین و....




**برایم جەهانگیری**

لە ئێستا دا کوردستان یەکپارچە باوەڕە، باوەڕێکی ئاگرین کڵپەی سەندووەو لە هەموو شار و گوندێکەوە بلێسەی بەتینە، حیزب و پێشمەرگە هەر وەتر، بەڵام ئەو قۆناغە تەنیا بە ژیری و بە وردبینی سیاسیی تێپەڕ دەبێ، رێژیم تا بینەقاقا لە زەلکاوێک ڕۆچووە کە هاتنە دەری مووکین نیە، هەر جوڵەیەکیش کە دەیکا هێندەی دیکە لەو زەلکاوە ڕۆ دەچێ، لەم کات و دەمە دا هەڵوێست و کردەی هەڵە دەتوانێ یاریدەدەری ئەو رێژیمە بێ کە پێیەکی لەسەر لێواری هەڵدێری مێژووە!

ناکرێ هەتا ئەو رێژیمە حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی وەبەر مووشەکان دا سیاسی کورد و چالاکی سیاسیی کورد دەس بەجێ تووڕەیی بەسەری دا زاڵ بێ و ڕاست ئەوەی بوێ کە ڕێژیم لە خودای دەوێ، وڵامی هێرش و ترۆر چەک و هەموو کاتێ بەگژداهاتنەوەی چەکداری نیە! ئەویش لەو کاتە هەستیارە دا، جواب نەدانەوەی ئەو مووشەکبارانە بەکرداری سەربازی و تۆڵە کردنەوە لە لایەن حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان ئەوپەڕی وشیاری و ئەوپەڕی وردبینی سیاسیی و خوێندنەوەی دروستی نیازو مەبەستەکانی ڕێژیمی فاشیستی ئێرانە،

ئەو رێژیمە دوو مەبەستی لەو مووشەک بارانە هەیە یەکەم گوشار خستنە سەر حکوومەتی هەرێم بۆ دەرکردنی حیزبەکان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ئەوە کوردی ئەو دووبەشە کە لەوەتا مێژوو هەیە هاوچارەنووسە پشتیوانی یەکتریش بوون لێک بکاتە دوژمن، دووهەم مەبەستی کاردانەوەی سەربازییە لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

دیارە ڕەنگە ئەو مووشەک بارانە هەر بەوەندە نەوەستێ و درێژەی هەبێ و ڕەنگە کاتێ بینی حیزب وەڵامی سەربازی ناداتەوە ئەوجار گێچەڵ بە حکوومەتی هەرێم بفرۆشێ ئاخر ئەوەی شارەزای ئەو ڕێژیمە بێ هەمیشە کە دووچاری قەیران بووە لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆی قەیرانێکی ساز کردووە تا زوومی مێدیا و سۆشیال مێدیا لەسەر ناوخۆی ئێران وکێشە بێ ئەژمارەکانی ئەو ڕێژیمە لا بچن و بخرێتە سەر ئەو قەیران و پیلانگێڕانەی کە زۆر جاران قوربانیەکانی خەلکی فەلەستین ولوبنان بوون، بەڵام ئیدی ئەوانیش تازە باوەڕیان بەو نیزامە وبە مانەوەی نەماوە بۆیە بەدەنگیەوە نایەن. کە ڕێژیمیش ئەمە دەبینێ ئەوجار خۆی ناچارە دەست بکا بە پیلانگێڕی. هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەوەێ ئەو ڕێژیمە دەیکا جگە لە پیلانگێڕی هیچی دیکە نیە ومەبەستی زەبری سەربازی نییە و دەشزانێ تا ئەو هێرش بکاتە سەرئەو حیزبانە ئەوان لە لای خەڵک خۆشەویستر و پێگەی جەماوەریان بەهێزتر دەبێ بەڵام ئەو ئەمەی وەلا ناوە لەو هەلومەرجەی ئەستەمەی تێی کەوتووە لەترسی خنکان دەست بە هەموو چڵە پووشێکەوە دەگرێ.

سیاسەت ئەگەر وەک هیچ یاریەک بچێ دەکرێ بە شەترەنجی بشوبهێنین، شا بەو هەمووە قودرەت و هێز و سپایەوە ڕەنگە لە سووچێکەوە بە دوو سەرباز مات بێ. ناوەندی هاوکاری بۆتە جقلێ چاوی ڕێژیم، کورد کاناڵ جەرگی سمییەوە، ئێدی شەقامیش ئەوە دیارە مەلا ناوێرێ بە مەندیل و شاقەلەوە دوو شەقاو بە ئاسوودەیی بەهیچ کۆڵان وشەقامێکی ئێرانی دا تێپەڕێ.

پەلەی مەکەن چون:

مەرگی داگیرکەر نزیکە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕوخانی کۆماری ئیسلامی هەم مومکینە و هەم خوازراو و مەتلوب!




**سایتی پەیام**

لەگەڵ تێپەڕ بوونی نزیک بە دوومانگ لە ئاخێزی جەماوەری لە ئێران بە مێحوەریەتی کۆمەڵێک دروشم لە پەیوەند لەگەڵ روخانی کۆماری ئیسلامی، محەممەد خاتەمی، سەرۆک کۆماری پێشوی ڕژیمی ئیسلامی ئێران، لە دیدارێک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هۆگرانی مەسەلەکانی مەربووت بە سیستان و بەلوچستان وتی: "بەرئەندازی نە مومکینە و نە مەتلوب، بەڵام درێژەی بارودۆخی ئێستاش سات بەسات بوارەکانی دارمانی کۆمەڵایەتی بەرین تر دەکاتەوە." ئەو هەروەها وتی کە بە بڕوای ئەو "پڕقازانج ترین خودی ئیسلاحی نیزامە لە پێکهاتە و ئاڕاستەیدا."

ماوەی هەشت ساڵ ڕیفۆڕمخوازانی حکومەتی بە سەرۆکایەتی محەممەد خاتەمی بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ئامانجە لە دەسەڵاتدا بوون. دوای ئەم ماوە زۆرە خاتەمی خۆی ئیعتیڕافی کرد کە بە کردەوە هیچکارە بووە و وەک تەداروکاتچی باڵی ڕاستی ڕژیم کاری کردوە، تا ئەو جێگایەی دواتر خۆی ڕایگەیاند کە ئەو ئیتر ڕێبەری ئیسلاح خوازەکان نییە. ڕیفۆڕمخوازە حکومەتیەکان قەت نەیاتوانی ڕێکارێک پێشکەش بکەن و بڵێن کە چۆن دەیانەوێ ئەم نیزامە ئیسلاح بکەن.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حکومەتی ئیسلامی شیاوی ئیسلاح کردن نییە و بە ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێران ئەمەیان لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردودا بە گیان و ژیانی خۆیان ئەزمون کردوە. بە پێچەوانەی قسەکانی خاتەمی روخانی کۆماری ئیسلامی پێش مەرجی گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەرییە و بە ملیۆن خەڵکی ئێرانیش ئەم ڕێگایە بە مومکین و مەتلوب و پێویست



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەزانن.

روخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی سیاسی کە ئازادی، بەرابەری، ڕیفاه و شادی خەڵک دابین بکات، داخوازی بە ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێرانە. دوو مانگ لە دەرێژەی خۆپیشاندان، نارەزایەتی و مانگرتن ئەم داخوازیە گشتیەی نە تەنیا لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا، بەڵکو لە ئاستی دنیاشدا گەیاندۆتە بەرگوێی چەند ملیارد کەس.

دوو مانگە ژنان و پیاوان و لاوانی بوێر و جەسور سینگیان کردۆتە سپەر لەبەرابەر فیشەکی جەنگی حکومەتی ئیسلامیدا و بۆ ساتێکیش هەدانادەن. زیاتر لە ۳۲٦ کەس گیانیان بەخت کردوە، بە هەزاران کەس بریندار و زیاتر لە ۱۵ هەزار کەس دەستبەسەر و زیندانی کراون و لەژێر وەحشیانەترین ئەشکەنجەکاندان و هێندێکیان حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

لەم دوو مانگە و لە نزیک بە دوو دەیەی ڕابردودا ئیسلاح خوازانی حکومەتی هەرچی لە توانایاندا هەبووە بۆ مانەوەی ڕژیمی ئیسلامی کردویانە. لە بەرانبەر جەنایەتەکانی ڕژیمدا بە تەواوی بێدەنگ بوون و کاتێکیش لە قۆناغێکی وەک ئەمرۆدا دەمیان کردۆتەوە، دەستیانداوەتە داشکاندنی داخوازیەکانی خەڵک و وەک ڕاوێژکارانی نیزامی حاکم مەوجودیەتی بێنرخی خۆیان لە کەناری دەسەڵاتدا درێژە پێداوە. بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چوونە نێو ڕیزی خەڵکی ڕاپەڕیو دەستیانداوەتە ڕەخنە گرتنی بێ ناوەرۆک و رووکەش لە حاکمیەت. ئەوان بە هەزاران زمان بە کاکڵی سەختی دەسەڵات لە دەزگای کۆماری ئیسلامیدا دەڵێن کە ئێستا کاتی ئەوەیە زەرفیەتەکان بۆ مانەوەی نیزام بەکار بێنن. بەڵام ئەم ڕەوتە ئیتر لەنێو خەڵکدا پێگەیەکی نییە و وتەبێژەکانی زیاتر لە هەمیشە پەراوێز کەوتون. ئەوان بە ترساندنی هاوکاتی خەڵک و ڕژیم لە شۆڕش ڕێگای ئیسلاحی ڕژیم لە ڕێگای خودی ڕژیمەوە دەخەنە بەردەم هەردولا.

بەڵام ئەم جۆرە هەوڵانە بێ فایدەیە. خەبات بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایە چۆتە پێشەوە کە ئەم ڕژیمە تەنانەت ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی بەر لە دوو مانگ لەوە پێشی. ئاخێزی شۆڕشگێرانەی خەڵکی وەگیان هاتوو لە کۆتاییدا ئەم ئاخرین حکومەتی ئیسلامیە لە ئێران دەخاتە زبڵدانی مێژووەوە و شەیادەکانی وەک ئیسلاح خوازانی حکومەتی کە هەوڵ ئەدەن ڕژیم لەم قەیرانە دەرباز بکەن ریسوا دەکات.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ۱۵ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# سەردەمی بێغیرەتی!



**د.هەژار عوسمان مەعروف**

ڕوداوی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە ژێر ئەشکەنجەی پۆلیسی ڕەوشتی ڕژێمی ئێران لە تاران لە ڕۆژی ١٦ی ٩ی ٢٠٢٢ بوبە ئەو کلپەئاگرەی کوردستان و بلوچستان و هەمو شارە گەورەکانی ئێرانی گرتەوە. ئەم ڕوداوە هەمو دنیای بە جۆرێک جولاند کە لە پایتەختەکانی ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا لە چەند ملیۆنێک زیاتر مرۆڤی هێنایە سەر شەقامەکان کە هەمویان بە یەک دەنگ دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی شەقامەکانیان دروشمباران دەکرد و داوای ڕوخاندنی ئەو ڕژێمەیان دەکرد. ژینا ئەمینی چوە مێژوی هەمو جیهانەوە و ئێستا لە ویکیپیدیا و گوگل بە هەمو زمانکانی دنیا باسی لێدەکرێ. ڕۆحی نارەزایەتیەکانی کوردستان دژی ڕژێمی ئێران چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردە لەو ولاتەدا و چەوساندنەوەیەتی بە دڕندانە ترین شێوە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابوردوی تەمەنی ئەم ڕژێمە.

چارەنوسی هەر بەشێکی کوردستانی گەورە بەندە بە بارودۆخی بەشەکانی ترەوە. لە سلێمانی خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە دژی ڕژێمی ئێران بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوتکرا، لە هەولێر و دهۆک پارتی نەیهێشت کەس فزەی لێوە بێت. هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستانتا ئیمڕۆ ١٥ی ١١ی ٢٠٢٢ بەیانێکی فەرمیان بلاونەکردوە بەلای کەمەوە لە سەر کوشت و بڕەکان و زیندانی و ئەشکەنجەدانی پتر لە چەند هەزار خوشک و برای کوردمان لە ئێران. پاساوی ئەوەی ئێران بە دڕۆن و ساروخەکانی وەلامی هەرێم دەداتەوە و باشوری کوردستان وێران دەکات و حکومەتی هەرێم دەڕوخێنێ پاساوێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لاوازە بەم بەڵگانەی خوارەوە:

* باشوری کوردستان بۆ ئێران کە لە ژێرئـابلوقەی ئـابوریی خنکێنەری ئەوروپـا و ئەمریکـادایە، ئەو گەنجینە بەفەڕەیە کە ساڵانە چەند ملیارد دۆلارێکی لێ دەخوات و نەمانی هەرێم بۆ ئێران زیانی ئابوریی گەورەی پێدەگەیەنێ.

* ئەگەری داگیرکردنی باشوری کوردستان ئەگەرێکی لاوازە بەم بەڵگانە:

١- ئێران دەکەوێتە جۆرێک لە ململانێی سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چونکە ئەمـان بێدەنگ نـابن لەو دەسدرێژیە.

٢- کوردی ناو ئێران و عێراق لە ڕوی سیاسی و سەربازیەوە یەکدەخات بەرامبەر یەک دوژمنی هاوبەش کە ئێرانە.

٣- پەیوەنـدیی ئێـران لە گەڵ حکومەتی عێـراق دەشێوێ و عەرەبـی نەتەوەپەرستی شیعە و سوننە دەکـاتە دوژمنـی خـۆی و وڵاتانی عەرەبی بێدەنگ نابن.

٤- پـێگەی ئێـران لە ئـاستی نێونەتەوەیـیـدا لاوز دەکـات و ئێـران وەک وڵاتێکـی دەسـدرێژیکەر و هـۆی ناسـەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەردەخات و لە بەرامبەردا دوژمنەکانی وەک سعودیە و وڵاتانی تری ناوچەکە بەهێز دەکات.

دەتوانرا بە نـاوی حکومەتی هەرێمەوە بەیانێکی میانەڕەو بەم ناوەڕۆکەی خوارەوە بۆ خامینەئی و سەرۆک کۆمار بنێردرایە و داویان لێبکرایە:

* وەسـتاندنی دەسبەجێی تونـدوتیژیەکان دژی خۆپیشـاندەران و ئـازادکردنی هەمـو ئەوانەی بە هـۆی ئەو خۆپیشـاندانانەوە گیراون و حوکمدراون.

* وەستاندنی دەسبەجێی بۆمبابارانەکانی ئێران بۆ سەر باشوری کوردستان و بنکەی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

* دەسپێکی وتـووێژی فەرمـی لەگەڵ وەفـدێکی پێکهـاتو لە حیزبەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بـۆ چارەسـەری ئـاشتیانە و بنەڕەتیی کێشەی کورد لە ئێران دا.

مامۆستایانی ئاینیی کورد لە ئێران هەڵوێستی جوامێرانەیان پیشاندا، کوا هاوپشتیی ئیسلامی سیاسی (کـۆمەڵ و یەکگرتـو و بزوتنەوە..) و ناسیاسیی وەک سەلەفی و یـا یەکێتیی مامۆستایانی ئـاینیی کوردستان بـۆ هاوئـاین و هاوزمان و هـاومێژو و هاوخاکەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ کوا هاوپشتی و هەڵوێستی ڕەسمیی بزوتنەوەی گۆڕان و حیزبی شیوعیی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان و نەوەی نوێ و.... ؟

وتراوە: سەرمایە و سەرمایەدار ترسنۆکن، هەروەها وتراوە: پرۆلیتاریا لە خەباتیدا هیچی لەدەستناچێ جگە لە کۆت و زنجیرەکانی. توێژی دەسەلاتی کوردی و توێژی موعارەزەی درۆزنانە و بەرتیلخۆری پارتی و یەکێتی، لە سەر حسابی چینە نەدار و هەژارەکانی دانیشتوی هەرێم کە زۆرینە پێکدێنن، سامانێکی ماددیی بێشوماریان کەڵەکە کردوە یا لە بانکەکانی ئەوروپا و هەمو دنیا دایانناوە، نایانەوێ و غیرەتی ئەوەیان نیە نەک هەڵوێستی مەردانە و جوامێرانە بەرامبەر ڕژێمی ئێرانی دەسدرێژیکەر وەربگرن، بەڵکو لایەنی هەرەکەمی بوێریی ئەوەیان تیانیە تەنانەت بەیانێکی دیبلۆماسیی میانەڕەویش دەربکەن چونکە دەترسن لەوەی دۆلارە بێشومارەکانیان لەدەست بدەن و ئەم حوکمە سوڵتانییەیان لەدەست بچێ. با خوێندکارە نازدارە هەژارەکانی زانکۆکانی کوردستانیش هەر خۆپیشاندان بکەن بۆ دەرماڵەیەکی چل هەزار دیناری! دەسەلاتی کوردی و سودوەرگرە ڕەنگاوڕەنگ و هەلپەرستەکانی ئەم دەسەلاتە شکستخواردوە نەک هەر غیرەت بەڵکو شەرم و ئابڕوشی نەماوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە گوگوش تا تۆماج یەک ڕووداو دووئامانج



**ڕیبوار عارف**

شانۆی ڕووداوەکانی ئێران هەر ڕۆژەی داستان و داهێنانێکمان نیشان دەدات، دۆخەکە تەنیا لە فڕێدانی حیجاب و بە ئاسمانا بردنی مەندیلی مەلاکانا نەماوەتەوە، بەڵکو هەر لە مشت خڕەوەکردنی منداڵانی قوتابخانە تا سەرپۆش فڕێدانی ئەو داپیرانەی کە لەبەر بالاچونی تەمەنیان توانای چونە دەرەوەیان نیە، بۆیە هەر لەشوێنی خۆیانەوە بە لابردنی سەرپۆشەکانیان و بڕینی دوو تاڵی قژیان هاودڵی خۆیان بۆ خرۆشانەکانی شەقام دەردەبڕن. هەربۆیە پشتگیری کردن و هاتنەمەیدانی سەدان هونەرمەندو وەرزشکارو نووسەرو مامۆستای زانکۆ و سینەماکارو گۆرانی بێژیش لە گۆڕەپانەکەدا دەبینینەوە کە چۆن پشتگری خۆیان بۆ ڕاپەڕین نیشان دەدەن. لەمبارەوە لیستی ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسایەتیانە دەبینین کە هەندێکیان لە پاڵ شەپۆلەکانی ئەم خرۆشانەدا وێنە دەگرن و هەندێکیشان خۆیان بەشێکن لە ئاگرو بڵێسەی ئەو شۆڕشەی کە بەڕێوەیە. ئێمە لەم ڕۆژانەدا بینەری ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسایەتیانەین، کە لێرەدا تەنیا چەند کەسێکیان ئاماژە پێدەکەین. سەرەتا بۆ خۆجیاکردنەوە لەو تێڕوانینەی کە پێوایە هونەرمەندی باشو سەرکەوتوو تەنیا کەسانێکن کە لەگەڵ شۆڕشدا هەنگاو دەنێن دەبێت تۆی هونەرمەند لە قۆناغ بە قۆناغی ڕووداو پێشڕەویەکاندا جێگەورێگەت دیارو دەرکەوتوویێت، من هیچ بەهایەک بۆ ئەم تێڕوانین و چاوەڕوانیانە قایل نیم؛ چونکە دەکرێت هونەرمەندی سەرکەوتوش بیتو هیچ بەشداریو پشتگریەکیشت لەو شۆڕشە نەکردبێت، دواجار دەکرێ تۆی هونەرمەند وەک دیوێکی کارە هونەریەکەت چێژو شادیو دڵخۆشیەک بدەیت بە دەوروبەرەکەت کە ئیلزامەن بە فیلتەری هیچ شۆڕش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆرشگێریەتیەکدا تێپەڕنەبێت. بەڵام کاتێک کە هونەرمەندێک جوڵەیەک دەکات و ئەوە نیشان دەدات کە پشتگری لەو خرۆشان و ڕاپەینە دەکات ئیتر باسەکە دێتەسەر ئامانجێک کە تۆی هونەرمەند لەو پشتگیری کردنەدا نیشانی دەدەیت. باشترە لەمبارەوە سەرنجی یەک دوو نموونە بدەین. گوگوش یەکێک لەو گۆرانی بێژانەی حەفتاو هەشتاکانە کە بە دەنگی خۆش و جوڵەی جوان و توانای هونەری لە یادگەی زۆرێکماندا بەهێزو پڕە لە چێژوەرگرتنو ئێستەشی لەگەڵدابێت زۆرێکمان کە گوێبیستی گۆرانیەکانی دەبین باڵ دەگرینەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بەو بەرهەمە ئاشنابووین. بەڵام با بزانین کە گوگوش لەمدوایانەدا چۆن بۆ "پشتیری کردن" لەم ڕاپەینە دەرکەوت. یەکەم جار چەند هەفتەیەک لەمەوبەربوو لە کاتێکدا لە بەرنامەیەکی تەلفزیۆنیدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دەکرێت لەپڕ گرتەیەکی مەهسا ئەمینی پیشان دەدەن کە گۆرانیەکی ئەو دەڵێتەوە، ئەویش وەک پەرچەکردارێک بە سەرسامیەوە دەڵێ من ئەمەم نەزایوە کە ئەم کچە جوانە مەهسا گۆرانیەکی من دەڵیتەوە، وای کەدڵم تەنگ بوو، هاوکات پەنجەکانی درێژدەکات بۆ سڕینەوەی فرمێسکەکانی. با لێرەدا لەوەیانگەڕێین کە ئایا گوگوش بۆ گیان لەدەستدانی مەهسا دەگری یان بۆ غوربەت و ئاوارەیی و دەورانی ڕەونەقی هونەری خۆی. دواتر لەم ڕۆژانەدا کە هێشتا شەقام جمەی دێتو لیستی ژمارەی قوربانیەکان لە هەڵکشاندایە، گوگوش کۆنسێرتێک ڕێکدەخات و چەند گۆرانیەکی شادی خۆی دەڵێتەوە، کە سەرباری وتنەوەی یەک دوو شیعار، بەڵام دواتر خەڵکانێکی بەشداربوو بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن (بێشەرەف بێشەرەف). لێرەدا ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی ئەو دەنگ و تووڕەیە نەشازبوو یان گۆرانی کۆنسێرتەکەی گوگوش؟! ئەوەی جێگەی چاوەروانی هەر ئینسانێکە لەم دۆخە شۆڕشگێڕانەی کە کۆمەڵگای ئێران دەکولێت هەموو وێنەکانی ژیانی ڕۆژانە لەوەدا دەبینرێتەوە کە چۆن هەر جوڵەیەک بەدوای بەهێزکردنی شەقامەوەیە لەم قۆناغە ناجێگیرو پرتاوەدا. بۆیە دەبێت لەخۆمان بپرسین کە ئایا چ شتێک ئەوەندە ئاسایی بووتەوە لە ئێراندا کە تۆ قایشی لێبکەیتەوەو پاش ساڵەها بێدەنگی لە ئەنجامدانی کۆنسێرت، ئایا لەئێستەدا چۆنە بەوشیوە دەردەکەویتەوە بەبێ ئەوەی هیچ تێکستێکی گۆرانیەکانت یان تەنیا یەک بەرهەمیشیان پەیوەندیەکی هەبێت بەم قۆناغە شۆڕشگێرانەی ئێستەی ئیرانەوە. کەتیدا تۆ گۆرانی ئاسای بۆ ئەم دۆخە نائاساییە دەڵیتەوە؟! ئایا هەر بەڕاستی ئەمە بانگەوازی ئاسایی بونەوەی دۆخەکەو چونەماڵەوەو پشتسەرنانی ئەم قۆناغە شۆڕشگێرانەیە یان بەجۆرێکی تر بڵێن بازاڕگەرمی و نمایشکردن و سوئیستفادە کردنە لەو دۆخەی کە هەموو چاوەکان غەرقو ئاوێزانی ڕووداوەکانی ئێران بوون کە تۆ تیدا بە دوو جار وتنەوەی شیعارێک کەهێچ پەیوەندیەکی بە کۆنسێرتەکەی تۆوە نەبووە دەتەوێت ماسی لە ئاوی لیغندا بگرێت و لەم دنیا جەنجال و پڕ چاوەروانی قوربانیدانەدا بە گۆرانیەکانت سەرمەستمان بکەیت؟! بەڵێ هەندێک لەو هونەرمەندانەی کە لەم بارودۆخەدا کە کۆنسێرت دەگێرن، ئەگەر فەرزەکەمان ئەوەش نەبێت کە داهاتی ئەو کۆنسێرتەکە بۆ خێزانی قوبانیانی نێو خرۆشانەکان دەڕوات، ئەوا جێگەی خۆیەتی ئەو چاوەڕوانیە هەبێت کە گۆڕانیەکان ئاوێزانی لێدانی ترپەی دڵی ئەو ڕاپەڕینە بن کە دنیای بەدوای خۆیدا پەلکیش کردوە. بۆیە کاتێک بەهیچ شێوەیەک ڕەنگوبۆیەکی ئەو بارودۆخە نابینینەوە هاواری بێشەرەف بێشەرەف دەکەنە میداڵی گەردنی ئەم گۆرانی بێژەی کەبریا هەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێدەنگ بوایە. ڕەنگە خراپ نەبێت نموونەیەکی تر نیشان بدەین، کە ئەویش سەبارەت بە دەرکەوتنەکەی ئەم دوایانەی (عەدنان کریم)ی هونەرمەندە کە بەداخەوە بە هەمان تونێلدا تێپەڕی؛ دیسان دەیڵێمەوە هەموو توانا هونەریەکانی عەدنان کریم لە شوێنی خۆی، بەڵام کاتێک کە بۆ پشتگیری کردن لەو ڕاپەینە بە خۆی و عودەکەیەوە لە هۆڵێ ماڵەکەی خۆیدا بەپەلە بەرهەمێک هەڵدەپروسکێنت و تێکستکی٥٠ ساڵ لەمەوبەری هێمنی شاعیر دێنێت و دەیکات بەبەری ئەم ڕووداوانەدا بە هەمان شێوە جێگەی خۆیەتی کەبڵێین شەلا بێدەنگ بویتایە! ئاخەر تۆیەک کە لە زەمەنی کاری هونەریدا لە هیچ ڕووداوێکی شۆڕشگێرانەو نازەزایەتیەکی شەقام و کوشتاری خۆپیشاندەران و زیندان کردنیان سوکایەتی پێکردن بە مامۆستایان و ژنان و خۆپیشاندەران ڕاینەچڵەکاندبی و لە کونە دەرزیەکیشەوە پشتگیریەکت لەو خەڵکە نەکردبێت، دەتەوەوێت بەم بەرهەمە کار بەرێکەرەت چی بڵێت زیاتر لەوەی کە بتەوێت لە " کاروان جێنەمێنیت"، کە بەبڕوای من بەبێ ئەم کارەش ڕەنگە کەسێک گلەیەکی نەبوایە لەو گۆرانی بێژەی کە سی ساڵە هیچی نەوتووە، بۆیە بریا هەر بێدەنگ بوویتایە. توماجی هونەرمەندی شۆرشگێر لە کویێ ئەم هاوکشیەدا وەستاوە! تۆماج سالحی گەنجێکی نارازی وشیار لەم سالانەی دوایدا بووەتە ئەو دەنگە دلێرو چاونەترسەی کە لەراستیدا تەنیا وەک هونەرمەندێکی دیاری دەرنەکەوتووە، بەڵکو بەکردەوە بووە یەکێک لە رابەرانی خرۆشانەکانی کۆمەڵگای ئێران کە لە دواین چاوپێکەوتنیدا دەڵێ ... بەڕۆشنی دەتوانین سەرکەوتنی خەڵک ببینین، هەمیشە هەروابووە، بەدرێژای مێژوو دکتاتۆر هەرگیز نەیتوانیوە بۆ هەمیشە بەردەوام بن، بەتایبەت لە وەها بارودۆخێکدا ئەم گرتن و لێدانان و کوشتارانە فایدەی نیە، بارۆدۆخەکە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە، ئازادی گرانە، بەڵێ باشە گرانە بەڵام ڕۆژی خۆی دەگات یەک بەیەکی تاوانباران دادگای بکرێن... سبەینێ خوێنکاران لەهەموو زانکۆکاندا بانگەواز دەکەن دێنە مەیدان، خوێنکاران رابەری ئەم جوڵانەوەن... دواجار دەڵێ ئێمە بۆئەوە نەهاتووینەتە دنیاوە کەبخۆێن و بخەوین تا ڕۆژی دواتر، ئێمە هاتووینەتە دنیاوە بۆ ئەوەی لە هەر فرسەتێک لەزەت ببەین دنیایەکی جوان بنیادبنێین ئارەزوی من ئەوەیە کە دنیایەکی جوان و شایستە بنێادبنێین... تۆماج لەکاتیکدا ئەم قسانە دەکات کە پێشتر سێ جار لەسەر بەرهەمەکانی گیراوە کە بەگشتی گۆرانیەکانی باس لە هەژاری، بێکاری، لە ئازادی، لە ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێش، لەسەرکوتی سیاسی و لەستەم و نابەرابەری و چەوسانەوە دەکات...
تۆماج جارێکی تر هێزە سەرکوتگەرەکانی حکومەتی جمهوری ئیسلامی دەستگیری دەکەنەوە کە تائیستە لە زیندانایە بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەک هەبێت لەسەر ژیانوچارەنووسی. هەڵبەتە تۆماج تەنیا ڕاپەری دیارو شۆرشگیری ئەم رۆژانەی ئیران نیە، بەلکو لە راستیدا لە ئاستێکی تر ( سامان یاسینی) کرماشانیش گەنجێکی تر لەو گۆرانی بێژانەیە کە لەسەر هونەرەکەی لەم رۆژانەدا دەستگیرکراو خرایە زیندانەوە. رۆژگارێک کە ئەم حکومەتە سەرکوتگەرە لەگۆڕنرا ئەوکاتە تواناو جێگەو ڕێگەی تۆماج و سامانەکان دەبینینەوەو لە حیکمەتی ئەو ڕاستیە حالی دەبین کە لە قۆناغی شۆرشگیرانەدا و لە هەناوی شۆرشدا چۆن یەک رۆژی ژیانی کۆمەلگا بە ئەندازەی یەک سالی لێوە فێردەبین و ئالوگۆر بەرهەم دێنێت... ئەگەر حکومەنی جمهوری ئیسلامی ئیران بەگۆر سپێردرا ئەوکانە ئەو ڕینێسانسە گەورەی کە لەناوچەکەدا دێتە مەیدان لە بواری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هونەریشدا دەبینین کە چ ئالوگۆڕێک ئەنجام دەدرێت و چۆن عەدنان کریم و گوگوشەکانیش خەلاقیەتیان شکۆفا دەکات، بۆیە جێگەی خۆیەتی هەموو ئەو هونەرمەندانەی کە لەبەرەی سکیۆریزمدا خۆیان دەبیننەوە بە تەواوی توانایانەوە پشگیری لەم خرۆشانانەی ئەمرۆ بکەن بێ هیچ چاوەروانی و پاداشتێک. بەلام دەبێت ئەوەش بڵێن کە تۆماجەکان تەنیا گۆرانی بێژو راپەرنین، ئەوان رابەرانی شۆڕشێکیشن کە ئێسقانیان لە نێو سەختەیەکانی ئەم رۆژانەدا هاراوە بۆیە پێویست دەکات یەک بەیەکمان لە نارەزایەتیەکاندا داکوکیان لێبکەین و وێنەکانیان بەرز راگرین، بەلی ئەلهەق ئەوان سەرمەشقی ئەو جیلەی کە ئەمرۆ بەدەستی خالیەوە سنگی خۆیان بە گولەوە دەنین، وەک ئەو گەنجە شکست نەخوادوانەی کە ژیان بە خەبات دەزانیت بۆ رزگاری و سەرفرازی کۆمەلگا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٢ی کوردی – نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

---






سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com